
سیمۆن سترەینجەر
و: سروشت عەبدوڵڵا
بەرزەخ

# یەکێتی ژنانی کوردستان

ناوی کتێب: بەرزەخ

وەرگێڕانی: سروشت عەبدوڵڵا ڕەووف

دیزاینی ناوەرۆک و بەرگ: تەحسین تۆفیق

هەڵەبڕی: ئارام ڕەشید

تیراژ: ٥٠٠

زنجیرە: ٦٣

چاپخانە: تەوار

چاپ: چاپی یەکەم

ژمارەی سپاردن: ٢٠٧٤

نرخ: ٥٠٠٠ دینار

# دەربارەی نووسەر

سیمۆن ستڕەینجەر ڕۆماننووسێکی نەرویجییە. لە ١٩٧٦/٠٢/١١ لەئۆسلۆی پایتەخت لەدایکبووەو دانیشتووی هەمان شارە. فەلسەفەو مێژووی ئاینیی لەزانکۆی ئۆسلۆ تەواوکردووە، لەشاری بیۆ (Bø) خوێندنی نووسەریی خوێندووە. وەك نۆزدە ساڵێك، لەگەڵ هاوڕێیەکیو باوکی هاوڕێکەی، بە بەلەمێکی چارۆکەداری بچووك بەماتۆڕێکی شکاوەوە، گەشتی دەریایی لەفەڕەنساوە بۆ دورگەکانی کاریبیی کـردووە کە ڕەنگدانەوەی لەکتێبەکانیدا دەبینرێت.

نووسەر خاوەنی حەوت کتێبە، کە بۆ منداڵانو گەنجان نووسراونو بۆ هەشت زمان وەرگـێڕدراون، لەوانە: عەرەبی، یابانیو کۆرییو... یەکەم ڕۆمانی لەساڵی ٢٠٠٣ دا بلاوکرایەوە بەناوی «Den veven av hendelservi kaller verden» واتە «ئەو تۆڕی ڕووداوانەی بەدونیا ناویان دەبەین»، و کۆتا کتێبی لەپایزیی ٢٠١٢ دا دەرچوو بەناوی «En fremmed i verden»واتە «بێگانەیەك لەدونیادا».

لە ٢٠٠٦ دا خەلاتی باشترین کتێبی منداڵان-گەنجانیو وەرگرت بۆ کتێبی (Gjengangeren)

لە ٢٠٠٩ دا بەرزەخ پاڵێورای ARK بوو بۆ باشترین کتێبی گەنجان. کە خەڵاتێکی وێژەییە بۆ باشترین کتێبی منداڵان و گەنجان، کە لەلایەن زنجیرە کتێبفرۆشی ARKەوە دابەشدەکرێت و لەلایەن زیاتر لە ١٠٠٠٠ خوێندکارانی پۆلی ٥، ٦، و ٧ ەوە دەنگی پێدەدرێت.

# دەربارەی بەرزەخ

بەرزەخ چیرۆکێکە دەربارەی چاوپێکەوتنێك لەنێوان دوو جیهاندا. دەربـارەی ئێمیلیەی تەمەن پانزە ساڵ لەنەرویجەوەو ساموێلی تەمەن هەژدە ساڵ لەگاناوە.

وەك زۆربەی هەرزەکارەکان، ئێمیلیە سەرقاڵە بەشێوازی دەرکەوتنی جلوبەرگ و لەش و لار و گەرمۆکە وزەکانەوە. بەڵام ئێمیلیە لەسنوور تێدەپەڕێت. هەموو رۆژێك وەرزش دەکاتو تا بتوانێت کەم نان دەخوات. هەموو ژەمێکی بەهاوشێوەی جەنگێکە.

ئێستا ئێمیلیە لەگەشتە لەگەڵ خێزانەکەی لە «گران کەناریا». دوای نانی چێشتەنگاو دەچێت بۆ راکردن. لەهەمانکاتدا بەلەمێك بەکۆمەڵێك کۆچکەری ئەفەریقییەوە بەشەپۆلی زەریادا رێ دەکات، کە تەنها چەند کیلۆمەترێك لەئێمیلیەوە دوورە. سەرنشینانی ئەو بەلەمە، مرۆڤگەلێکن کە هەموو شتێکیان کردۆتە قوربانی لەپێناو دەستپێکردنی ژیانێکی تازەو باشتر لەئەوروپادا. یەکێك لەو کۆچبەرانە ساموێلە.

بەم زووانە ژیانەکانیان پێکدەگەنو بۆ هەمیشە دەگۆڕدرێن.

بەرزەخ لەئێستادا لەهەشت وڵات دەفرۆشرێت: نەرویج، سوید، دانیمارك، ئەڵمانیا، کۆریای باشور، فەڕەنسا، بەڕازیلو فەڵەستین.



# بەشی یەکەم

## ١

### ئێمیلیە

دەتوانرا ئەم گێڕانەوەیە لێرەوە دەست پێبکات، بەدەنگی ئارامی شەپۆلەکان کە بەر کەنار دەریاکە دەکەون، لەئێوارەیەکی درەنگدا، لەگران کەناریا (ئیسپانیا). ئەتوانرا بەچێشتخانەی سەر شۆستەکان دەستپێبکات، بەمۆمەکانو دارخورماکانی کەنار دەریاکە. بەمناڵی خەوتوی ناو عەرەبانەی مناڵو دەستی عاشقان کە دەست لەناو دەست پیاسە دەکەن. بەو مۆسیقایانەی کە لەقاوەخانەکانەوە شەپۆل دەگرن. بەئێوارەیەکی درەنگی گەرمو ئارام لەگران کەناریا.

شتێك هەموو ئەمانە دەبڕێت. چەند کەسێك دێن بەراکردن بەناو شەقامەکاندا. کچێکی لاوازو سپی پێست، لەتەمەنی نزیکەی پانزە ساڵدا،

بەفرێکی کاڵەوە کە بەرز بەستوویەتی، کوڕێکی ئەفەریقی کەمێك گەورەتر بە تیشێرتو پانتۆڵێکی جینزەوە، دەستی یەکتریان گرتووەو هەوڵی قوتاربوون دەدەن لەپۆلیسێك کە بەدوایانەوەیە. بەلای دوکانە بچووکەکانو قاوەخانەکاندا رادەکەن، دەگەنە خوارەوە لای شوێنی پیاسەی کەنار دەریاکە. گەشتیارەکان پاڵ دەنرێن بۆ قەراغی شەقامەکەو شپرزە سەیری دەوروبەر دەکەن. پۆلیسەکە هاوار دەکات کە دەبێت ئەوان بوەستێنرێن، کچەکە بەخێرایی لەسەروو شانیەوە سەیر دەکات تا بزانێت چەندێك پۆلیسەکەی لێوە دوورە.

- ئێمیلیە...؟! ژنێك بەتۆقاوییەوە لەشۆستەکەوە هاوار دەکات، بەڵام دوو گەنجەکە ناوەستن. تەنها بەردەوام دەبن لەڕاکردن، دوو هاوسەری خانەنشین تێدەپەڕێنن کە وەستاونو سەیری دەریا دەکەن. پاشان دوو گەنجەکە باز هەڵدەدەنە خوارەوە بۆ سەر لمی کەنار دەریاکە. پۆلیسەکە بەدوایاندا بازدەداتو بەقورسی ئەنیشێتەوە سەر لمەکە پێش ئەوەی هەڵبسێتەوەو بەردەوام بێت لەڕاونانیان. خەڵك وەستاون لەخواردن. وەستاون لەقسەکردن. تەنها وەستاون بەدرێژایی شەقامەکەو تەماشای ئەو دوو گەنجە دەکەن کە رادەکەن. سەیری لمەکە دەکەن کە هەنگاوەکانیان بەقاچیانەوە بەرزی دەکاتەوە. شەپۆلە رەشەکان دەڕژێنە کەنار دەریاکەو پۆلیسەکە نزیکترو نزیکتر دەبێتەوە.

★

بەڵام چیرۆکەکە لێرەوە دەستی پێنەکرد. چەند رۆژێك پێشتر دەستی پێکرد، لەچێشتخانەیەکی کەنار دەریایی گران کەناریا. برا بچووکەکەی،

سبەستیانی دە ساڵ، دانیشتبوو و پەتاتەی سورەوەکراوی دەکردە کەتچەپەوەو شکڵو شێوەی پێ دروست دەکرد لەسەر قاپەکەی. ئێمیلیەش وەك هەمیشە دانیشتبوو و تەنها بژاری خواردنەکەی دەکرد، لەکاتێکدا دایكو باوکی خۆیان تێر دەکرد بەخواردنی هەموو قاپە بچووکەکانی تاپاسو گفتوگۆیان دەکرد. باوکی ناوی جۆن-ەو لەداکبووی لیۆن-ە لەفەرەنسا. هەربۆیەش منداڵەکان رێك ئەو ناوانەیان هەیە. بۆئەوەی بەفەرەنسیش بتوانرێت بوترێن. باوکیان قژی رەنگ تاریکەو مامۆستایە لەخوێندنگەیەکی فەرەنسی لەئۆسلۆ. دایکیان ناوی لیسا-یەو پرۆفیسۆرە لەزانکۆ. ئێمیلیە بەتەواوەتی نازانێت دایکی ئیشی چییە. تەنها ئەوەندەی کە دەربارەی چاخە دێرینەکانە. دەربارەی لێکۆڵینەوەی گۆزەی کۆنو زمانی مردووە. پێشتر پێی وابوو ئەوە شتێکی ناخۆشە، کە دایکی دوا نیوەڕوانو ئێواران ئەوەندە ئیشی دەکردو لێوەی دوورە. ئێستا پێی وایە کە ئاساییە. بەدووریی دایکی، دەتوانێت زیاتر سەربەخۆ بێت.

ئێمیلیە پاڵی بەکلۆ پەنیرەکانو ئادفۆکادۆکانەوە دەنایە دەرەوەی زەڵاتەکە بەرەو قەراغی قاپەکە. دواتر بەوریاییەوە قەدی کلینێکسەکەی دەکردەوە، لەکاتێکدا باوکی ئەنوشتایەوە بۆ خواردنی پارچەیەك گۆشت، پاڵی بەیەکێك لەپارچە ئافۆکادۆکانەوە نایە ناو کلینێکسەکەوە. کەس هیچی نەبینی. بیزانیبایە ئادفۆکادۆ لەزەڵاتەکەدا هەیە هەرگیز داوای نەدەکرد. بیری دەکردەوە کە خەڵك نازانێت چەندێك چەوری لەئادفۆکادۆدا هەیە. ١٩،٥%. لەکاتێکدا گێزەر تەنها لەسەدا ٠،٢%ی تێدایە، بەهەمانشێوەی برۆکلی. ئەوە خەیار بەدڵنیاییەوە براوەیە، بەڵام مرۆڤ تێرنابێت بەخەیار. بەڵام بەبرۆکلیو تەماتە تێر دەبێت.

شاگردەکە بەسینیەك تاپاسی ترەوە هات. باسرمەی بچووك بەتۆپەڵە چەوری بچووکەوە. تۆپە پەتاتەی هەڵشێلراو و سورەوەکراو کە ڕۆنی لێدەچۆڕێت. تۆپەڵە گۆشت. هەشتپێی ئامادەکراوی شێوە بازنەیی. هەر هەمووی نوقمکراون‌و سورکراونەتەوە لەدەریایەك ڕۆندا. نەیدەتوانی تێبگات کە خەڵکی ئەوانە دەکەنە گەدەیانەوە. نەیاندەزانی چی لەلاشەیان دەکات؟ لەبۆریە خوێنەکان‌و توێژە چەوریەکان؟ بیریان لەوە نەدەکردەوە کێشیان چەندێك زیاد دەکات لەنێوان نانی نیوەڕۆو ئێوارەدا، کاتێك کە تەنها لەسەر کورسی بەر خۆرەکاندا پاڵ دەکەوتن‌و سورهەڵدەگەڕان‌و دەسووتان؟ ئاشکرایە نەخێر.

بەردەوامبوو لەهێنانەدەرەوەی کلۆ پەنیر و پارچە ئادڤۆکادۆکان بۆ ناو کلینێکسەکەو بەنیازبوو قەدی بکات، لەوکاتەدا باوکی سەیریکرد. بەئانیشکی کلینێکسەکە تۆپەڵکراوەکەی شاردەوەو بەردەوامبوو لەخواردن وەك ئەوەی هیچ رووی نەدابێت، بەڵام دیاربوو باوکی تێبینی ئەوەی کردبوو کە شتێك هەیە. نیگایەکی کورت‌و گوماناویی تێگرت، پێشئەوەی قاپێکی گۆشتی بەرازی ئیسپانی‌و پەنیری کردە بەردەم لەگەڵ مایۆنێسی سیر، کە ئێمیلیە تەنها بەسەیرکردنی پێکهاتەکانی دەیتوانی ڕێژەی چەوریەکەی بخەملێنێت.

- سەیری ئێرە بکە. تۆزێك هەڵبگرە «ما شێغی» (ئازیزم)، باوکی بەفەرەنسی وتی. پێشتر وای پێ نەدەوت. هەمیشە بە «شێغی بول» (خرەی ئازیزم) بانگی دەکرد. لەزۆر رووەوە بانگکردنێکی شیرین بوو. پێشتر کە خوتوکەی ژێر باڵی دەداو قرنوچی لەلاکانی دەگرت، ڕاهاتبوو بڵێ خرەی ئازیزم.

بەوشێوەیە دەیتوانی پیشانی بدات کە خۆشیدەویت، بەرزیدەکردەوە، یاری و گاڵتەی لەگەڵ دەکرد.

لەهەمانکاتدا ئـەو نـازنـاوە شتێکی تـری لەخۆگرتبوو، هەرچەندە ئێمێلیە دەیزانی باوکی مەبەستی ئەوە نییە. شتێکی لەژێردا بوو. کە ئەو خرەڵەیە. چەوریەکی بچووکە. ئەو راستی دەکرد. نازناو بەگشتی شتێك یان زیاتری دەپێکا، ئەگین بەهەمان خێرایی ون دەبوون کە پێی دۆزراونـەتـەوە. بەراستی خرەڵەبوو. بۆ نمونە لەوێنەیەکدا کە باوکی لەیادی لەدایکبوونی دوانزە ساڵیدا گرتبووی، دەتتوانی بەروونی ببینی چۆن چینە چەوریەکان لەسەروو قەراغی پانتۆڵەیەکەوە دەرپەریون کاتێك کە خۆی کێشاوەتەوە بۆ سوپاسکردنی هاورێیەکی، کە دیاریەکی بۆ هێنابوو. گوپەکانی خر بوون، رانەکانی پەستانیان خستبووە سەر پانتۆڵەکەی کە لە «مس سێکستین» کردرابوو. ئیتر بەوجۆرە نەبوو. چەند ساڵێك بەسەر ئەوەدا تێپەریبوو کە رانەکانی بەر یەك بکەون لەکاتی رۆشتندا، ئێستا لەکۆتاییدا بەوشێوەیە بوون کە دەیویستن. وەك ئەوەی لەهەر گۆڤارێکدا دەیبینیت. وەك لە ماگ یاخود گۆپ-دا.

هەرچۆنێك بێت لەسەرەتاوە ئەوە باوکی نەبوو وای لێبکات بۆی دەربکەوێت کە دەبێت شتێك بکات لەجەستەی خۆی. کورێك بوو لەقوتابخانە. کورێك نا کە ئێمێلیە گرنگی پێدەدا، بەڵام هەرچۆنێك بێت. لەسەر کورسیەك لەحەوشەی خوێندنگە دانیشتبوو و شیرینییەکی دەخوارد بەکاستەر و تۆزی شەکرەوە. کاتێك کورەکە بەلایدا تێپەری بەجانتاکەیەوە، کە دابووی بەشانێکیدا برۆکانی بەرزکردەوەو دەستی راکێشا بۆ شیرینییەکەی.

- زۆرت لەوانە نەخواردووە؟ بەگاڵتەجارانە وتیو گوپی پڕکرد لەهەوا.

بۆ ئێمێلیە ئەوە وەك بێداربوونەوە وابوو. ئەم ڕستە سادەیە وایلێکرد کە چیتر مناڵ نەبێت، دەستیکرد بەبینینی خۆی لەدەرەوەڕا. دەستیکرد بەبیرکردنەوە لەوەی لاشەی چۆن دەردەکەوێت، بە چ جلێکەوە دەڕواتو قژی چۆنە. بێداربوونەوەیەك.

پاشماوەی پارچە شیرینیەکەی کردە ناو کیسە نایلۆنەکەوە، هەستیکرد چەندێك تەریق بووەتەوە. کورەکەی پۆلی بەرامبەری بەردەوام بوو بۆ دەرەوەی دەرگاکەو دیارنەماو بەزوویی هەموو ڕووداوەکەی بیرچووەوە. ئێمێلیە لەیادی نەکرد. بەتەنها لەسەر کورسیەکە مایەوەو هیوای دەخواست شیتەڵ بەهەوا ببێت، هەڵم بکاتو دیار نەمێنێت. دانیشتبوو بەنایلۆنەکەوە لەکۆشیداو سەری داخستبوو، بۆ یەکەمجار بۆیدەرکەوت کە دەبێت شتێك لەجەستەی خۆی بکات، کە لاشەی بەپێی پێویست باش نەبوو. پاشماوەی شیرینیەکە لەنایلۆنەکەوە دیاربوو. چینە چەوریەکانی لەبلوزەکەیەوە دەردەکـەوت. بەپەلە ڕایکردە لای تەنەکەی خۆڵەکە، کیسەکەی فڕێداو وردەی گوێزهندیو تۆزی شەکرەکەی سەردەمی تەکاند. پاشان ڕۆشتە یەکێك لەتەوالێتەکانەوەو بلوزەکەی لەبەردەم ئاوێنەکەدا هەڵکردو لەجەستەی ڕاما، بەچاوێکی نوێو بێگانەوە. چاوێك کە هەمووی دەخەملاند لـەدەرەوەڕاو دەیتوانی بەهەمانشێوە سەرزەنشتیشی بکات. ئاوێنەکە دەیوت کە لەوەدابوو تەواو قەڵەو ببێت، خەپە، خڕە.

لەو ڕۆژەوە دەستیکرد بەوەرزشکردن. دەستی کرد بەنەرمە ڕاکـردن. لەوەرزشدا چالاك بوو و ڕۆژانە دوای خوێندنگە وەرزشی دەکرد. دایكو

باوکی لەسەرەتادا پاڵپشتیان دەکرد، لەوشێوازە ژیانە نوێو چالاکەی ڕازی بوون. بەدڵنیاییەوە دڵخۆش بوون کە تەندروستتر دەیخوارد، جەستەی زیاتر بەکاردەهێناو کەمێك لەکێشی دابەزی، بەڵام دواتر کە کیلۆ بەکیلۆ لەکێشی کەم دەبۆوە، ئیتر لەپیاهەڵدانی وەستان. بەتایبەت باوکی. تێڕوانینی نیگەرانیی بچووك بچووك جێی هاواری پشتگیرییەکانی گرتەوە کە دەڕۆیشت بۆ ڕاکردن، تاوەکو بەشێوەیەکی ئاشکرا چاودێری خواردنەکانی دەکرد، هەروەك ئەم ئێوارەخوانەی گران کەناریا. تێڕوانینێکی خێراو پڕ پرسیار، لەوە زیاتر نا. ئێمێلیە هیچی بۆ نەمایەوە ئەوە نەبێت قاپەکە لەدەستی باوکی وەربگرێتو بەدوودڵیەوە بەپەنجەکانی پارچەیەك گۆشتی بەراز هەڵبگرێت. بەهەرحاڵ شتی زۆر زیاتر هەبوو لەژێر ئەو ڕووکەشییەوە. زۆر زیاتر ئاڵوگۆڕ بوو، بەپلانێکی نەبینراو، ئەگینا گوفتوگۆکە خۆی لەڕاستیدا بەمشێوەیە بوو:

- پێویستە لەسەرت شتێك بخۆیت کچی خۆم. زۆر زیاد لەپێویست لاواز بوویت. خێرا شتێك لەسەر ئەم قاپە بەرە. گەرنا ناچار ئەبم شتەکە بۆ هەموومان ناخۆش بکەمو جارێکیتر باسی بابەتەکە بکەمەوە. باشە؟

بەبردنی ئەو بڕە خواردنەی کە هەر دەبوو بیبات، قوتار دەبوو. ئەو جوڵە کورتەی دەستی بۆلای قاپەکە واتای ئەوە بوو کە:

- باشە. ئەوە دەکەم کە ئەیڵێت. هەرچەندە ئارەزووم لێی نییە. تەنها بۆ ئەوەی دڵخۆشبیت. ئێستا ڕازیت؟!

پارچەیەك سەموونو پارچەیەك گۆشتی بەراز. تەنها پارچە سەموونێك

بەس نەدەبوو. ئێمیلیە خۆی باش دەیزانی، باوکی دەیویست کرێمی پێوە بکات، هەروەك ئەوەی چەند مانگێك پێشتر لەماڵەوە لەبارووم روویدا. کێکی گۆشتیان لەساوسی قاوەییدا دەخوارد لەگەڵ پەتاتەو سەوزە، باوکی ئێمێلیەی لەقافاگرت کە ویستی لەسەر مێزەکە بڕوات لەکاتێکدا کە زیاد لەسەوزە هیچی تری نەخواردبوو. کێکە گۆشتەکەو ساوسەکەی خستبووە لایەکی قاپەکەوەو هیچیتر. باوکی کەوچك و چەتاڵەکەی دانا.

باوکی بەهێواشی وتی دانیشە ئێمیلیە.

- چییە؟

بەکورتی وەڵامی دایەوەو قاپەکەی دانایەوە. خۆی وا نیشاندا کە تێبینی ئەو جدێتیەی نەکرد کە مێزەکەی دەتەنیەوە.

- ئێمیلیە، ئەوە خەریکی چیت؟ زۆر بەهێمنی پرسی. سبەستیان و دایکی هەردووکیان وەستابوون لەخواردن.

بێدەنگیی.

- پێتوایە چیدەکەم؟ پاس لێدەخورم؟

باوکی چاوی بڕییە ناو چاوەکانی.

– ماوەیەکە خواردن ناخۆیت. چی روو دەدات؟

- خواردن دەخۆم، ئێێێ! ئا سەیرێکی ئێرە بکە. لەهەمانکاتدا دەستی بۆ بۆشایی شوێنی سەوزەو پەتاتەکە راکێشا.

- خۆت دەزانی مەبەستم چییە ئێمیلیە. وەك جاران نان ناخۆیت.

- لەڕاستیدا پانزە ساڵم.

- ئینجا؟

باوکی پرسی.

- مانای ئەوەیە کە ئیتر دەبێت لەخواردن بوەستیت؟

- نا، بەڵام مانای ئەوەیە کە خۆم ئەتوانم بڕیار بدەم کەی برسیمەو ئارەزوی چیم هەیە بیخۆم.

- نا، نا، نا.

باوکی بەدڵنیاییەکەوە ئەمەی وتو هەستایە سەرپێ.

-ناتوانیت وا بکەیت. ناتوانیت وا کەم بخۆیت.

- باوکت بەتەواوی ڕاست دەکات ئێمیلیە...

دایکی دەستی پێکرد.

بەڵام ئێمیلیە پێی بڕی بەوەی کێکە گۆشتێکی دەرهێناو بەشێوەیەکی بەرهەڵستکارانەوە لەبەردەمیدا داینا.

- ئاوا. ئێستا ڕازیت؟

ئێمیلیە پرسی‌و پارچەکەی کردە دەمییەوە.

باوکی سەری بەڵێی بۆ لەقاند، هەموو بەردەوام بوون لەخواردن. وایانئیشاندا کە هەموو شتێك دیسان ئاساییە، هەرچەندە هەموویان دەیانزانی شتێك گۆڕدراوە. بەتایبەت ئێمیلیە و باوکی، ڕێکەوتننامەیەکی بێدەنگیان واژۆکرد لەو ڕۆژەدا. ڕێکەوتننامەیەك کە تیایدا باوکی هیچی نەدەگووت دەربارەی ئەوەی چەندو چی دەخوات، گەر ئێمیلیە هێندەی نزیکەی جاران بخوات. بەنەخواردنی کێکە گۆشتەکان هەنگاوێك زیاتر لەئاستی ئاسایی تێدەپەڕی، ئێستا سنوورەکە دەستنیشان کرا. ئەوە ئەم سنوورە بوو کە تێی پەڕاندبوو ئەم ئێوارەیە، لەچێشتخانەی ئێل پێسکادۆر لەگران کەناریا. بەخواردنی پارچە سەموونو گۆشتە بەرازەکە هاوسەنگییەکە هاوتا بووەوە.

باوکی ئەوەی مابووەوە لە «کۆرتادۆکە» (خواردنەوەیەکی گەرمە) خواردیەوەو داوای پارەی خواردنەکەی کرد پێش ئەوەی بڕۆنەوە سەر کەنار دەریاکە. گەڕانەوە بۆ ریزە دۆشەکی سەر دەریایی شینو چەتری خۆر، بۆ دونیایەك لەقەڵای لمین، خاولیو خەڵك کە سەریان گێژی ئەخوارد لەبەر خۆرەکە، لەقەراغ ئاوەکە تۆپیان هەڵدەدا بۆ یەکتر، یان بۆ دوور مەلەیان دەکرد لەو ئاوە شلەتێنەدا. سبەستیان دەمامکی ژێرئاو و پارچە بۆری هەناسەکەی لەجانتای کەنار دەریاکە دەردەهێنا، باوکیشی تیشیرتەکەی H&M ی لەبەر داکەندو لەسەر تەختی بەرخۆرەکەدا بەرۆژنامەیەکەوە پاڵکەوت. ئێمێلیە پێڵاوە هاوینەییەکانی لەپێ فرێدابوو و ئایپۆدەکەی گرتبوو بەدەستەوە، لەهەمانکاتدا وەستابوو و بیری لەوە دەکردەوە چی بکات. خۆی بداتە بەر خۆر؟ بچێتە ناو ئاوەکە؟ باوکی روویکردە ئەمانو ئاماژەی بۆ رۆژنامەکە کرد، بۆ ڕێپۆرتاژێك لەدوورگەکانی کەناریاوە. وێنە

سەرەکییەکە گروپێك کۆچبەری ئەفەریقی نیشان دەدا کە بەشەکەتی لەسەر کەنار دەریاکە پاڵکەوتوبوون، لەکاتێکدا کە ژنێکی سپی پێست لەخاچی سـوورەوە چەمابۆوە لـەلای یەکێکیانەوە. بەلەمێکی سادەو رەنگدار لەباکگراوندەکەدا دیاربوو.

باوکی وتی: ئەی خودایە.

پاشان ئاماژەی بەوە کرد.

- ئەوە ئارۆگوینەگوینە، کەمێك لێرەوە دوورە. بەدڵنیاییەوە نزیکەی سەد کەس دێن لەشەو و رۆژێکدا... لەبەلەمی زۆر بچووکدا.

سبەستیان جلەکانی داکەندبوو و خەریکبوو شۆرتی مەلەکەی لەپێ دەکرد کاتێك دایکی وەستاندی. تەربوو، دانەیەکی وشکی پێدا لەبەری بکات.

- زۆربەیان تەنها ئەنێردرێنەوە بۆ ئەو شوێنەی لێوەی هاتوون، بەڵام دووبارە هەوڵئەدەنەوە، باوکی بەردەوامبوو.

کەس هیچ کاردانەوەیەکی نەبوو. ئێمێلیە سەیری وێنەی کەمپێکی دەستگیرکردنی کرد بەپەرژینی ئاسنی دڕکـاویـەوە، گروپێکی گەورە لەکۆچبەری ئەفەریقی کە لەسەر زەوی دانیشتبوون، تێترنجاو لەنزیك یەکترەوە، دواتر سەیری دەریای کردەوە. باوکی هەستی بەکەمی کاردانەوە کردو لەکۆتاییدا پەڕەکەی هەڵدایەوە سەر دانەیەکی تر، بۆ سەر ریکلامی تەلەفیزیۆنی پلازما. ئەویش نەیدەزانی چی بکات. چی لەتوانایدا هەیە بۆ یارمەتیدانیان.

دایکی گراسە هاوینەییەکەی داگەندو لەسەر دۆشەکی کەنار دەریاکە پاڵکەوت. سبەستیان چووە خوارەوە بۆ ناو ئاوەکە. ئیمێلیە توانای ئەوەی نەبوو پاڵکەوێتو وەك هەویر هەڵبێت دوای نانی ئێوارە، بۆیە وتی بەنیازی رۆشتنە بۆ نەرمە راگردنێك. دایکی تەنها بەباشە وەڵامی دایەوە، لەکاتێکدا باوکی سەری بەڵێی بۆ لەقاندو داوای لێکرد زۆر زۆری پێنەچێت.

ئیمێلیە چووەوە بۆ هۆتێلەکەو جلەکانی گۆڕی بۆ تیشێرت، سترێج و پێڵاوی راگردن پێشئەوەی بڕواتە دەرەوەو دەست بەراگردن بکات. فرۆشکاگانی تێپەڕاند، بەهەڵگری پڕ پۆستکاردو میزەڵانی دۆلفین‌و تیمساحەوە. تێپەڕی بەلای پاسی هۆتێلەکان‌و هەموو گەشتیارە تازە هاتووەکان بەچاویلکەی هەتاوی‌و جانتای تایەدارەوە. بەتەنیشت قاوەخانەکاندا رایکرد، بەلای پیاوی بێ بلوس‌و سکی سوتاوی بەرخۆر، پەرداخی گەورەی بیرەدا تێپەڕی بەرەو رێگای دەرەوەی شارەکە. تەنها رێی بەقاچەکانی دەدا رابکەن، بەبێئەوەی بزانێت بەم زوانە دەیگەیەنێتە چی. بێئەوەی بزانێت کە هەموو پشووەکە، ئەو ژیانەی ئەم پێی ئاشنا بوو، بەم زووانە بۆ هەمیشەیی دەگۆڕدرێت.

# ٢

## بەلەمەکە

ئێمێلیە دوو ساڵ لەوەو پێش دەستی بەنەرمە راکردن کرد. بەدڵنیاییەوە پێشتر راکردنی کردووە، لەهۆڵی وەرزشی قوتابخانە، یان بۆ لای پاسەکە، بەڵام هەرگیز لەئێوارەاندا نا، لەکاتی بێئیشیدا نا. پێش ئەو ساڵە نا کە سیانزەساڵی پڕ کردەوە. یەکەم جارەکان بۆ دابەزاندنی کێش بوون، بۆ راکردن لەدەست خڕەڵەییەکە، بەڵام هەر دوای سێ چوار جار شتەکە گۆڕدرا. چیتر بیری لەوە نەدەکردەوە چۆن قاچەکانی بەرز دەکردەوە، یان چۆن دەبوو هەناسە بدات یان پێ هەڵبێنێتەوە. تەنها رایدەکرد. بیرکردنەوەش سەریهەڵدا لەگەڵیدا: شتی قوتابخانە، فیلمێك، گۆرانیەك کە شەو گوێی لێبووە، بەڵام دواتر هەموو ئەوانە دیارنەدەمان، رێخۆشی بۆ راکردنێکی پاك دەکرد. دەنگی هەناسەدانەکانی، ئاوازە یەکسانەکەی پێڵاوەکان دروستی دەکرد کاتێك بەر قیرەکە دەکەوت، وەك ئەوە

بوو هەنگاو بنێت دوور لەخانوو و ئۆتۆمۆبیلو مەشقو دایكو باوكی، جێیەكی كراوەی لەمێشكیدا دروست دەكرد. ئەمجارەش بەهەمانشێوە بوو، لەوكاتەدا چەقی ئەو شارە بچووكەی تێپەڕاندو چووە سەر ڕێیەكی چەوریێژ، كە بەرەو شاخێك درێژ دەبووەوە. ڕێگە چەوریێژێكی تەپوتۆزاوی بەجۆگەلە ئاوی وشك بووەوە لەهەردوو لاوەی، دەشتایی بەریزەدار زەیتونی لول خواردووەوە. سەخت تر دەبوو. رایدەكردو رایدەكرد. بۆ سەرەوەی زەوییەكەو چەند پێچاو پێچپێكو دەریا لەلایەكیەوە. دەریای شینو ئاسمانی شین. دوای بیست خولەك لەلای خانوویەكی وێرانەدا وەستا، كە لەبەرزییەك بەرەو دەریا دەیڕوانی. خۆی دەكێشایەوە لەكاتێكدا كە بەناو پەرژینەكەدا سەیری دەكرد. خانووەكە دیواری چیمەنتۆی چاك نەكراوی هەبوو، كیسە نایلۆن، گردبووەوەی چیلكەو چەواڵ، خۆڵ لای دیوارەكانەوە كەوتبوون. مریشكێك كە ئێمیلیەی بینی بەترساویەوە لەعەرەبانەیەكی یەك تایەی سەرنخوندا رایكردە دەرەوە.

ماتۆڕێك بەسێ تایەو دوایەكی بچووكەوە بەرەو خوارەوەی ڕێگاكە دەرۆیشت. پیاوێكی ریشنی لاواز بەجلی ئیشەوە ئیستۆپی گرتو چەند مەترێك لەمەوە دوور وەستا، ماتۆڕەكەی هەر ئیشی دەكرد.

-بەدوای یۆرگە-دا دەگەڕێیت؟ بەناو ژاوەژاوی ماتۆڕەكەوە هاواریكرد.

- نا نەخێر، تەنها لێرەدا وەستاوم بۆئەوەی... نەیدەدۆزیەوە بەخۆکشانەوە دەڵێن چی بەئینگلیزی، بۆیە ناچار ئاماژەی بۆ قاچی کرد کە لەسەر پەرژینەکە بوو. پیاوی ماتۆڕەکە سەری بۆ خانووەکە راوەشاند.

-ماسیگرە. بەدڵنیاییەوە بۆ چەند رۆژێك نایەتەوە.

پیاوەکە بەنزینی دا بەماتۆڕەکەو دەستی راوەشاند کە بەپێچەکەدا لێی خوڕیو دیارنەما. ئێمێلیە دەبەی خواردنەوەکەی لەجانتا کەمەریەکەی دەرهێناو کردیەوەو قومێکی لێدا. دواتر بەرێگاکەدا پەڕیەوەو بەرەو تولەرێگەیەك رایکرد کە دەیگەیاندە بەشێکی بچووکی کەنار دەریا لەنێوانی کەندەکاندا.

بەلەمێك.

بەلەمێکی بچووکی دار، پڕ پڕ لەخەڵکی ئەفەریقی. رێك وەك وێنەی رۆژنامەکە.

هەر پەنجا مەتر دوور بوو لەوشکانیەوە. بەهەرحاڵ زۆربەیان بێ جووڵە تیایدا دانیشتبوون لەکاتێکدا کە بەهێواشی نزیك دەبووەوە. سەرێك لەسەروو قەراغی بەلەمەکەوە بەرز بووەوە. کوڕێك لەنزیکەی تەمەنی ئەمدا چاوی پێی کەوتبوو و دەستی رادەوەشاند بەرەو وشکانی.

- ئەی خودایە، ئێمیلیە لەدەمی هاتە دەرەوە کاتێك بەتەنها وەستابوو لەسەر کەنار دەریاکە. ئەی خودایە. دواتـر ئەمیش دەستی بۆ ڕاوەشاندەوە.

# ٣

## ساموێل

بەلەمەکە بەهێواشی بەرەو وشکانی دەهات. ساموێل سەری بەرزکردەوەو سەیریکرد بزانێت لەکوێن. یەکەمجار تەنها کەندەکانی بینی، کەنارە لمینەکەو شەپۆلەکان کە شەپۆلیان بەرەو وشکانیی دەدا. ئینجا چاوی بەوکەوت. کچێکی گەنجی، ئەورووپی بەسترێجی تەسکی وەرزشی مۆدرێنەوە. هەرووەك لەتەلەفیزۆندا هەیە. لەکۆتاییدا. لەکۆتاییدا گەیشتن.

لەتەنیشت ئەووەوە هەموو کۆچبەرەکانی تر دانیشتبوون بەچاوی لێکنراو و لێوی وشکەوە. چەند رۆژ ئاوا دانیشتبوون؟ چەندێك بوو دوای ئەووەی کۆتا جار هیچ کامێکیان شتێکیان خواردبوو

یا خواردبۆوە؟ دەبوو وشەیەکی تایبەت هەبوایە بۆ شتێکی وا «گاڵتەجاڕانە»، لەهەموو روویەکەوە چواردەورت ئاو بێت، بەڵام تارادەی مردن تینووت بێت.

ساموێل لەیەکەم رۆژی کۆچیەوە بۆ هەر رۆژێـك هێمایەکی کێشابوو لەسەر بەلەمەکە، بەڵام لە ١٧ دا وازی لێهێنابوو. هیچ گرنگ لەلەژماردنیاندا نەبوو. ژماردنی رۆژەکان تا مردنی خۆت هیچ واتایەکی نییە. کۆچبەرەکانی تر بەتێژنجاوی لەلای یەکەوە دانیشتبوو، سەریان لەبەینی ئەژنۆکانیاندا بوو.

هەموو شتێکیان خستبووە مەترسییەوە. ماڵئاواییان لەهەموو ناسیاوەکانیان کردبوو. ئێستا لەوێ بوون. لەشسووکی جەستەی ساموێل-ی دەتەنیەوە. گەیشتن. رزگاریان بوو.

★

گەشتەکەی ساموێل زۆر لەپێشتر دەستی پێکردبوو. چەند ساڵێك لەوەوپێش دەستی پێکردبوو، لەقاوەخانەیەك لەشاری لەدایکبوونەکەی. قاوەخانەی پاریس. لـەوێ مـناڵو گـەورە بەتەنیشت یەکەوە لەسەر زەوییەکە دادەنیشتنو سەیری زنجیرە درامای ئەمەریکییان دەکرد. سەیری فرێندس. ساینفێڵد. ئالی ماکبیل. زنجیرە دراما بەمرۆڤی جوانو گەنجەوە. بەخانوو و

شوقەی قەشەنگو جلی گرانبەهاوە. سامویل لێرە پێشبینییەکانی لەمێشکیدا دروست دەبوون. پێشبینی ئەوەی کە جیهانێکی دیکە هەیە جگە لەوەی خۆی لێوەی هاتووە. جیهانێك لەپۆشتەو پەرداخیی، رێك لەودیوی زەریاکەوە. ئەمە دواتر پشتڕاستکرایەوە، کاتێك کە وێنەیەکی پورزا کۆچکردووەکەی بینی کە لەسویدەوە ناردبویەوە. پورزاکەی لەبەردەم ئۆتۆمۆبیلە نوێکەیدا وەستابوو و زەردەخەنەی بۆ کامێراکە دەکرد. پانتۆڵو تیشێرتێکی لەبەردابوو لەوجۆرانەی کە لە گانا دەست ناکەوێت. لەپشتیەوە دوو کچ هەبوون بەپێڵاوی بن بەرزو جانتای بچووکەوە کە لەشانیانەوە درێژ هاتبونە خوارەوە. وێنەکە تیشکی دەخستە سەر دەوڵەمەندێتی، هەر لەهەڵبژاردەی جۆری بەردی شۆستەکەوە، یان ئەو شێوازە سەیرکردنەی یەکێك لەکچەکان کە سەیری کامێراکەی پێدەکرد. تەماشاکردنی تاکێك کە نازانێت پێویستبوون چییە، یان ئەتوانێت چی لەمرۆڤێك بکات.

سامویل بەنیوەیی لەبەلەمەکەوە هەستاو دەستی بۆ کچەکە بەرزکردەوە کە لەسەر کەنار دەریاکە وەستابوو. وادیاربوو کە لەهەمان تەمەنی ئەمدایە. باڵابەرز، بەژن رێكو قژی بە بەرزی بەستبوو.

-سلاو؟

ساموێل بەئینگلیزی هاواریکرد.

– دەتوانیت یارمەتیمان بدەیت؟

وادیاربوو کچەکە بۆ چەند چرکەیەك دوودڵ بوو. وەك ئەوەی بڕوا بەوە نەکات کە دەیبینێت، یان نەزانێت پێویستە چی بکات.

# ٤

## ماڵئاوایی

زیاتر لەمانگێك بەسەر خۆكۆكردنەوەو گەشتەكەی ساموێلدا تێپەڕیبوو. پێیوابوو كە دایكی هەوڵی ڕێگرتنی دەدات، هەوڵدەدات بیركردنەوەی لەسەر بابەتە بگۆڕێت. وای نەكرد. بەپێچەوانەوە وا دەردەكەوت چاوەڕێ بوبێت كە ئەم پرسیاری ڕۆیشتن بكات. كە هیوای خواستبێت ساموێل بڕوات بۆ ئەوروپا، ئیشێكی دەست بكەوێتو پارە بۆ خێزانەكەی بنێرێتەوە لەگانا، وەك پورزاكەیو كوڕی سەر سوچی كۆڵانەكە.

دایكی لەچێشتخانەكەی ماڵەوە وەستابوو. لەشولاری لاوازو ئێسك بەدەرەوەبوو بوو، بەهۆی ئەو هەموو ئیشكردنانەی لەسەر زەویەكان، ئەو كاروانانەی بۆ ئاوهێنان لەبیرەكە دەیكردن. ساموێل

لای مێزەکەوە دانیشتو پەتاتەی شیرینی پاك دەکردەوە لەکاتێکدا دایکی لەلای تەباخەکەوە وەستابوو.

- دایکە؟

- بەڵێ؟

دایکی ئاوڕی نەدایەوە، بەڵام بەردەوام بوو لەتێکهەڵدانی شۆرباکە. تاسکەبابییەکی نەریتیی گانا بەتەماتەو برنجو ماسییەوە.

- بڕیاری شتێکم داوە، سامۆیڵ بەردەوام بوو.

-ئممم؟

-ئەمەوێ گەشت بکەم.

دایکی ئاوڕی بۆدایەوە، لەتێکهەڵدان وەستا. بڵێسەیەك لەتەباخەکەوە کەوتە خوارەوەو قاچی پێدانا، بەپێی پەتی.

- بۆ کوێ سامۆیڵ؟

بۆ ئەوروپا.

هەناسەیەکی قوڵی هەڵژیو ئاوڕیدایەوە بۆ شۆرباکە.

- دڵنیایت؟

بەهێواشی پرسیاری کرد.

ساموێل سەری بەلێی لەقاند.

- یارمەتیت دەدەم، کوڕی خۆم.

ئەو توانای دارایی ژیاندنی ساموێلی نەبوو. نەیدەتوانی بیژیەنێت بەسێ خوشكو برای تـرەوەو پیاوێکیش کە توانای ئیشکردنی نەمابوو لەکێڵگەی کاکاودا. لەوکاتەوەی ساموێل لەبیریێتی باوکی لەکێڵگەکە ئیشی کردبوو. شەش ڕۆژ لەهەفتەیەکدا دروێنەی کاکاوی دەکرد لەبەر تیشکی خۆر، بەبێ ئەوەی گلەییەك بکات. ڕۆژێك چەند کاتژمێرێك درەنگ هاتەوە. داسی دروینەکەی دابوو لەقۆڵیو ئەبوو بڕوات بۆلای پزیشك بۆ چارەسەرکردنی. لەکۆتاییدا برینەکە بەرەو باشتربوون چوو، بەڵام قۆڵی هەرگیز وەك جارانی لێنەهاتەوە، خێزانەکە بەخێوکەرو مووچەی سەرەکییان لەدەستدا. دوای چەند مانگێك ساموێل چووبوو بۆ پایتەختو وەك فرۆشیاری سەرشەقام کاری کـرد. شانە، قەڵەمو جگەرەی دەفرۆشت بەو ئۆتۆمۆبیلانەی کە لەفولکەکاندا دەوەستان. لەفرۆشتنەکانی، تەنها بڕی ئەوەی دەستدەکەوت کە بتوانیت پێی بژی، بەڵام هیچ زیاتر نا. ژیان لەوێ زیاد لەپێویست قورس بوو. خەڵکەکە لەکابینەی پچوکدا دەژیان، دوو دوو یان سێ سێ بەیەکەوە، لەسەر موقەبای تەخت یا لەسەر بەڕەی پیس دەخەوتن. کاتێك لەخەو هەڵدەستان هەموو جەستەیان ناڵەی دەهات لەئازاردا. بەبێ خواردنی نانی

بەیانی دەچوو بۆ سەر شەقامەکان، دەمەبۆڵەی لەسەر باشترین دووریان دەکرد. ئەوکەسەی کە بەهێزترین بوو یاخود شوێنەکەی بۆ درێژترین ماوە لابوو، مافی سەرەکی هەبوو. ئەوانەشی کۆتا کەس هاتبوون، ئەو شەقامانەیان بەردەکەوت کە کەمترین ترافیکی لەسەربوو. وەکو ساموێل. زۆرجار دە کاتژمێر کاری دەکرد بەبێ ئەوەی نزیکەی هیچ شتێك بفرۆشێت، هیچ شتیك بخوات. دوای ساڵێك ئەکررا-ی بەجێهێشتو ئیشی لەدەواجنێکی مریشکدا دەستکەوت لەلای خزمێکی دوور هەر لەوڵاتەکەدا. چەند مانگێکی خایاند، هەندێك پارەی پاشەکەوت کرد، پاشان ئەوەی کە ئەبوو لەوێش وازبهێنێت. خاوەنەکەی چیتر گۆشتەکانی بۆ نەدەفرۆشرا، بەهۆی رکابەرایەتیکردنی جوتیارانی رۆژئاواوە.

ساموێل پارەکانی لەگەڵ خۆی هەڵگرتو گەڕایەوە بۆ ئەو خانووە بچووکە ناتەندروستە کە رۆژێك لەرۆژان تیایدا گەورە بووبوو. دوای چەند رۆژێك بەپاس چوو بۆ قاوەخانەیەك کە هەمیشە ناسیاوێکی کۆنی لێبوو. پیاوێکی کۆلکە تاوانبار کە پاسپۆرتی ساختەی دروست دەکرد. دەیتوانی هەموو شتیکی بۆ بکات، وەك خۆی دەیگووت. ناسنامەیەکی نوێو جێگەیەك لەئۆتۆمبیلێك کە تا بیابانی ببات. پورزاکەی بەوشێوەیە گەشتی کردبوو. بە بەشێکی گەورەی بیاباندا بەپێ رۆشتبوو، بەبەلەم تا ئیتالیا، لە کۆتاییدا لەسوید مۆڵەتی مانەوەی وەرگرتبوو. یەکێك لەدەوڵەمەندترین وڵاتەکانی جیهان. «ئەو خەڵکانەی لێرە هەژارن، وەك پاشا وان لەنیشتیمان» لەیەکێك

لەنامەکانیدا نوسیبووی. ئێستا نۆرەی سامویل بوو. جزدانەکەی کردەوەو پارەی دا. نزیکەی هەموو ئەوەی ساڵی پێشوو پەیدای کردبوو. دواتر رۆشتو بەدایکی گووت، کە دیسان لەچێشتخانەکە بوو و خواردنی دروست دەکرد. هەستاو چووە لای دایکیەوە، باوەشێکی پیاکرد.

- سوپاس دایکە.

دایکی دەستە بەتاڵەکەی بەرز کردەوەو دەستی هێنا بەپشتەملی سامۆیلدا. سامۆیلیش بەوریاییەوە لەدایکی بووەوە.

- یارمەتی دارایيت دەدەم، دایکی پێی گووت. رۆشتو پاکەتێکی بچووکی لەژووری نوستنەکە هێنا. کردیەوەو سەفتە دۆلارێکی دەرهێنا. سەفتەیەکی قەڵەو. سامویل بەسەرسورمانەوە تەماشای دایکی کرد.

- ئەمە ئەو برە پارەیەیە کە منو باوکت ئەم چەند ساڵەی پێشوو پاشەکەوتمان کردووە، بەجدی یەوە وتی.

— ئەمە بۆ کاتی پیرێتی خۆمانم هەڵگرتبوو، بۆ یارمەتیدانی ئێوە کاتێك کە بتانەوێت جیاببنەوە.

- بەڵام دایکە، ئاخر!

سامویل دەستی پێکرد. نەیدەویست وەری بگرێت. دایکی هەر

سەری نەریی بۆ دەلەقاند.

- بـڕوام پێبکە، ساموێل. پێویستت پێی دەبێت. باشترە کاتێك بماندەیتەوە کە لەتواناتدا بێت.

دایکی راستی دەکـرد. پێویستی پێی بوو، بەڵام دەیویست دواتر وەریبگرێتەوە، بەدوو ئەوەندەو سێ ئەوەندەی ئەوەی کە دابووی بەساموێل، بەس بگاتە ئەوبەر. بگاتە ئەورووپا.

★

رۆژی دوایـی ساموێل زوو لەماڵ چووە دەرەوە. خۆر لەسەروو شارەکەوە دەدرەوشایەوە. ئۆتۆمبیلێکی گەورە بەبزنەوە تێپەڕبوو. پێش ئەوەی ساموێل لەکۆتایی کۆڵانەکەدا تێپەڕبێت، ئاوڕیدایەوە بۆ تەماشاکردنی ماڵی منالیی بۆ کۆتاجار. لەپڕدا جدێتی بابەتەکە بەمێشکیدا تەنییەوە، کە لەوانەیە هەرگیز جاریکیتر نەگەڕێتەوە. لەوانەیە هەرگیز هیچ کام لەهاوڕێکانی یان ئەندامانی خێزانەکەی نەبینێتەوە. رەنگە ئەمە کۆتاجار بێت، بەبێئەوەی ماڵئاواییەکی شایستەی کردبێت. لەهەمانکاتدا دڵخۆشی داهاتوو بوو. لەکۆتاییدا خەریك بـوو لـەم هەژارێتییە رزگـاری دەبـوو. لەدەست کەمی هەمووشتێك دەربازی ببێت، بۆ وڵاتێك بڕوات کە توانای بنیاتنانی داهاتوویەکی تیادایە. شوێنیك کە مرۆڤ بتوانیت لەکارێکەوە

موچەیەکی باشی دەست بکەوێت. شوێنێك لێی نیشتەجێ ببێت. ژیانێك. دواتر دەیتوانی بگەڕێتەوە، دوای چەند ساڵێك، دوای ئەوەی پارەیەکی باش پاشەکەوت دەکات. لەوە قورسترو خراپتر نییە. چەند ساڵێکەو دواتر دەتوانێت بۆ پشوو بگەڕێتەوە. هەناسەیەکی قوڵی هەڵمژی و ئاوڕی دایەوەو بەردەوامبوو لەڕۆشتن.

زۆرێکیتر لەقاوەخانەکە دانیشتبوون و چاوەڕێیان دەکرد، کە سامویێل دەرگاکەی کردەوە. کەشی ژوورەکە هەستبزوێن بوو. پڕ لەهیوا. سڵاوی لێکردن. دوو کوڕی دیکەی نزیك بیست ساڵان، پیاوێك کە شەش-حەوت ساڵ گەورەتر بوو و بەئاشکرا دوودڵ بوو. پیاوێك لەگەڵ ژن و مناڵدا دوای ئەم هات. کوڕێك و کچێکی نزیك دە دوانزە ساڵ. دواتر ئۆتۆمبیلە گەورەکە هات کە ئەوانی دەگواستەوە، مینی پاسێکی تۆیۆتای ژەنگ کردوو کە رۆژێك لەرۆژان سەوز بووە. لەکورسیەکانی دواوە دانیشتن و دوور لەهەمووشتێك رۆشتن. لەشارەکەی، لە خێزانەکەی، هاوڕێکانی و ماڵەکان بەرەو نەمان چوون، دەشتایی جێی گرتنەوە. گا گژوگیای دەخوارد. تراکتۆرێکی ژەنگ کردوو. دوای ئەوەی بەدرێژایی رێگاکە لەمینی پاسەکەدا تەکانیان دا، گەیشتنە سنووری بورکینا فاسۆ. پاسپۆرتەکانیان پیشانی سەربازەکاندا، پێیانگووتن کە بەنیازی کوێن. سامویێل نەیدەزانی و دڵنییا نەبوو کە ئایا ئەوان بەجدی بڕوایان پێدەکەن؟ زۆر رێی تێدەچوو بڕوا نەکەن. هەرچۆنێك بێت مۆڵەتی رۆشتنیان پێدرا. لەوانەیە لەدڵفراوانیاندا بووبێت، لەبەرئەوەی

پاسەوانەکان دەیانزانی چ جۆرە هەفتەیەك، تەنانەت چ جۆرە مانگێکیش، لەپێشیان بوو. ساموێل خۆی هیچ بیرۆکەیەکی نەبوو چی چاوەڕوانی بوو. ئایا سەرلەنوێ گەشتی دەکردەوە گەر بیزانیبا دەبێت بەچیدا تێپەڕ بێت؟ لەوانەیە ئێستا، کە وا خەریکە دەگەنە وشکانیی. لەوانەیە. بەڵام بۆ ئەو ڕۆژانەی لەدەریادا مانەوە، تەنها پەشیمانییەك دەبوو. پەشیمان دەبووەوەو چاوەڕێی مردنی دەکرد.

# ٥

## سەری لەژێر ئاودا

ئێمێلیە دەهاتو دەچوو لەو سەرکەنارە بچووکەدا. وەك ئەوەی شتێك لەوناوەدا کەوتبێت. شتێك لەنێوان بەردەکانو دەنکۆڵە لمەکانو پارچە دارەکاندا کە بتوانێت یارمەتی بدات. مەلە بکات بۆلایان؟ رابکات بەدوای یارمەتیدا؟ تەلەفۆن بۆ پۆلیس بکات؟ چی ئەگەر تەنها بکرانایەتە بەندینخانە، یاخود بنێردرانایەتەوە بۆ وڵاتی خۆیان؟ باوکی بەدەنگی بەرز وای نەخوێندەوە لەرۆژنامەکەدا؟ کە ئەوان هەموو شتیك دەخەنە مەترسیەوە تا بگەن بەئەوروپا، بەژیانی خۆشیانەوە، دواتر زۆربەیان تەنها دەنێردرانەوە بۆ ئەو هەژارییەی کە ئەوان لەتاوی هەڵهاتبوون؟

سەیری دەریای کردەوە جارێکیتر. خۆر ئەوەندە بەهێز دەدرەوشایەوە کە دەبوو بەدەستەکانی سێبەر بۆ چاوانی بکات تا بتوانێت بەلەمەکە ببینێت. خەڵکانێك دانیشتبوونو پاڵکەوتبوون لەتەنیشت یەکەوە.

یەکێکیان دەستی لەبەلەمەکەوە هاتبووە خوارەوە. هەوڵی ژماردنیانی دا. بەلایەنی کەمەوە پێنجی تیابوو. لەوانەیە دە، لەوانەیە زیاتر.

ئایا چەند دانەیەکیان لێ مردبوو؟ پێڵاوەکانی هەڵداو تیشێرتو سترێجە رەشەکەی داکەند. ئێستا تەنها بەجلی ژێرەوەی مەلەوە وەستابوو. کورەکەی کە لەپێشەوە وەستابوو، خۆی چەماندەوەو گوریسێکی دەرهێنا بەئەڵقەیەکی کانزاییەوە بەپێشی بەلەمەکەوە بەسترابوو.

- سەیری ئێرە بکە، کورەکە هاواری کردو گوریسەکەی بەرەو وشکانیی هەڵدا. بەڵام بەهۆی «با»وە لول بوو و تەنها بە چوار پێنج مەترێك گەیشت لەبەلەمەکەوە.

پیاوێکی کەمێك بەتەمەنتر لەلایەوە دەرکەوت. منداڵێکی بچووك بەدەستە بچووکە خەپەکانی قەراغی بەلەمەکەی توند گرتبوو. ئێمێلیە دەستی بەرۆشتن کرد بەرەو روویان. هەستی بەملە زبرەکانی ژێر پێیو شەپۆلەکانی ئاوەکە دەکرد کە دەیدا لەقولەپێکانی. هەموو کاتەکە چاوی لەسەر بەلەمەکە راگرتبوو. کورەکەی کە هاواری لێکردبوو، بۆ هێنانەوەی گوریسەکە چەمایەوە، بەڵام نەگەیشتە ئەڵقەکە. ئاوەکە تا کەمەری ئێمیلیە هاتبوو، بەنیاز بوو دەست بکات بەمەلە کاتێك بینی کورەکە قاچێکی لەقەراغی بەلەمەکە بەرز کردەوە. ئێمێلیە دەمی کردەوە بۆئەوەی بڵێ لەبەلەمەکەدا چاوەرێ بکە، بەڵام پێش ئەوەی فریای هیچ وشەیەك بکەوێت، کورەکە کەوتە ئاوەکەوە. شلپەیەکی گەورە، ئینجا سەری لەئاوەکەوە دەرکەوتەوە. بەدەستێکی گوریسەکەی گرتبوو، ئاشکرا بوو کە بەنیازی مەلە کردن

بوو بۆ وشكانی، بەڵام وادیاربوو كە زۆر شەكەت بوو، توانای مەلەكردنی نەبوو. سەری سامویل بۆ چاوتروكاندنێك كەوتە ژێر ئاوەكەوە پێش ئەوەی دیسان سەری دەربهێنێتەوە. ئێمێلیە بەوپەڕی توانایەوە مەلەی دەكرد، بینی كە ئاو چووە دەمیی سامویلەوەو دیسان تفی كردەوە. بینی كە چاوی بەقورسی تروكاندو سەری بەرز كردەوە تا ئێمێلیە ببینێت. تەماشاكردنەكەی خەمگینانە نەبوو، بەڵكو بەسەرنجەوە بوو. بەسەرسامیو حەپەساوییەوە بوو.

ئێمێلیە تەنها چەند مەترێك دوور بوو كە ئەو دیسان ژێرئاو كەوتەوە. تەنها چەند مەترێك دوور و سەری لەدەریاكەدا ون بوو.

# ٦

## کۆتا شار پێش سەحرا

ساموێل بەردەوام بوو لەگەشتەکەی لەمینی پاسە بچووکەکەدا تا سنووری ماڵی. کاتژمێر دوای کاتژمێر تیایدا دانیشتبوون، بەیەکەوە ترنجاو، بەرێگای تەپوتۆزاوی پڕ چاڵو چۆڵیدا تێدەپەڕین. خانووەکان کەمترو کەمتر دەبوونەوە. لەکۆتاییدا ناوچەکە بەتەواوی بوو بەچۆڵەوانی. تەنها لم، بەردو هەندێك گژوگیای پەرژوبڵاو. شەوی سێهەم بەگاوۆ گەشتن. کۆتا وێسگەی پێش بیابان، شوێنی کۆکردنەوەیەك بوو بۆ هەموو ئەو کۆچبەرانەی لەباشورەوە هاتبوون.

شەقامەکانو قاوەخانەکان پڕبوون لەژنو پیاوی گەنج کە بەنیازی رۆشتن بوون لەئەفەریقا. هەندێك بەمناڵەوە. هەندێك بەتەنها. لەقاوەخانەکان، یا بەدرێژایی دیوارەکان لەبەر سێبەر دادەنیشتن لەچاوەڕوانی بەردەوامبوونی گەشتەکەیاندا. ژمارەیەکیان هەموو

پارەكانیان لەرێگاكەدا بەكارهێنابوو و نەیاندەتوانی بـەردەوام بن، هەندێكیش بەنیاز بوون هەر رۆژی دوایی بەرێبكەون.

سامۆیل شوێنێكی بۆ خـواردن دۆزیـەوە. قاوەخانەیەكی بچووك لەسەر رێگای سەرەكی، بەمێزی دارو كورسی دار و پانكەیەكی شكاو بەسەقفەكەوە. سەر مێزەكان پڕبوون، بۆیە ناچار لەسەر یەكێك لەكورسیە بەرزەكانی لای بارەكەوە دانیشت. لەلایەوە پیاوێكی نزیكەی سی ساڵ دانیشتبوو، كە سەری دانەواندبووەوە سەر شوشە بیرەكەی. تێڕوانینەكانی تاریك بوون، وەك دوو چرای تێكشكاو. پیاوەكە بوتڵەكەی بەرز كـردەوەو كۆتا دڵۆپەكانی خـواردەوە، پاشان ئـاوڕی بۆ سامۆیل دایەوە.

- بیرت لەمە كردۆتەوە؟ پرسیاری كردو ئاماژەی بۆ دیوارەكە كرد. بەرەو بیابانەكە كە لەپشتیەوە بوو.

- تۆش بەنیازیت؟ سامۆیل پرسی. پیاوەكە سەری بەڵێی لەقاندو دەستی هێنایە پێشەوە بۆ خۆناساندن.

دانێڵ، لەساحل عاج-ەوە، گەر وێری بیرەیەكم بكەیت باسی بیابانت بۆ دەكەم.

سامۆیل بۆ چركەیەك دوودڵ بوو پاشان داوای بیرەیەكی بۆ پیاوەكەو شەربەتێكی بۆخۆی كرد. دانێڵ قومێكی گەورەی خواردەوە پێش ئەوەی دەست بەقسەكردن بكات.

هەفتەی پێشوو هەوڵی تێپەڕبونی بەناو بیاباندا دابوو، بەڵام گێڕایەوە. گروپێکی دە کەسیی بوون. یەکەم رۆژەکان بەئۆتۆمۆبیل تێپەڕبووبوون، دواتر بەپێ. گەرماکەی هی ئەوە نەبوو بەرگەی بگریت. کوڕێکی گەنج لەناویاندا ئەوەندە شەکەت بووبوو کە ناچاربوون بەجێیبهێڵن. هیچ شتێك ئەوەی دەرنەدەخست کە توانای رزگاربوونی هەبێت. بەهەرحاڵ بەردەوام بووبوون لەرۆشتن. بیرمان دەکردەوە کە یان ئەو کورە بوو یان هەموومان. ئەوەندە دژوارە بیابان، دانیێل وتی. هەموو ئەوەی تۆ بەخود ناوی دەبەیت، دەیکات بەهەڵم. لەکۆتاییدا تەنها پارچەیەك لەگەرمیی دەمێنیتەوە، تەنها بیابانێك.

- ئەی خۆت؟ سامویێل پرسی.


- دوای دوو هەفتە گەیشتینە ئەودیوو، تەنها بۆ ئەوەی لەلایەن پۆلیسەوە بگیرێینو بمانگێڕنەوە بۆ گاوۆ. بۆیە ئێستا دیسان لێرەم. گەڕاومەتەوە بۆ دەستپێك.


-ئێستا بەنیازیت چی بکەیت؟ سامویێل پرسی.


دانیێل شانەکانی بەرز کردەوەو وەڵامی دایەوە کە خۆشبەختانە پۆلیس هەموو پارەکانی نەدۆزیوەتەوە، کە بەنیازە جارێکی تر هەوڵبداتەوە. سامویێل هێنایە بەرچاوی خۆی، کە بەناو هەموو بیاباندا تێپەڕ ببێت، هەموو شتێك بخەیتە مەترسیەوە، بیگەڕێننەوە بۆ ئەو شوێنەی لێوەی دەستی پێکردووە. تەواو نامرۆڤانەیە. دانیێل داوای بیرەیەکی تری کرد، بەڵام سامویێل سەری نەرێی بۆ راوەشاند. خۆی پێویستی


بەهەموو پارەکانی بوو گەر هیوایەکی هەبێت بۆ گەشتن بەشوێنی مەبەست. ساموێل لەکورسیە بەرزەکەی بارەکە هەستا. دوای ئەوەی هیوای سەرکەوتنی بۆ پیاوەکە خواست، رۆیشت بۆ بەشی پشتەوەی قاوەخانەکە. لەوێ وەستاو سەیری چۆڵەوانییەکەی کرد. بیابان. بەردو گژوگیای پەرژوبڵاو. سەرچەفێکی لمین بەسەر ئاسۆدا. سبەینێ نۆرەی ئەم بوو. هیچ رێگەیەك بۆ گەڕانەوە نەبوو.

وێنەی چیرۆکە ڕاستەقینەییەکەی دانێل












بەهەموو پارەکانی بوو گەر هیوایەکی هەبێت بۆ گەشتن بەشوێنی مەبەست. ساموێل لەکورسیە بەرزەکەی بارەکە هەستا. دوای ئەوەی هیوای سەرکەوتنی بۆ پیاوەکە خواست، ڕۆیشت بۆ بەشی پشتەوەی قاوەخانەکە. لەوێ وەستاو سەیری چۆڵەوانییەکەی کرد. بیابان. بەردو گژوگیای پەرژوبڵاو. سەرچەفێکی لمین بەسەر ئاسۆدا. سبەینێ نۆرەی ئەم بوو. هیچ ڕێگەیەك بۆ گەڕانەوە نەبوو.

وێنەی چیرۆکە ڕاستەقینەییەکەی دانێل









# ٧

## ئێمیلیەو ساموێل

ئێمێلیە بینیبووی کە چۆن کوری بەلەمەکە خۆی خستبووە ئاوەکەوەو گوریسەکەی دووبارە دۆزیەوە. بینیبووی چۆن لەئاوەکەدا تێکۆشابوو بەقۆڵەکانی. چۆن ئەبوو سەری بەرێتە دواوە بۆئەوەی دەم و لوتی سەر ئاوەکە بخات. ئێمێلیە خۆی خستبووە ئاوەکەوەو دەستی بەمەلە کردبوو، بینیبووی کە سەری لەسەر رووی ئاوەکەوە دیار نەمابوو و ون بووبوو. ئێستا ئاوەکە تەواو ئارام بوو. ئەو شوێنەی سەری ژێر ئاوەکە کەوتبوو، تەواو ساف بوو. بەتاڵ. پیاوێکی کەمێك گەورەتر هێشتا لەقەراغ بەلەمەکە وەستابوو. ئێمێلیە بەوپەری خێراییەوە مەلەی دەکرد. بەقاچ و قۆڵ تەوژمی دەدا ئەوەندەی لەتوانایدا بوو. چەند چرکەیەکی بەسەردا چوو. پاشان لەپڕدا کورەکە دەرکەوتەوەو بەپێی هەناسەدانەکەی بەرز بووەوە. ڕێك لەپێش ئەمدا. ئێمێلیە دەستی کردە دەوری سکی لەژێر تیشێرتەکەیەوە.

- گرتومیت، ئێممێلیە وتی.

کورەکە توند بەژێربالّی ئێممێلیە خۆی گرتبوو و چەند جارێك کۆکی بۆئەوەی ئاوەکە لەدەمی بێتە دەرەوە، ئێممێلیەش بە قاچ شەپۆلی دەدا تا هەردووکیان لەسەر ئاوەکە بهێلّێتەوە.

- یارمەتیت ئەدەم بۆ ئەوسەر، ئێممێلیە بەردەوام بوو لەقسەکردنو دەستی کرد بەمەلەکردن بەپێچەوانەوە بەرەو وشکانی. ئەوە ئەمە بوو کە راهێنانیان لەسەر کردبوو لەوانەی وەرزشدا تەنها چەند هەفتەیەك لەوەو پێش، لەمەلەوانگەکەدا. مەلەکردن بەبوکەلّەیەکەوە لەنێوان قاچیاندا. تەنها ئەوە بوو کە ئێستا بوکەلّە نەبوو. تیشێرتەکەی سامویّل بەرز بووەوەو ئیمێلیە هەستی بەپێستی ئەو دەکرد دەیدا لەسکی. سەری لەلای سەری ئەمەوە بوو. دوای هەندێك مەلەکردن ئێمێلیە هەولّیدا پێکانی دابنێ‌و بەر ژێرئاوە لمینەکە کەوتن. ئێممێلیە کەمەری سامویّلی گرتبوو لەکاتێکدا کە پێکانی لەسەر بنی ئاوەکە دانا. یەکەمجار دانەیەکیان، ئەوجا ئەوەی تریان. ئاوەکە تا لای سکی هاتبوو. دواتر بەرەو وشکانی کەوتنەرێ. وا دەردەکەوت کە کەمێك هێزی هاتبۆوە بەر، لەکاتێکدا ئێممێلیە هەر دەبوو یارمەتی بدات تا بەتەواوی دەگەنە سەر کەنارەکە. شەپۆلەکان دەیدا لەقولە پێکانیان. ئێممێلیە یارمەتی دا تا لەسەر لمەکە دابنیشێت، لەسەر ئەژنۆ خۆی نوشتاندەوە لەبەردەمیدا. پێستی ئالّتونیی بوو و ئەدرەوشایەوە لەبەر خۆرەکە. چاوانی رەنگ تاریك‌و درەوشاوە بوون.

- زۆر سوپاس.

بەئینگلیزی وتی، تەوقەی لەگەڵ ئێمێلیە کرد.

– زۆر سوپاس.

- شایەنی نییە.

ئێمێلیە وەڵامی دایەوەو یەکسەر بیری کردەوە کە وەڵامەکەی چەند گەمەژانە دێتە بەرگوێ. سەیری دەستی ئەوی کرد، کە لەدەستی ئەمدا بوون. ئەبوو تێبینی کردبێت کە ئێمیلیە بەلایەوە سروشتی نەبوو. بەهەرحاڵ کوڕەکە دەستی بۆ لای خۆی راکێشایەوە.

- لەچییەوە...لە کوێوە هاتوون؟

ئێمێلیە پرسی.

-گانا.

وەڵامی دایەوە.

– بەڵام بەبەلەم لەسێنەگالەوە هاتووین.

ئێمێلیە نەخشەی ئەفەریقای هێنایە بەرچاو. سێنەگال. کەنار- زەریای رۆژئاوای ئەفەریقا.

- ناوت چییە؟

-سامویێل.

- من ناوم ئێمێلیە-یە، ماوەی چەند لەدەریادا بوون؟

سامویێل هەناسەیەکی هەڵمژی.

- بیست ڕۆژ پێموایە. لەوانەیە زیاتر.

ئێمیلیە ئاوڕیدایەوە بۆ بەلەمەکە. ئێستا ڕوخساری سەرنشینەکان دەردەکەوتن. لەپشتیانەوە قۆڵێکی بینی شل بەسەر بەلەمەکەدا هاتبووە خوارەوەو ئەجوڵایەوە.

- کەسی مردووی تیادایە؟

ئیمیلیە پرسی.

سامویێل سەری دانەواند.

- نازانم.

بەنزمی وتی.

– نازانم.

## ٨

### بەرشەلۆنە یان بەرزەخ

ڕێکەوتنەکە وابوو کە سامویێلو کۆچبەرەکانی تر بەپێ زۆربەی بیابان بەڕێبکەن پێش ئەوەی بەپاس هەڵیانبگرن بۆ لیبیا. وا بەنیاز بوون کە پاسپۆرتە ساختەکان لەسەر سنوور نیشان بدەن، بێدەنگ دانیشن هەتا سەربازەکانو سەگەکان جێگە دانیشتنەکانی پاسەکە دەپشکنن، پاشان بگەنە شارێکی قەراغ دەریاو لەقاوەخانەیەك کۆ ببنەوە کە قاچاخچییەکانی لێیە. لەقاوەخانەکەش بەنیازبوون پیاوێك چاوەڕێیان بکاتو لەگەڵیاندا بێت بۆ بەندەری شارەکەو بۆ لای بەلەمەکە، کە دەبوو گروپەکە لەدەریای ناوەڕاستەوە بگەیەنێتە دورگەیەکی ئیتاڵی بەناوی لامپەدوسا.

هەرگیز پلانەکە بەمشێوەیە نەڕۆیشت.

شەوی پێش ئەوەی بڕۆن بۆ گاوۆ، پیاوێك هاتو لەدەرگای دا.

جلی نەشیاوی لەبەردا بوو، مژی لەجگەرەکەی دەدا کە بەفلتەرێکی سپییەوە بوو. دوکەڵە رەساسیە- شین باوەکە لەنێوان لێوەکانیەوە دەهاتە دەرەوە.

- لیبیا؟

بەدەنگی نزم پرسی. تاکە وشەیەك بەس بوو.

سامویل سەری بەڵێی راوەشاند. زۆربەی ئەوانی تریش هەمان شتیان کرد. پیاوەکە جوڵەیەکی نوێی بەجگەرەکەی کرد، نامەیەکی لەفایلەکەی دەرهێنا.

-ئەتوانم شتێکتان نیشان بدەم سەرەتا؟

سامویل دووبارە سەری لەقاندو ئەو کەسە نامۆیە بۆلای تەختی خەوەکەی هاتو نامەکەی هەڵرشت. وێنە، پارچەی بڕاوی رۆژنامەو نەخشەیەکی تێدا بوو.

- سەیری ئێرە بکە.

بەردەوامبوو لەقسەکردنو سووتوی جگەرەکەی تەکاندە سەر زەوییە چیمەنتۆکە.

- ئەوانەی دەگەن، ئاوایان لێدێت. زۆربەیان هەر لەسەر سنوور دەگیرێن، بەڵام ئەوانەی دەگەنە ئەوبەر بەمشێوەیەیان بەسەردێت.

وێنەکە جۆرە ئۆردوگایەکی نیشاندەدا کە بەپەرژینێکی دڕکاوی،

گەورەی بەرز دەورە درابوو. بەپاسەوانی چەکدار و سەگەوە.

- لێرە دەوەستێنرێن. لەسێیوتا. بەشێکی ئیسپانی لەئەفەریقا، تـەواو لەباکور. خاڵی پشکنینێکە بـەرەو رۆژئـاوا. ئەوانەی کە بەناو کۆنترۆڵەکانی لیبیادا دەرباز دەبن، ناچنە سێیۆتا، بە بەلەم گەشتەکەیان بـەردەوام دەکـەن. ئەمە ئەوەیە ئێوەش بەنیازن بیکەن، وا نییە؟

ساموێلو کۆچبەرەکانی تر تەماشای وێنەکانی تریان کردو هەڵیاندانەوە. یەکێکیان بەلەمێکی بچووکی تێکشکاوی نیشان دەدا لەدەرەوەی ئیتاڵیا. پۆلیسی سپی پێستو یارمەتیدەرەکانی خاچی سوور لاشەی مردوویان هەڵدەگرتەوە لەسەر کەنار دەریاکە.

یەکێك لەکۆچبەرەکان چوو بۆلای ساموێل، پارچە رۆژنامەکەی دەستی دڕاندو هاڵیدایە سەر تەختە خەوەکەی.

- بۆچی لێرەیت؟ ها؟ بەدەنگی بەرز پرسی.

– کێ تۆی ناردووە؟

- کەس منی نەناردووە.

پیاوەکە بەهێمنی وەڵامی دایەوە.

– تەنها دەمـەوێـت ئامۆژگاریەکی باشتان بدەمێ دەربـارەی رێگەکەتان.

- بەڕاستی پێتوایە ئێمە روو وەردەگێڕین؟ دەگەڕێینەوە ماڵەوە؟ بەڕاستی پێتوایە؟

پیاوەکە سەری نەرێی راوەشاندو لەگیرفانی پانتۆڵەکەیدا جگەرەیەکی تازەی دەرهێنا.

- نەخێر. لەبەرئەوە نییە من لێرەم.

جگەرەکەی بەچەرخێك داگیرساند کە وێنەی کچێکی قژ زەردی تیادا بوو لەدرامای بەی ووچ-ەوە. کچێك بەجلی مەلەی سوور و دوو مەمکی زۆر گەورەوە.

- لێرەم تا رێیەکی ترتان نیشان بدەم.

بەردوام بوو لەوتن.

— رێگایەکی دیکە.

- جا کوێ؟

کۆچبەرەکەی تر پرسی، بەتووڕەییەکی کەمترەوە.

قاچاخچییەکە دەستی بۆ نەخشەکە راکێشا.

- ئێرە.

یەکەمجار وەك گاڵتەجارییەك هاتە پێشچاو، کە پەنجەی لەناوەڕاستی دەریادا دانا، بەڵام دواتر خاڵەکانیان بینی رێك لای

نینۆکیەوە. گروپێکی بچووك لەدورگە. دورگەکانی کەناری. پیاوە نامۆکە پێیوتن کە تائێستا چەندەها کەس گەیشتونەتە ئەوێ. باسی کراوەیی ئەو رامیارییە کۆچبەرانەیەی ئیسپانیای بۆ کردن. باسی ئەو ٧٠٠ ٠٠٠ کۆچبەرە نایاساییانەی بۆ کردن کە لێبوردنی گشتییان وەرگرتبوو. مۆڵەتی مانەوەی یاسایی.

دەستیان کرد بەمشتو مڕ. گروپەکە بوو بەدووبەشەوە. هەندێکیان دەیانویست بەپێی پلانەکە گەشتەکەیان بکەن، بەرەو لیبیاو ئیتاڵیا بڕۆن، بەڵام زۆربەیان قایل بوون بەگرتنەبەری ڕێگایەکی دیکە. بەرەو ڕۆژئاوا، بۆ گران کەناریا. دەبوو پارە بەپیاوەکە بدەن، بەدڵنیاییەوە، بەڵام لەهەموو شوێنێك هەر بەمشێوەیە بوو. لەخێر یارمەتی نەدەدران.

ئەوە بازرگانیو ئیش بوو. پارەی پاشەکەوتی ماڵە هەژارەکان لەم ژوورانەدا ئاڵوگۆڕ دەکرا. پارەیەك لەئەوانەوە کە خەونیان بەژیانێکی باشترەوە دەبینی، بۆ ئەوانەی کە پارەیان لەسەر خەونەکانیان بەدەست دەکەوت. قاچاخچیی مرۆڤ. پیاو و ژن کە بەشاراوەیی لەهەموو شارەکاندا دەژیان، لەناو تۆڕێك لەئامێری دۆکیۆمێنتو ئۆتۆمبێلی گەورەو بەلەمی بچووکی نایاساییدا.

ڕۆژی دواتر سامویل گەشتی کرد، لەدواوەی تۆیۆتایەکی کراوەی ژەنگ گرتوودا. کاتژمێرەکان تێپەڕین. زۆر نزیك لەیەك دانیشتبوون. بەدرێژایی ڕێگایەك لێیانخوڕی کە لم وەك تارایەك بەسەر قیرتاوەکەدا ڕاخرابوو، پێش ئەوەی بگەنە دەروازەیەکی

دەریا، لەتاریکی دا. تۆیۆتاکە لەخوارەوە لای بەندەرەکە وەستا، شۆفیرەکە داوای دابەزینی لێکردن. ئاگرێکیان لەڕۆخی ئاوەکەدا کردەوە، بەیەکەوە نانیان خواردو لەکۆتاییدا لەسەر لمەکەو لەژێر ئەستێرەکاندا خەوتن.

سامۆیل بەتیشکی خۆر خەبەری بووەوە، هەستاو قۆڵەکانی بەرەو ئاسمان کێشایەوە. هەندێك لەماسیگرەکان بەخەبەر بوون، بەلەمو گوریسەکانیان ئامادە دەکرد بۆ ڕۆژێکی نوێی ناو دەریا. لەلایانەوە بەلەمەکانی لێبوو کە ئەمانی دەگەیاند. ئەو ئاگادارییەی سامۆیل پێی گەیشتبوو، ئەوە بوو کە لەبەندەرەکە چاوەڕێ بکەن تا خاوەن بەلەمەکان دەگەنەجێ، پێشەکیەکەی گەشتەکە بدەن لەگەڵ ژمارەی تەلەفۆن، تاوەکو پەیوەندیان پێوە بکەن کاتێك سەرنشینی تەواو کۆبونەوە بەشێوەیەك کە دەست بدات بۆ خاوەنەکەی تا گەشت بکەن. بەشێوەیەکی ئاسایی دەوروبەری ٧٠ گەشتیار. لەبەلەمە بچووکترەکاندا کەمتر بوو. نزیکەی ٢٠ کەس.

بەلەمەکان لەڕۆخی دەریاکەدا پەرش بووبوونەوە، لوتکەکانیان بەرەو شەپۆلەکان بوو کاتێك دەیاندا لەزەوییە لمینەکە. لەکاتێکدا سامۆیل بەپێ خاوسی دەسوڕایەوە، بیری کردەوە کە لەشوێنێك لەو سەرەوە گران کەناریا چاوەڕێی دەکات. شوێنێك لەپشت ئاسۆوە، هەلی ژیانێکی باشتر هەیە. دەستیدا لەگیرفانی. نرخی بەلەمەکە لەوە زیاتر بوو کە چاوەڕێی دەکرد. پەنجا دۆلار هەموو ئەوە بوو کە پێی مابۆوە. تەنها چەند ڕۆژێکی کەم بردەکات کاتێك کە

گەیشتە ئەوبەر، بەڵام لەسەرەتادا پارمەتی دەدات. هەر کە ئیشێکی دۆزیەوە، ئیتر کێشەی پارەی نامێنێت.

دوای ماوەیەکی کورت گەیشتە بەندەری بەلەمی گەورەتر، بەرێرەوی سەر دەریایی بازنەیی، دیواری چیمەنتۆ کە بۆ گرتنی شەپۆلەکان دانرابوون. لەلای دیوارەکەوە پیاوێك وەستابوو و وێنەی دەکێشا. بەلەمێکی سووری کێشابوو، بەتارمایی مرۆڤەوە لەناویدا. هەندێکیان کەوتبوونە خوارەوە لەبەلەمەکەو لەناو ئاوەکەدا نوقوم دەبوون. لەوبەر ئاوەکەوە ئاڵای ئیسپانیا هەڵکرابوو.

بەرزەخ، لەسەروو بەلەمەکەوە بەپیتی گەورە نوسرابوو.




ساموێل چووە لای هونەرمەندی شەقامەکەو وەستاو تەماشای دەکرد لەکاتێکدا ئەو فڵچەی دەهێنا بەسەر دیوارەکەدا. بەلەمەکە سووری تۆخ بوو. بەدەستەکەی تری فڵچەیەکی بۆیاوی ڕەشی

گرتبوو. سڵاوێکی کورتیان کرد. ساموێل ئاماژەی بۆ ناونیشانەکە کرد. بەرزەخ.

- واتای چییە؟

بەهێواشی پرسی.

پیاوەکە لێی راما. خۆشحاڵ دیاربوو بەپرسیارو سەرنجەکەی.

-کەواتە تۆ موسوڵمان نیت؟

ئەمەی پرسیو زەردەخەنەیەکی کرد. ساموێل سەری راوەشاند.

- لەئیسلامدا بەرزەخ وەك جۆرێك لەنێوەندە پرسگەیەك وایە دوای مردن، پیاوەکە روونیکردەوە. شوێنێك کە مرۆڤ پێی دەگات کاتێك چاوەڕێی قیامەت دەکات.

ساموێل سەری لەقاند. کە پیاوەکە ئەوەی وت، بیری وشەکەی کەوتەوە لەدەمی چەند هاوڕێیەکی موسوڵمانی منالیەوە. خۆی لەخێزانێکی مەسیحیدا گەورە بووبوو، وەك زۆرینەی دانیشتوانی گانا. لەسێنەگال جیاواز بوو. لەوێ زۆربەی موسوڵمان بوون.

-ئەم ساڵ گۆرانیەکی راپ دەرکرا دەربارەی بەرزەخ، هونەرمەندەکە بەردەوام بوو.

—گوێت لێی بووە؟

دیسان سامویێل سەری راوەشاند.

- «بەرشەلۆنا یان بەرزەخ»، بەگۆرانییەوە وتی. بەرشەلۆنە یان مردن. ئەوە دروشمی زۆرینەی ئەوانەیە کە لێرەوە گەشت دەکەن. پیاوەکە سەری بەرەو شارەکەو بۆ هەموو ئەو خانووە لاواز دروستکراوانەوە ئاماژە پێکرد.

سامویێل جارێکیتر تەماشای وێنەی دیوارەکەی کرد، لەسەرنشینەکان راما کە لەبەلەمەکەوە کەوتبوونە خوارەوە. هەندێکیان ئاشکرابوو کە هەرگیز ناگەنەجێ.

- ئەی ئەوانەی دەگەن چییان لێدێت؟

سامویێل پرسی.

– سەرکەوتووئەبن؟

پیاوەکە بزەیەکی هێمنانەی بۆ کرد. چاوەکانی لەپشت چاویلکەی هەتاوییەوە شاردرابوونەوە.

- ئەمەیە پرسیارەکە... ئەوان دەگەنە دورگەکانی گران کەناریا، گەر پابەندبن بەشاردنەوەی ناو و ئەو شوێنەی لێوەی هاتوون بۆ ماوەی چل رۆژ، ئیتر ناتوانن بیانگێڕنەوە.

- ئەوە راستە؟

- چی؟

- ئەوەی چل رۆژەکە؟

- بەڵێ. هەر لەبەر ئەو هۆیەشە ئەو هەمووکەسە دەڕوات، هونەرمەندەکە وەڵامی دایەوەو جگەرەیەکی داگیرساند.

- ئەی ئەوانیتر؟

ساموێل پرسی.

پیاوەکە شانەکانی هەڵتەکاند.

- هەندێك دەنێردرێنەوە. هەندێك بەشاراوەیی کار دەکەن، وەك پەناهەندەی نا ئاسایی، لەسەر جادەکانی ئیسپانیاو ئیتاڵیا. هەندێکیش مۆڵەتی یاسایی وەردەگرن.

بەدڵنیاییەوە ساموێل تێدەگەیشت بۆ هاتبوو بۆ ئێرە، بۆ ئەم کەنار دەریایە. بۆئەوەی بەدەریادا کۆچ بکات. بۆ چەند چرکەیەك بێدەنگ بوون، لەوکاتەدا پیاوەکە هێڵێکی بەلەمەکەی چاککردەوە. ساموێل دووبارە بێدەنگیەکەی شکاند.

- ئەی تۆ چی؟ بیر لەکۆچکردن دەکەیتەوە؟

پیاوەکە فڵچە سوورەکەی کردە قووتوە بۆیە سورەکەوە پێش ئەوەی وەڵام بداتەوە.

- نەخێر. نازانم گەر لەڕاستیدا بڕوام بەهیچ ژیانێکی تر هەبێت جگە لەمە، وەڵامی دایەوەو لەجگەرە کێشان بەردەوام بوو.

گفتووگۆکە تەواوبوو، ساموێل لەپیاسەکردن بەردەوام بوو بەدرێژایی بەندەرەکە.

بەلەمەکان بەریز بەدرێژایی کەنارەکە وەستابوون. پیاوێك دەستی دەشۆرد لەئاوی رۆخەکە. خۆر لەسەر رووکەشی ئاوەکە دەدرەوشایەوەو لەرێی شوێنێك بوو لەرۆژئاوا.

★

هەمان شەو ساموێل دانیشت و گفتوگۆی لەگەڵ هەندێك لەدانیشتوانی ئەو شارە بچووکەدا دەکرد. یەکێکیان هەوڵی پەرینەوەی دەریای دابوو پێشتر، بەڵام لەبەندەرەکە لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئیسپانیاوە بینرابوو، نێردرابۆوە دوای بەسەربردنی سێ مانگ لەکەمپێك لەدورگەیەك بەناوی تێنەریفێ. پیاوەکە بۆی باسکرد کە ئەوەندە پەنابەریان بۆ هاتووە بەرە بەرە کە یاساکانیان توندتر کردووەو یاسای قورستر دەرچووە. زۆری تر کە لەنزیکەوە دانیشتبوون گوێیان گرتبوو بۆ گێرانەوەکەی. وەك ئەوەبوو هەموویان یەکێکیان ناسیبێت کە کۆچی کردبێت. یەکێکیان برایەکی لەدەریادا لەدەست دابوو. یەکێکی دیکە، پیاوێکی کەمێك گەنجتر، هەوڵی پەرینەوەی دابوو، بەڵام ناچاری گەرانەوە بووبوو دوای هەفتەیەك بەهۆی کەشی خراپەوە. ساموێل هەستیکرد سکی بەرەو گرژبوون دەچێت. نەیدەتوانی ئێستا بترسێت. زۆر درەنگ بوو. هیچ رێگەیەك بۆ گەرانەوە نەبوو، ترس یارمەتی هیچی نەدەدا. تەماشای ئەو پیاوەی کرد کە پێشتر هەوڵی پەرینەوەی بۆ دورگەکانی کەناری دابوو،

لێی پرسی ئێستا بیری لەچی کردۆتەوە بیکات؟ پیاوەکە ڕوومەتی خوراند، ڕووەو دەریا ڕوانی پێش ئەوەی وەڵامی بداتەوە.

- بەنیازی هەوڵێکی ترم. ئەوەندەی لەژیاندا بم، هەوڵدەدەمەوە.

# ٩

## کۆچبەران

ئێمێلیە لەسەر ئەژنۆ لەلەکەدا دانیشتبوو.ساموێل رێك لەبەردەمیدا بوو، پێی خاوس بوو، پانتۆڵێکی جینزی تەڕی لەپێدا بوو لەگەڵ تیشێرتێکی قاوەیی بەڕیکلامێکی کۆمپانیای ئۆتۆمبیلەوە. ئێمێلیە دووبارە تەماشای بەلەمەکەی کرد. چی ئەگەر بەڕاستی یەکێکیان مردبن؟ دەیتوانی کۆنترۆڵی هەبێت؟

- تەلەفۆن بکەم بۆ نەخۆشخانە؟

بەهێواشی پرسی.

— یان پۆلیس؟

ساموێل بەتۆقاوییەوە سەیری کردو سەری راوەشاند.

-نا. پۆلیس نا. پۆلیس نا، چرپانی.

ئێمێلیە دەستیگرتو سەیری نێوچاوانی کرد.

- باش. لێرە چاوەڕێ بکە.

وەڵامی دایەوە پێش ئەوەی هەستێتو بڕوا بۆ لای ئاوەکە. شەپۆلەکان شڵپەیان دەکرد بەقاچیو رانیدا پێش ئەوەی بگاتە قوڵاییو دەست بەمەلەکردن بکات. بەرەو بەلەمەکە.

## ١٠

### لیستی سەرنشینەکان

هیچ جۆرە بلیتێك نەبوو. یان هیچ فایلێکی کۆمپیوتەری بەناو و ژمارەی ناسنامەی هەموو سەرنشینەکانەوە. تەنها ناو بەدەسخەتێکی ناشرین لەسەر پارچە پەرەی جیاواز لەژووری ئەو پیاوەی کە خاوەنی ئەو بەلەمە بوو کە ئەمان کۆچیان پێدەکرد. گەر یەکێك گوێی بەوە بدایە کلێشەیەکی کورتو بچووك دروست بکات لەناو، رەگەزو تەمەن، لیستەکە ئاوا دەردەچوو:

ساموێل، کوڕ، ١٧ ساڵ، گانا

ئیبراهیم، کوڕ، ١٧ ساڵ، بێنین

سولەیمان، پیاو، ٣٢ ساڵ، ساحل عاج

عەبدولایی، کوڕ، ١٩ ساڵ، سێنەگال

عەبوو، پیاو، ٢١ ساڵ، سێنەگال

مالیك، پیاو، ٢٧ ساڵ، سێنەگال

ئێسۆوا، پیاو، ٢٢ ساڵ، بێنین

ئامادۆو، پیاو، ٢١ ساڵ، سێنەگال

عومەر، کوڕ، ١٦ ساڵ، سێنەگال

دیبی، پیاو، ٢٤ ساڵ، سێنەگال

ئۆوسەینۆو، پیاو، ٢١ساڵ، سێنەگال

عەلاسانی، کوڕ، ١٩ ساڵ، سێنەگال

نەدیە، کچ، ١٧ ساڵ، سێنەگال

دیەنبا و ئوسمانە، ژن ٢٣ ساڵ، و کوڕ: ساڵێكو سێ مانگ، مالی

یوسف، کوڕ، ١٩ ساڵ، مالی


یوسا، کوڕ، ١٨ ساڵ، مالی


تراورێ، پیاو، ٢٠ ساڵ، مالی

زەکەریا، پیاو، ٣٨ ساڵ، تۆگۆ

دەیڤد، کوڕ، ١٥ ساڵ، تۆگۆ

یاکوبا، کوڕ، ١٩ ساڵ، گوێنیا- بیساو






بەلەمەکان ئامادەدەکرێن بۆ ڕۆشتن لەم چرکەساتەدا.

# II

## دەریا

بەیانی زوو بوو. خۆر بەلاری بەسەر کەنارەکەدا دەدرەوشایەوە. بزنەکان لەئێستاوە بەخەبەر بوون‌و بەقاچ تێکئالاویەوە لەنجەو لاری دەوروبەریان دەکرد. گروپێکی بچووکی خەڵکیش بەخەبەربوون‌و لای یەکێك لەبەلەمەکانەوە کۆ بووبوونەوە. منالّی مەلۆتکە، ژن‌و پیاوی گەنج. یەکێکیان سامویل بوو. بەلەمەکەی کە لەدەوری کۆ بووبوونەوە، بەزەرد، سەوزو سوور رەنگ کرابوو. ناوەکەشی لەلاوە نوسرابوو. وشەیەکی سێنەگالی کە سامویل لێی تێنەدەگەشت. بەلەمەکە پاڵنرایە ئاوەکەوە، کۆچکەرەکان بەناو ئاوەکەدا رۆشتن بۆ سەرکەوتن. بیست‌و یەك کەس، ترنجاو بەیەکدا. بەبێ سەقف، بێ هێلەکی دەربازبوون، بێ GPS یان نەخشەی دەریا. تەنها ویستێکی کۆکراوەو هاوبەش، خەمێك کە هیوایان ئەخواست بەشی ئەوە گەورە بێت کە بیانگەیەنێتە گران

کەناریا. هەموویان لەوڵاتەکانی دەوروبــەرەوە هاتبوون. لە بێنین. سێنەگال. گانا. ئێستا ئەو کیشوەرەیان بەجێدەهێشت کە باوانیان لەدروستبوونی مرۆڤایەتییەوە تیایدا ژیاون. پانتۆڵەکانیان هەڵکردو سەر بەلەمەکە کەوتن. دەبەی ئاو و قووتوە خواردنیان سەرخستو لەبنی بەلەمەکەدا لەتەنیشت دەبە بەنزینەکانەوە جێیان کردەوە. کاتێك کە هەموو شتێك لەشوێنی خۆیدا بوو، بەلەمەکە پاڵنرایە دوور لەزەوییە لینیەکەوە. دەنگی ماتۆڕی بەلەمەکە هەوای بڕی، بۆنی بەنزین بەئاوەکەدا بڵاوبۆوە. بەسەر لوتکەی شەپۆلە کەفاوییەکاندا لێیان خوڕی لەکەنار دەریاکەوە بەرەو دەریا. گەشتەکە پڕ لەچاوەڕوانی بوو. تاڕادەیەك شادومانکەر.

- بەرشەلۆنە یان بەرزەخ! عەبدوڵایی هاواری کرد، یەکێك لەگەنجترین کورەکان کە لەسێنەگالەوە هاتبوو و دەستی لەهەوادا بەرز کردەوە. هەندێك لەوانی تریش بەشداربوون.

—بەرشەلۆنە یان بەرزەخ! بەکۆرس هاواریان کرد.

ئوسمانە، مناڵە یەك ساڵەکەی لەمالیەوە هاتبوو، دەستی کێشایەوە ئەویش هاواری کرد.

دایکی بێدەنگی کردو لەباوەشی دانا. هەندێك لەکوڕەکان پێکەنین، ساموێل تێبینی ئەوەی کرد کە یەکێك لەبێدەنگترین سەرنشینەکان سەری لێڕاوەشاندن. ناوی ئێسۆوا بوو، بیستو دوو ساڵ بوو و لە بێنین-

دەوە هاتبوو. هەر لەیەکەمجارەوە ساموێل تێبینی کردبوو. تێبینی بێدەنگییەکەی. ئەویش لەکۆچکردنەکە دەترسا. ساموێل ئاوڕیدایەوەو خانووەکانی بینی بچووکترو بچووکتر دەبوونەوە. لەکۆتاییدا بیری کردەوە. لەکۆتایدا لەڕێی پەڕینەوەی دەریادا بوون. ئەو بەشە بچووکەی کۆتایی کۆچەکەیان. بەمزوانە ئەگاتە ئەوروپا، بیری دەکردەوە، لەهەمانکاتدا بەلەمەکە بەر یەکەم شەپۆلی گەورەی کەوت لەدەرەوەی بەندەرەکە. بەمزوانە لەمەدرید یان بەرشەلۆنە دەبێت، ئیشێکی دەست دەکەوێت لەقاوەخانەیەك، یان وەك فرۆشیارێك، یان لەوانەیە وەك کرێکارێکی بینا. ئەوکات وەك نیشتیمان نابێت، کە لەبەیانییەوە تا شەو ئیشی دەکرد بێئەوەی زیاتر لەنرخی شتە هەرە گرنگەکانی دەست بکەوێت. لەئەوروپا دەیتوانی پارە کۆ بکاتەوەو بۆماڵەوەی بنێرێتەوە. شوێنێکی گونجاو بەکرێ بگرێت. ئەو خواردنە بکرێت کە ئارەزوی لێی هەیە. کچێك بناسێت، لەوانەیە کچێك کە لەگاناوە هاتبێت. یەکێك کە ئەم بتوانێت منالی لەگەڵدا هەبێت، خێزانێك دابمەزرێنێت. کە منالەکان گەورە بوون، پارەی بۆ دابین دەکردن تا ئەو خوێندنە بخوێنن کە ئەم هەرگیز نەیتوانیوە بیخوێنێت. ڕزگاریان ببێت لەئیشی کشتوکاڵی، دورینەوەی کاکاو و کیسە چیمەنتۆ. بەمزوانە، ئێستا، تەنها بگەنە ئەوبەر. بۆ ژیانی دوای ئەمە. «بەرشەلۆنە یان بەرزەخ». لەکۆتاییدا چیاکان نوقمی دەریاکە بوون و دیارنەمان، هەموو شتێك کە لەدەوریان بوو تەنها ئاو بوو. شەپۆلی نزمو خۆر کە لەناو ئاوەکەدا دەدرەوشایەوە. ساموێل چاوی داخستو بەرەو خۆرەکە ئاوڕیدایەوە. لەکۆتاییدا.

★

شپۆلێك باڵندە بەدوایانەوەبوو بەدرێژایی رۆژی یەکەم. کەشی ناو بەلەمەکە پڕ لەجۆش‌و خرۆش بوو. بۆ یەکترییان دەگێڕایەوە لەکوێوە هاتوون، بۆچی کۆچ دەکەن، هەموو کێشەکانیان. کەمیی پارە. قاچاخچییە خراپەکان. پاسەوانی سنوورەکان. تەنها ئێسۆوا خۆیلە گێڕانەوەکان بەدوور گرتبوو و پشتی لەهەموویان کردبوو، چاوی لەسەر ئاسۆی بەردەمی بوو.

کاتێك کە برسی بوون، یەکێك لەقووتوەکانیان پڕ دەکردەوە لەگۆشت یان میوە و بەناو خۆیاندا دەیانگێڕا. ئەوەی کە پێویستی بەتەوالێت بوو، بەپێی توانا نادیار دادەنیشتن لەنوکی کۆتایی بەلەمەکەدا. دەریا هێمن‌و لەسەرخۆبوو، بەلەمەکە بەشەپۆلە نزمەکاندا سەردەکەوت‌و دەهاتە خوارەوە. ئاسمان روون‌و شین بوو، تەنها هەندێك هێڵی تەریبی باریکی هەوریی پێوە بوو لەدوورەوە. تەنك‌و رۆشن، وەك ئاوریشمی عەزی بوکێك لەفیلمێك لەتەلەفزیۆندا، لەژیانی ئەوبەری دەریاوە.

کۆمەڵێك دۆلفین دوای بەلەمەکە کەوتن بۆ ماوەیەك، بەژێر بەلەمەکەدا مەلەیان دەکردو لەپێشەوە یارییان دەکرد. دواتر چاویان بەشەپۆلێك ماسی فڕیو کەوت کە لەپڕ لەدەریاوە بەرز دەبوونەوەو کورتە فڕینیان دەکرد بەو باڵە بچووکانەیانەوە، لەسەر رووی ئاوەکە، دواتر بەر

شەپۆلێکی تر کەوتن‌و دیار نەمان.

خۆر لەدەریادا ئاوابوو و ئاسمانی رەنگ زەردی پرتەقاڵیباو، سور و پەمەیی کرد پێش ئەوەی تاریکی باڵ بکێشێت. بەنۆرە بەلەمەکەیان ئاراستە دەکرد. ئەو پارچە کانزا جولاّوەیان بەدەست دەگرت‌و دەیان جولاّند بەسەرو خواری شەپۆلەکاندا، بەتێروانینێکی بەردەوامی ئاسۆوە. مانگ لەدەریاوە هەڵهات‌و لوتکەی شەپۆلەکانی دەدرەوشانەوە، وەك سەقفە جەمەلۆنەکانی ماڵە ئاوارە ئاساکانی هەموویان تیایدا گەورەببوون. ئەستێرەکان، ئەستێرەکان گەشاوەتر دەدرەوشانەوە بەرەوبۆشایی ئاسمان لەوەی سامویّل تائێستا لەهیچ کوێیەکی تر بینیبێتی.

ترنجاو بەیەکدا دانیشتبوون، ئەژنۆیان بەسنگیانەوە نووسابوو. ئوسمانە، کورە بچووکەکە، چەند خولەکێك گریا پێش ئەوەی بەسنگی دایکیەوە خەوی لێبکەوێت. دواتر بێدەنگی باڵی کێشا. سامویّل هەڵدەستاو خەبەری دەبۆوە لەشەواندا، هەڵدەساو خەبەری دەبۆوە، وەك گورزەیەك دار کە چۆن بەهۆی ئاوی دەریاکەوە شەپۆل دەدات لەکەنار دەریایەکدا.

*

رۆژی دووەم هاوشێوەی یەکەم بوو. دەستیان بەگێرانەوەی خەونەکانیان کرد. دەربارەی ئەوەی دەیانەوێت لەکوێ بژین. حەزیان لەچی ئیشێکە. کورەکەی تەنیشتی سامویّل حەڤدە ساڵ بوو، ناوی ئیبراهیم

بوو و لەبێنینەوە هاتبوو وەك ئێسۆوا. خەونی ئەوە بوو خوێندنی قوتابخانەیەك تـەواو بكات لەگران كەناریا، ئیشێكی وەك فیتەری ئۆتۆمۆبێلی دەست بكەوێت. باسی دەكرد كە زۆری حەز لەئۆتۆمبیلە، لـەوێ، لـەڕۆژئـاوا، هەموو مۆدیلە جوانەكانی لێیە. وەك خەڕەكە شكاوەكانی بێنین نین، بەڵكو ئۆتۆمبیلی ڕاستەقینە. مارسیدسی ئێس٣، بەتەنها دوو دەرگاو تایەی پانەوە. پۆرش. لامبۆرگینی.

ئێسۆوا بەزەردەخەنەیەكەوە تەماشای كرد، بەڵام هیچی نەوت. بۆ زەردەخەنەی كرد؟ ساموێل بیری لێكردەوە. بەنیازبوو بپرسێ كە ئەو چی بوو، بەڵام لەلایەن ئیبراهیمەوە پێی برا، كە تێبینی هیچی نەكردبوو، تەنها لەسەر گێڕانەوەی ژیانی خۆی لەبێنین بەردەوام بوو. ئیشی قاچاخكردنی بەنزینی كردبوو لەسنووری نێجیریاوە بەماتۆڕ. جیاوازی نرخ ئەوەندە زۆربوو كە پیشەسازییەكی تەواویان لەقاچاخچی بچووك دروست كردبوو، كە دەبەیان پڕ دەكردو بەناو ڕێگا بچووكە تۆزاوییەكاندا لێیاندەخوڕی. ڕۆژێك ماتۆڕەكەی تێكشكاوەو ئیبراهیم پارەی چاككردنی نەبووە. لەهەمانكاتدا كێبڕكێی و پێویستی پارە گەورە بووە. خێزانەكەی پێشنیاریان كردووە كە باشترە كۆچ بكات بۆ گران كەناریا. مادام ژێر هەژدە ساڵە، بەشێوەیەكی ئۆتۆماتیكی ناچار دەبن وەریبگرن. پاسپۆرتەكەی بەدەستەوە گرتو ئاماژەی بە بەروارەكەی كرد. ساموێل هەستی بەدڵی كرد توند لەسنگیدا لێدەدات.

- ئەی ئەوانەی سەروو هەژدەن؟ پێمەوابوو لەوانەیە ئەگەری مانەوە

هەبێت ئەوکاتیش؟

ساموێل پرسی.

- تەنها گەر نەیدۆزنەوە کە ناویان چییە یا لەکوێوە هاتوون.

ئیبراهیم وەڵامی دایەوە.

— لەبەرئەوەی ئەوەندە خەڵك دێن، ئاشکرایە کە توندتربوون لەم دواییەدا. تەمەنت چەندە؟

ساموێل هەناسەیەکی قوڵی هەڵمژیو زەردەخەنەی کرد.

- دوو هەفتەو نیوی تر دەبم بەهەژدە ساڵ.

ئیبراهیم پێکەنیو کێشای بەشانیدا.

- ئەوا رێك لەکاتی خۆیدا فریا دەکەویت بەدڵنیاییەوە!

ساموێل سەری بۆ لەقاند.

- بەو هیوایە.

- ئا، ئا. حەتمەن. هەشت نۆ رۆژی ترەو ئێمە لەوێ دەبین.

دیسان بێدەنگی باڵی بەسەر کەشەدا کێشا. ساموێل سەیری دەریای کرد. رێك لەسەرووویەوە سولەیمان دانیشتبوو، پیاوێکی بێدەنگ لەسەرەتاکانی

سی ساڵیدا لەساحل عاجەوە. فانیلەیەکی رەشی لەبەردا بوو کە لەشی بەهێزی نیشان دەدا، ماسولکە گەورەکانی قۆڵی دەردەخست کە لەدوورینەوەی کاکاو بۆ ماوەی زیاد لە دە ساڵەوە بۆی پەیدا بووبوون. ساموێل خۆشی لەکێڵگەی کاکاودا ئیشی کردبوو بەمناڵی، بۆ پەیداکردنی پارەیەکی زیاتر بۆ خێزانەکەی، دەیزانی کارەکە دەتوانێت چەندە هیلاککەربێت. لەپاڵ ئەوەشدا خۆ باوکی هەمیشە لەوێ ئیشی کردبوو. ساموێلو سولەیمان دانیشتبوونو باسی رۆژە درێژەکانی ئیشیان دەکرد، باسی ئازاری قۆڵەکانو مووچە نزمە بێهیواکانیان دەکرد. سولەیمان دەیگووت کە موچەکەیان لەم ساڵانەی کۆتاییدا تەنها کەمترو کەمتر بۆتەوە، لەبەرئەوەی نرخی کاکاو لەپیشەسازی جیهاندا دابەزیوە، ئێستا لەهەشتاکان نزمتر بۆتەوە. لەکۆتاییدا توانای بەردەوامبوونی نەماوە، خەڵکی تر جێی گرتۆتەوە. کۆچبەر لەمالی و سیرا لیۆن-ەوە. مناڵ. خەڵك کە قبوڵی ئیشکردنیان دەکرد بەنرخی نزیکەی هیچ شتێك.

- بۆیە ئێستا پێم باشترە هەوڵێکی ئەوێ بدەم، سولەیمان دوا و دەستی بۆ پێشەوە راکێشا. لەهەمان ساتدا شەپۆلە باڵندەکەی دوایان کەوتبوو، ئاراستەی گۆڕیو جێیهێشتن. هاوارێکی کۆتا لەباڵندەیەکی بچووکی رەساسیەوە هات. پاشان کەشەکە بێدەنگ بوو، کۆچکەرەکان جارێکی تریش تەنها لەگەڵ خۆیاندا بەجێهێڵدران. بیستو یەك کەس، بەیەکەوە نوساو و قاچیان لەباوەشیاندا.

کاتژمێرەکان تێپەڕین. ساموێل هەستاو ئەوەندەی بۆی کرا دەستەکانو قاچەکانی کێشایەوە لەو بەلەمە جەنجاڵەدا. بەم زوانە نۆبەی ئەو بوو بەلەمەکە بەڕێوەبەرێت. نۆبەی ئەوبوو بۆ دانیشتن لەبەشی دواوەی بەلەمەکە، بەو سوکانە ناجێگیرەوە لەدەستیدا، بەڕوانینێکی چەسپاو لەشینایی، بەرەو جیهانێك کە لەشوێنێك لەودیوو ئاسۆوە خۆی شاردبۆوە.

★

ڕۆژی سێهەم بەشێوەیەکی گشتی هەموویان بەبێدەنگی دانیشتبوون، بێئەوەی قسە بکەن. ماسولکەکانیان دەستی بەئازارکردن کردبوو بەهۆی ئەوشێوە دانیشتنە نارەحەتەیانەوە، هەندێکیان بەنۆرە لەباوەشی یەکتردا پاڵدەکەوتن. تەنها ئێسۆوا هێشتا بەتەنها دانیشتبوو و چاوی لەدەریا بڕی بوو. دەریا بەهێواشی شەپۆلی دەدا. تەنها دەنگ، دەنگی وژە وژە نەوەستاوەکەی ماتۆڕەکە بوو.

★

ڕۆژی چوارەم کەشتییەکی بارهەڵگری زەبەلاح چەند سەد مەترێك بەلایاندا تێپەڕبوو. بەیانی زوو بوو، زۆربەیان هێشتا خەوتبوون.

سامویّل لەدەنگی هۆڕنەکەی راچلّەکیو تەماشای کرد. دیواریّکی پرتەقالّی لەکانزا هەموو تیّڕوانینەکەی داگیر دەکرد، لەئاستی ئاوەکەوە تا هەورەکان. زۆر زەخم بوو لەسەری هەلّگری ئاسنینی رەنگاو رەنگ هەبوو کە هەمووی لەسەر یەك هەلّچنرابوون. پیاویّکی سپی بەدووربینەوە لەسەر پردەکەی وەستابوو. کۆچبەرەکان دەستیان بۆ راوەشاند لەکاتیّکدا ئەو دوو بەلەمە بەتەنیشت یەکترّدا تیّپەڕیّن. لەچەند خولەکیّکدا کەشتیەکە لەئاسۆدا ون بوو، ئەوەی مایەوە تەنها دەریاو شەپۆلەکان بوو. تیشکی خۆر بوو کە تیشکی لەئاوەکە دەدا لەتەنیشت قەراخی بەلەمەکە.

سامویّل سەری دابویە ئیّش. منالّەکەی دیەنبای گرتبوو، ژنەکەی لەمالییەوە هاتبوو، لەکاتیّکدا کە ئەو چووبوو بۆ تەوالیّت لەبەشی پشتەوەی بەلەمەکە. کورە بچووکەکە ئارام لەسەر سنگی سامویّل خەوتبوو، سامویّل لەپڕدا هەستی بەترسیّك کرد کە دەتوانرا چییان لیّبەسەر بیّت. وەك ئەوەی منالّەکە ئەوەی بەبیر هیّنابیّتەوە کە ئەمان چەند بیّهیّزبوون لیّرەدا. چەند کۆنترۆلّیّکی کەمیان هەبوو بەسەرئەوەی کە دەتوانرا رووبدات. بیرکردنەوەکانی وەلانا، سەری دانەواندو بۆنی ئەو سەرە بچکۆلانەیەی کرد. هەمووجار هەمان بۆنی هەبوو، کە بۆنی خوشكو برا بچووکەکانی دەدا. هەروەك بۆنی منالّی دراوسیّو خزمەکانی. بۆنی پیّستی خاویّن، شیّدارو قژی نەرم. بۆنی دەستپیّکیّکی نویّ.

★

ڕۆژی پێنجەم، شەشەم و حەوتەوم بەسەر یەکدا تێپەڕین. ساموێل ڕۆژانە خەتێکی هەڵدەکۆڵی بۆ هەموو ڕۆژێك، بەچەقۆیەکی گیرفانی کە ڕۆژێـك لەبراکەیەوە وەریگرتبوو. خۆیان شۆرد بەسەر قەراخی بەلەمەکەدا، هەندێکیان دەستیانکردبوو بەهەڵکێشانی جلەکانیان لەدەریاکە. پانتۆڵ و تیشێرتەکانیان دانابوو وشك ببێتەوە. ئوسمانە داییی پەڕۆی پێهەڵگیرابوو کە دایکی زوو زوو بۆی دەگۆڕی، بەبێئەوەی زۆر یارمەتیدەربێت. پەڕۆکانی بەهۆی ئاوە سوێرەکەوە ڕەق دەبوون و ڕانەکانی دەسوتانەوە.

★

ڕۆژی هەشتەم هەندێکیان دەمەقاڵێیان بوو. ئێسۆوا دەیوت دەیقد ئاوی زۆری خواردۆتەوە. دواتر هێور بوونەوە، بەڵام بەبێئەوەی بەتەواوی هاوڕابن. تەنها بەبێدەنگی دانیشتن و لەئاراستەی خۆیانەوە سەیری دەریایان دەکرد.

★

ڕۆژی نۆیەم بەنزینی ماتۆڕەکە بەتاڵ بوو. دوانیوەڕۆ بوو، خۆر دەبرژایەوە، بەلەمەکەیان وەستاندبوو تا سوتەمەنی تێبکەن لەیەکێك لەدەبە پلاستیکەکانەوە، وەك ئەوەی هەموو ڕۆژێك کردبوویان. ئەمجارەیان نۆبەی عەبو بوو، کوڕێکی ٢١ ساڵ لەسێنەگال-ەوە. عەبو سەری پلاستیکییەکەی کردەوە، بەنیازبوو تانکی ماتۆڕەکە پڕبکات لەوکاتەدا چاوی بەڕەنگی شلەمەنییەکە کەوت. بەتەواوی هەڵە بوو. وەستاو لوتی لەدەمەکەی نزیك کردەوەو بۆنی کرد.

- خۆ ئەمە ئاوە؟

بەدەموچاوێکی گوماناوییەوە وتی. بۆ چەند چرکەیەك هەموو بێدەنگ بوون. سولەیمان سەرکەوت، لەدواوە لای ماتۆڕەکەوە دانیشت تا بۆنی بکات. عەبو ڕاستی دەکرد. دەبەیەکی تریان هێنا، ئەویش بەهەمان شێوە ئاو بوو، بەتەنها بۆنێکی لاوازی بەنزینو پلاستیکەوە. سولەیمان بەقورسی دەستی بەدەموچاویدا هێنا، لەناوچەوانیەوە بۆ سەر چاوەکانیو دەمی. پاشان چەمایەوەو کۆتا دەبە بەنزینی کردەوە. ئەوانی تر بەتامەزرۆییەوە سەیریان کرد کە خۆی دانەواند، بۆنی پێکهاتەکەی کرد و سەری ڕاوەشاند. ئێسۆوا دەستی کێشا بەماتۆڕەکەداو دەستیکرد بەجنێودان بەدەریای بەرین بەدەنگی بەرز. ئوسمانە بەناڵان دەگریا لەترسا، ئیسۆوا هاتەوە سەرخۆی. زۆرێك لەکوڕە گەنجەکان کەوتنە گفتوگۆی ئەوەی کە ڕوویدا. هەڵخەڵەتێنراون؟ بەویست بەنزینی کەمیان پێداون، بۆئەوەی پارە پاشەکەوت بکەن، یان ئەوە هەڵەیەك

بووە؟ لەوانەیە بەهەڵە حسابیان کردبێت؟ دەبەکانیان لێ تێکچووبێت؟ وتووێژەکان ژاوەژاویــان بەزمانی جیاواز جیاواز دروســت کردبوو. لەکۆتاییدا، لەشتە پشتگوێنەخراوەکە نزیك بوونەوە، بریاری ئەوەی کە دەبێت چی بکەن. چ جۆرە هیوایەك هەبوو تا بگەنە جێ؟ چەندێك بەنزینیان پێ مابوو؟ سولەیمان سەیری تانکی بەنزینەکەی کرد.

سولەیمان وتی

- نزیکەی نیو تانکی.

چەند کاتژمێرێکی تریش بـڕی دەکـرد گـەر لەسەرخۆ و یەکسان لێیانبخوڕیایە. ساموێل هێڵەکانی قەراخی بەلەمەکانی ژمارد. نۆ رۆژ بوو لەرێگە بوون. کەواتە لەوانەیە تەنها رۆژێك یان دوو رۆژیان بمایە. بەڵام ئێستا، بەبێ ماتۆڕ؟

سولەیمان سەری بەنزینەکەی داخستەوەو وتی کە ئەوەندەی دەتوانن دەبێت لێبخوڕن، لەوێشەوە بەرێی دەکـەن. ماتۆرەکەی ئیشپێکرد. بەلەمەکە بەخێرایی بۆ پێشەوە رۆیشتو کەفێکی سپی هێڵێکی دروست کرد لەدواوەی بەلەمەکە، وەك هێڵەکانی ئاسمان لەدوای فرۆکە.

کەس قسەی لەگەڵ کەسدا نەدەکرد. کەس نوکتەی نەدەگێڕایەوە، یان منگە منگ بکەن یان باسی ژیانی خۆیان بکەن لەنیشتیمان. هەموویان بێدەنگ دانیشتبوون و چاوەڕێی ئەو دەنگەیان دەکرد کە دەیانزانی

دێت، ئێستا یان تۆزێکی تر. دەنگی وەستانی ماتۆرێك.

ئێوارە درەنـگ روویـدا. سەرەتا هەندێك کۆکەی کـورتو نایەکسان لەماتۆرەکەوە هات. دواتر پانکەکەی خاوتر بـووەوە. چەند جارێك ماتۆرەکە خرە خری کرد کاتێك کۆتا دڵۆپە بەنزینەکان بەسوتێنەرەکەدا رۆدەچوون. پاشان پانکەکەی وەستا. بەلەمەکە بەهێواشی بەئاوەکەدا رۆیشت، هەتا وەستا لەسەر رووی ئـاوەکـەو شەپۆلەکان دەیـبرد... بێدەنگیی.

ئیبراهیم بەترسێکەوە لەچاوانیدا پرسی.

- ئێستا چی بکەین؟

دیەنبا بەهێواشی دەیکێسا بەپشتی کورەکەیدا.

- ئێستا تەنها خوا بڕیار دەدات.

دیەنبا ئەمەی وتو دەستیکرد بـەپـاڕانـەوە. هەندێکی دیکەشیان هەمان شتیان کرد. هەندێك بۆ خوا، هەندێك بۆ الله، ئەوانی دیکە بۆ پەروەردگارێك کە چیتر کەس بەبیری نەمابوو. شەو باڵی بەسەر ئەو لاشە تێکشکاوانەدا کێشا. تاریكو ئارام.

★

هەموو ڕۆژی دەیـەم بەهێواشی بەشینابیدا ڕێیانکرد، بەبێئەوەی بزانن شەپۆلەکان بۆ کوێیان دەبات. گەر بێبەخت بن، ئەوا دەکەونە ئەو سیستەمە «با»ییەوە کە لەدەرەوەی ئەفەریقاو زەریای ئەتڵەسەوە هەڵدەکات. «بـا»ی بازرگانی. هەرچۆنێك بێت دوای چەند مانگێك دەگەیشتنە کاریبیا، زۆر دوای ئەوەی کە هەموویان دەمـردن. بەڵام وادیار نەبوو کە بەرەو ڕۆژئاوا بڕۆن. یەکێك لەپیاوە بەتەمەنترەکانی ناو بەلەمەکە، ماسیگرێکی سینەگالی، چاودێری ئەستێرەکانی کردو وتی کە لەسەر ڕێڕەوێکی ڕاستن، بەرەو باکور.

وتیشی بەبەخت بوون کە لەم وەرزەدا بوون.

کۆچکەرانی بەلەمەکە، پاشەکەوتی ئاوەکـەیـان دەکـرد. لەدەبە بەنزینەکانیان دەخواردەوە گەرچی تووشی سەرئێشە دەبوون پێی.

★

ڕۆژی سیانزەیەم خواردنیان پێنەما.

★

ڕۆژی شانزەیەم، یەکەم کەسیان لێ مرد. زەکەریا. پیاوە سی ساڵەکەی لەتۆگۆوە هاتبوو. کەسە بیست ساڵەکەی کە لەمالییەوە هاتبوو، تراورێ، لەتەنیشتیەوە بوو و یەکەم کەس بوو پێی زانی. تراورێ شانی زەکەریای

جوڵاند، بەڵام کاردانەوەی نەبوو. بەتەواوی بێجوڵە پاڵکەوتبوو و دەمی کرابۆوە. لێوانی وشك. تیشێرتێکی سوور. دوعایان بۆ کردو لاشە بێ ڕۆحەکەیان خستە دەریاوە. دیەنبا هەموو ڕووداوەکەی لەئوسمانە شاردەوە بەوەی لەباوەشیدا یاری لەگەڵ دەکرد. لەتەنیشتیانەوە دەنگی شڵپەی زەکەریا هات کە بەر ئاوەکە کەوت. سامویل لەسەروو بەلەمەکەوە سەیری دەکرد. تیشێرتە سوورەکەی هێواش هێواش نوقم بوو و دیارنەما. برسێتی تەنگی پێ هەڵچنیبوو، لەچرکەساتێکدا بەخەیاڵیدا هات کە نەدەبوو زەکەریایان فڕێ بدایە. باشتربوو بیانخواردایە. بیرکردنەوەکەی وای لێکرد لەشەرمەزاریدا سەری دانەوێنێت.

تراورێ لەتەنیشتیدا دانیشتبوو و بەبێدەنگی دەگریا. فرمێسکەکان ئارامانە بەسەر ڕوومەتیدا دەهاتنەخوارەوە.

★

ڕۆژی حەفدەیەم ئیتر سامویل لەهێڵ هەڵکۆڵین وەستاو چەقۆکەی هەڵدایە ئاوەکەوە. برسێتی دەستی بەکێشانەوە کردبوو. لەم ڕۆژانەی دواییدا وەك ئاژەڵی لێکردبوو، بەڵام ئێستا وەك ئەوە بوو کە دەستی هەڵگرتبێت. چاوی تروکاندو چاوی کەوتە سەر قۆڵ و قاچی گرێدراو و سەری شۆڕبۆوە بۆسەر ئەرز. هەموویان بۆگەنیان لێدەهات. بۆنی میز، ئارەق و پیسایی. هیچیان تاقەتی خۆشۆردنیان نەمابوو، یان ئەوەی

جلەکانیان لەئاو هەڵکێشن. هەر بەهەمان پانتۆڵو تیشێرتەوە بوون، رۆژ دوای رۆژ.

★

رۆژی هەژدەیەم دیسان شەریان لەسەر ئاو کردەوە. هەمووکات هاوڕابوون لەسەر ئەوەی کە دیەنبا زۆربەی ئاوە پاکەکەی بەربکەوێت، لەبەرئەوەی شیری دەدا. ئێسۆوا نزیکەی هەموو رێگاکە دەمی نەکردبۆوە. وەك ئەوەی هیچ شتێکی نەبێت ئارەزووبکات لەگەڵ ئەوانی دیکەدا بەشی بکات. ئێستا بێدەنگییەکەی شکاندو دەبە ئاوەکەی لەدەست دیەنبا رفاند.

- بۆچی ئەبێت ئەو ئاوی زیاتر لەئێمە بەربکەوێت؟ هاواریکردو دەبە ئاوەکەی لەبەردەمیدا گرت. شتێکی هەڕەشەئاسا هەبوو لەشێوازی وەستانەکەیدا. تەحەدایەك هەبوو لەتۆنی دەنگی، شێوازی گرتنی دەبەکە لەبەردەمیدا. دیەنبا خۆی کێشایە دواوەو کوڕەکەی توند بەخۆیەوە نووساند. لەکۆتاییدا سولەیمان قسەی کرد.

بەهێواشیو کۆنترۆڵەوە وەڵامی دایەوە.

- دەبێت زۆرترین ئاوی بەربکەوێت، چونکە شیر دەدات.

- باش، بەس ئەی خوایە. نازانن بەهەر جۆرێك بێت هەر دەمرێت؟

ئێسۆوا بەردەوام بوو لەقسەکردن.

– ئەوانی ترمان هەلێکمان هەیە... بەڵام ئەو منالە؟ بەتەواوی نامەعقولانەیە!

شەپۆلەکان هێشتا شڵپەیان دەهات کە بەر بەلەمەکە دەکەوتن. ئێسۆوا هێشتا بەدەبە ئاوەکەوە لەبەینی قاچەکانیدا وەستابوو. کورە بچووکەکە لەباوەشی دایکی دانیشتبوو. سولەیمان داوای لەئێسۆوا کرد دابنیشێت، بەڵام ئەو هەر بەپێوە مایەوە بەشێوە دەربڕینێکی کەلەڕەقانەوە. سامۆیل دەستی برد بۆ گیرفانی کە وەك هەمیشە چەقۆکەی تیادا بوو، چەند چرکەیەك دەستی تیادا گێڕا پێش ئەوەی بیریبکەوێتەوە کە هەڵیدابووە ئاوەکەوە. ئیبراهیم شتێکی بەزمانی یۆروبا وت، زمانێك کە تەنها خۆی‌و ئێسۆوا تێدەگەشتن. هەوڵیدەدا بیهێنێتەوە سەرخۆی، بەڵام پێیانبڕی. سولەیمان دیسان قسەی کردەوە.

- باشە.

دەنگی بەرزکردەوە تا هەموو گوێیان لێبێت.

– گەر یەکێك لەگەڵ ئێسۆوادا هاوڕایە، با دەستی بەرز بکاتەوە.

دوو کەسیتر بەدوودڵیەوە دەستیان هەڵبڕی. عومەرو دیبی. مرۆڤ دەیتوانی بەسەری داخستوویاندا ببینێت کە شەرمەزار بوون، بەڵام دەستیان هەڵبڕی. ئەوانی دیکە بێدەنگ دانیشتبوون. ئێسۆوا دیسان

دانیشتەوە.

- چاکە.

سولەیمان بەشێوەیەکی ڕەق وتی.

– ئێستا یەکلایی بووەوە. گەر یەکێکیتر لێرە لەسەر شتێك هاوڕا نەبوو، دێت بۆلای خۆم، باشە؟

کەس وەڵامی نەدایەوە.

- پرسیارم کرد وتم باشە؟!

هاواری کرد. عومەر سەری بەڵێی لەقاندو جارێکیتر شەرمەزار بووەوە. سامویێل هەستی بەخوێنی خۆی دەکرد کە بەناو لەشیدا ترپەی دەکرد. هەندێك لەوانی دیکە هەوڵی دووبارە دەستپێکردنەوەی گفتوگۆی بچووکیاندا. پەردەپۆشکردنی ئەوەی ڕوویدا. ئێسۆوا بێدەنگ دانیشتبوو و پشتی تێکردبوون لەوپەڕی بەشی پشتەوەی بەلەمەکە. شەپۆلەکان شڵپەیان دەدا لەبەلەمەکە. لەکۆتاییدا شەو هاتو لەتاریکییەکی خامۆش و گەورەدا هەمووشتێکی داپۆشی.

★

بەیانی دواتر، ڕۆژی نۆزدەیەم، ئیبراهیمیان بەمردوویی دۆزیەوە.

سولەیمان‌و ئێسۆوا خستیانە ناو ئاوەکەوە. خامۆش، وەك جۆرێك لەوەستاندنی تەقەکردن وابوو. سامویێل لەلاوە دانیشتبوو و کەمێك لەپرژەی ئاوەکەی بەرکەوت لەوکاتەدا کە لاشەی ئیبراهیم بەر ئاوەکە کەوت. بۆ چەند مەترێك دوورکەوتەوە، لەسەرخۆ جۆلانەی دەکرد لەسەر رووی ئاوەکە هەتاوەکو لاشەکە بەرەو نووقوم بوون چوو. سەرەتا قاچەکانی‌و بەشی سەرەوەی لەشی. قۆڵەکانی. لەکۆتاییدا سەری نووقوم بوو، سامویێل تەنها وەك پەڵەیەکی رەش دەیبینی کە بچووك‌و بچووکتر دەبووەوە، هەتاوەکو بەتەواوی دیارنەما. تەنها شت کە دەتوانرا لەدەریاکەدا ببینرێت، رەنگە شینەکان‌و تیشکەکانی خۆر بوون کە تێپەڕی قولایی دەبوون. سامویێل پاڵیدایەوە تا لەگەرمادا خەوبیباتەوە. کاتژمێرەکان تێپەڕین.

پاشان شتێکی بیست، شڵپەیەك. شەپۆلێك ماسی فڕیوو لە شەپۆلە ئاوەکانەوە، لەوانەیە لەترسی شتێك لەژێرەوە بەوجۆرە بێنە سەرەوە. یەکەمجار یەك دانە کەوتە بەلەمەکەوە، بەڵام بۆ چاوتروکانی دواتر پێنج ماسی تر فڕینە ناوەوە. شڵپ، شڵپ، شڵپ. ماسیەکان لەناو بەلەمەکەدا کەوتبوون‌و ئەم دیوو و ئەودیوویان دەکرد کاتێك بۆ هەناسەدان خۆیان بەرز دەکردەوەو باڵە درێژە فڕیوەکانیان دەکێشایەوە بۆ لاکان.

سوپاسی خوایان کردو ماسیەکانیان بەشکرد. بۆ یەکەمجار سامویێل ماسی بەکاڵی خوارد. ئەوەندە تامی ناخۆش نەبوو کە بیری لێدەکردەوە. هێشتا ئاویان مابوو و هێشتا دەریا ئارامانە لەدەووریان بوو.

★

ڕۆژی بیستەم، سامویێل بوو بەهەژدە ساڵ، بۆیەکەمجار گریا، لەشەودا، کاتێك کە هیچ لەوانیتر نەیاندەبینی. پاسپۆرتەکەی لەگیرفان دەرهێناو هەڵیدایە دەریاوە. هێواش بەدەم ئاوەکەوە شەپۆلی دەدا، لەبەر تریفەی مانگدا ئەدرەوشایەوە، پاشان لەئاوە رەشەکەدا نوقم بوو. چەندی تری مابوو تا پاشماوەی خۆشی بەهەمان ئاکام بگات؟

★

ڕۆژی بیستو دوو، چوار کەسی تریان لێ مرد. عەبدوڵایی، عومەر، نەدیە و یوسف. جیاکردنەوەی زیندووەکان لەمردووەکان سەخت بووبوو، لەبەرئەوەی هەموویان چاوی نیشتوو و داخراویان هەبوو. هەموویان بێجوڵە لەژێر ئەو خۆرە سوتێەرەدا پاڵکەوتبوون.

کاتێك بۆیان دەرکەوت مردوون کە دەبە ئاوەکەیان بەناو خۆیاندا دەگێڕا. هیچکامێکیان وەریان نەگرت. کاردانەوەیان نەبوو کاتێك قسەیان لەگەڵ کرا یان پاڵیان پێوەنرا، سەرەکانو قۆڵەکانیان بێجووڵە لەلاوە کەوتبوو. سولەیمان لێدانی مەچەکی هەر چواریانی پشکنی پێش ئەوەی داوا لەسامویێل بکات تا یارمەتی بدات بیانخەنە ناو ئاوەکەوە. لاشەکانیان قورس بوون، قۆڵو قاچیان بێ ڕۆحانە دەجوڵایەوە لەلاکانەوە. دەموچاویان بەتەواوی ساف بوو، پاك بوو.

یەك لەدوای یەك لەقولاییدا نوقوم بوون. بەبێ هیچ وتارێك. بەبێ هیچ کۆتا وشەیەك بۆ ناردنیان. تەنها بەرزکردنەوەیەك. تەنها دەریابوو کە خۆی بۆ کردنەوەو لاشەکانیانی قووتدا.

★

عەبدولایی

گەر تەنها یەك بیرەوەری هەڵبژێریت لەو ژیانەی کە هی تۆ بووە، چی دەبووە؟ هەستی سەرکەوتویی کاتێك لەتەنیشت دایکتدا پاڵکەوتبووی وەك منالٚ؟ یان لێوەکانی یەکەم یارتو بۆنی هەناسەکانی بەرەو دەموچاوت؟ یان لەوانەیە، تەنها گەرمی خۆر کاتێك دەیدا لەپێستت لەبەردەرکی ماڵەوە؟

عومەر

لەگەڵ تۆدا بیرەوەری گەشتێکی راوەماسی ون دەبێت، کە بەمناڵی لەگەڵ باوکتدا کردووتە. باڵندەکان کە رێك بەسەر سەرتاندا دەفرین. ئەو خۆشییەی کاتێك قولاپی ماسییەکە دەجولایەوە. بینینی باوکت کە دانیشتبوو و گۆرانی ئەچڕی کاتێك ماسیەکەی چاك دەکرد.

نەدیە

گەر ئەو کەسانەی تۆ باش دەتناسین وتاری ناشتنەکەتیان بخوێندایەتەوە، ئەوا باسی زەردەخەنەکەیان دەکردیت. ئەو زەردەخەنە گەورەیە. باسی پێکەنینە سارییەکەیان دەکردیت، باسی ئەوەی چەندێکت حەز لێبوو بچیتە ناو بازاڕ، سەردانی دوکانی سیدی بکەیتو بەکاتژمێر بووەستیت بۆ گوێگرتن لەگۆرانی نوێ. ئەنجەلیك کیدجۆ. روقیە تراورێ. کیین. کۆڵد پلەی. لەوێ دەتوانی بوەستیت، بەچاوی نوقاوەوە، دەستتەکانت لەدەوری هێدفۆنەکەو زەردەخەنەیەکی گەورە، لەکاتێکدا جەستەت جوڵانەی دەکرد، لەلاوە بۆ لا.

یوسف

ئەو دەستە نۆزدە ساڵانەیانەت هەر لەئێستاوە زبر بووە لەئیشکردن بەچیمەنتۆ و لەبینا دروستکردندا. لەگەڵ تۆدا بیرەوەریەکانی تیشکی خۆر لەناو دەچن کە بەناو تۆزی کۆنکرێتدا ئەدرەوشانەوە. تیشکدانەوەی کانزا لەکرێنەکانەوە. پشووە درێژەکان بەخواردنو رادیۆوە.

★

ساموێل پاڵکەوتەوە. لەجێگەیەك لەنێوانیاندا یەکێك دەگریا.

★

کە خۆر هەڵهات بۆ رۆژی بیستو سێیەم، دیسان شەپۆلێکی باڵندەیان بینیەوە. نیشانەیەکی باش بوو. واتای ئەوە بوو نزیکی وشکانین. دوای چەند کاتژمێرێك بۆ یەکەمجار هەوریان بینی. سولەیمان ئەنیشکێکیدا بەساموێل داو ئاماژەی بۆ هەورە درێژکۆلەکە کرد، بەبزەیەکەوە.

- دەزانیت ئەوە واتای چییە؟

ساموێل سەری راوەشاند. هیچ ئەزموونێکی لەسەر دەریا نەبوو.

- سەیری شێوەی هەورەکە بکە.

سولەیمان بەردەوام بوو.

— ئەوە ئەوجۆرە هەورانەن کە لەسەروو دورگەوە دروست دەبن. تەنها دورگەکە کەمێك بچووکتر دەبێت.

دەستی بەرزکردەوە تا نیشانی بدات مەبەستی چییە.

چەند کاتژمێرێك دواترچاویان بەئاسۆیەکی رەشی وشکانی کەوت، رێك لەژێر هەورەکەوە. سولەیمان راستی دەکرد. دوورگەکە رێك هەمان پانتایی هەبوو. وەك وێنەدانەوەیەکی ئاوێنە.

★

ڕۆژی بیستو چوارەم، ئەوەندە نزیك ببونەوە کە دەیانتوانی شەپۆلەکان ببینن کە لەتاشە بەردەکانی دەدا. سامویل هەستایە شوێنی بەرزی بەلەمەکەو بەرەو دورگەکە ڕوانی. شەقامێکی ئۆتۆمۆبێل. کەنار دەریایەکی لمین. پاشان چاوی پێی کەوت. کچێکی سپی بەجلی وەرزشەوە کە لەقەراخی ئاوەکەدا وەستابوو. دەستەکانی بەرز کردەوەو رایوەشاندن تاوەکو کچەکە بیانبینێت. کچەکەش بەدوودڵیەکەوە دەستی بەرز کردەوە. سامویل ئارەزوی پێکەنینی هەبوو. سەرکەوتوو بوون! گەیشتن.

گەیشتن!

# ١٢

## ماڵە بەجێهێڵراوەکە

ئێمیلیە مەلەی کرد بۆلایان. چەند کوڕێکی گەنج، منداڵێکی بچووك‌و ژنێك بەجلی فراوان‌و ڕەنگاوڕەنگەوە لەسەرو بەلەمەکەوە تەواو بێدەنگ‌و حەپەساو تەماشایان دەکرد. ئێمیلیە گەیشت بەگوریسەکەو جارێك بەمەچەکیدا بایدا و بۆ وشکانی مەلەی کرد. وادیاربوو گوریسەکە ئەوەندە درێژە کە ئەم بتوانێت بگاتە وشکانی پێش ئەوەی پێویست بکات بەلەمەکە رابکێشێت. ئاوا زۆر ئاسانتر بوو. مەلەکردن بە بەلەمێکی وا گەورەوە شتێك نەبوو ئێمیلیە دڵنیابێت کە لە توانایدایە یان نا. گەروا نەبوایە چی بکردبا؟ نەیدەتوانی داوایان لێبکات مەلە بکەن، لەتوانای ئەوەدا نەبوون. ئەوکات ناچاردەبوو تەلەفۆن بکات بۆ یارمەتیدان. هیچ ڕێیەکی دیکە نەبوو.

گوریسسەکە لەلاوە شل‌و شێواو دەبـووەوەو قاچی دەڕوشاند کاتێك، کە مەلەی دەکرد. سەری بەرز کـردەوە. ساموێل هەستابووە سەرپێ لەلای

قەراخی ئاوەکەوەو تەماشای دەکرد. هەندێکی تریان لەبەلەمەکەدا بوژابونەوەو تەماشایان دەکرد. گوریسەکە خەریك بوو توندو رێك دەبۆوە،و ئێمیلیە سەری نوقم کردەوە تا بزانێت قوڵیەکە چەندە. ئەرزەکە رێك لەژێر پێی دا بوو، بۆیە قاچەکانی داناو ئاوەکە تەنها تا سەر شانەکانی دەگەیشت. ئێمیلیە گوریسەکەی بەهەردوو دەست گرتو دەستیکرد بەراکێشانی بەلەمەکە بەدوای خۆیدا. ئەوەندەی لەتوانایدابوو رایکێشا، بەڵام بەئەستەم دەجوڵایەوە. بەلەمەکە تەنها تۆزقاڵێك بۆلای سورایەوە. قۆڵەکانی دەلەرزین. ئاوەکە لەگوریسەکەوە دەچۆڕایەوەو دەبریسکانەوە لەبەر رۆشنایی خۆر. دواتر لەکۆتاییدا بەلەمەکە بەئاوەکەدا تێدەپەڕی. هەرئەوەندەی کەوتە جوڵە، ئیتر ئاسانتر بوو. بۆ دواوە نوشتایەوەو بەلەمەکەی راکێشا مەتر بەمەتر، تا وشکانی. ئەوکاتەی لەکەنارەکە نزیك بووەوە، ساموێل هاتە پشتەوەی و یارمەتی کۆتا راکێشانیدا، پاشان لەخاکە لمینەکە خشاو وەستا. ژنەکەی منداڵەکەی پێبوو بەدەستە بەتاڵەکەی خۆی بەقەراخی بەلەمەکەوە گرت. لەهەمانکاتدا پیاوێکی کەمێك بەتەمەنتر لەپێشەوە وەستابوو و خۆی بۆ دابەزین ئامادە دەکرد. ئێمیلیە چوو بۆلای و قۆڵی پیاوەکەی گرت بۆ یارمەتی هاتنەخوارەوەی. ساموێل دەستی ژنەکەی گرت بەمنداڵە بچووکەکەوە. یەك لەدوای یەك هاتنە سەر وشکانی. زۆر خراپ بۆگەن لەهەندێکیانەوە دەهات، ئێمیلیە دەبوو خۆی رابگرێت تا بەبۆنەکە تێکنەچێت. پاشان بەریز لەسەر لمەکە دانیشتن. سیانزە پیاو لەتەمەنی جیاوازدا، ژنێك و منداڵێك لەتەمەنی نزیکەی ساڵێکدا. هەموویان شەکەت. ماندویی و لێڵی لەچاوانیاندا بوو، وەك ئەوەی شتێکیان لەدونیایەکی دیکەوە بینیبێت. ژنەکە هەوڵیدا شیر بدات، بەڵام منداڵەکە

رووی لەگۆی مەمکیەوە وەرگێڕاو دەستی کرد بەقیژاندن. ژنەکە، هێشتا بەو نیگا نارِوونەیەوە لەچاوانیدا، تەماشای ئێمیلیەی کرد.

- ئاو؟

بەئینگلیزی پرسی.

ئێمیلیە سەری لەقاند، خێرا رۆیشت بۆ لای پشتوێنەکەی‌و دەبە گەورەکەی تێیدا. ژنەکە سەرەتا خۆی قومێکی خواردەوەو پاشان دەبەکەی کرد بەدەمی منالەکەیەوە. بەزوویی دەبەکە بەتاڵ بوو. ئەبوو ئاوی زیاتر بهێنیت، تەنها ئاویش نا، بەڵکو خواردنیش. بەدڵنیاییەوە بەتەواوی برسی بوون. ئێمیلیە رووی کردەوە سامویێل.

- دڵنیای کە باشترە پەیوەندی بەپۆلیسەوە نەکەین؟

- بەڵێ. ئێستا باشین.

وەڵامی دایەوە.

هەندێکی دیکەیان سەری هاوڕابوونیان لەقاند، لەکاتێکدا کە زۆربەیان بەسەری دانەویوەوە دانیشتبوون. ئەوانیش دەیانزانی، ئێمیلیە بیری کردەوە. کە تەنها دەنێردرێنەوە گەر پێیان بزانن. چۆن وێراویانە ژیانیان بخەنە مەترسیەوە کە بەمەیان دەزانی؟

سامویێل وتی.

- تەنها کەمێك ئاوی زیاترمان پێویستە.

بۆ چرکەیەك ئێمیلیە بیری کردەوەو تیشێرتو سترێچەکەی لەبەرکردەوە. بەتێڕوانینی سامۆیلی زانی لەسەر جەستەی ئەم. دەبێت خواردنیشیان پێبدرێت، بەڵام ناوشار مەودایەکی باش لێوەیان دووربوو. ئاماژەی بۆ خانووە بەجێهێڵراوەکە کرد کە بەئەستەم لێیانەوە دیاربوو.

- لەتواناتاندایە تا ئەوێ بەڕێدا بڕۆن؟

بێدەنگیی.

نەورەسێکی سپی بەسەریاندا فڕیو بەسەر ئاوەکەدا قیژاندی. سامۆیل دووبارە رووی بۆ ئێمیلیە وەرگێڕا بەچاوی پڕ پرسو لێکۆڵینەوەوە وتی.

- شوێنێکی بێترسە؟

ئێمیلیە شانی هەڵتەکاند. بێترس؟ چی شتێك بێترس بوو لێرە بۆیان ئەوەندەی دەسەڵاتدارەکان کاریان بکردبا بۆ ناردنەوەیان بۆ ئەو شوێنەی لێوەی هاتوون؟ بۆ شوێنێك کە ژیانیان خستۆتە مەترسیەوە لەسەر دورکەوتنەوە لێی؟

وەڵامی دایەوە.

- بەهەرحاڵ چۆڵە.

کەسیان هیچیان نەوت. واتای ئەوەبوو کەسیان پێشنیارێکی باشتریان لا نەبوو. پاشان دەستیان کرد بەڕۆشتن. یەکەمجار ئێمیلیە. دواتر سولەیمان، کە یارمەتی ژنەکەیدەدا بەمناڵەکەوە تا بەسەر بەردە سەختەکاندا سەر

بکەوێت بۆ لای ڕێگە چەوەکە. ئێمێلیە چەند جارێك ئاوڕیدایەوە تا بزانێت ئەوانی دیکە چۆنن، کە ئایا بەرگەی تێکۆشان دەگرن.

بەهاندانەوە وتی.

- وا خەریکە دەگەین.

تەنها سامویێل سەری بەرز کردەوەو زەردەخەنەیەکی بۆکرد. ئەوانیتر خۆیان لێ زیادەبوو، بەوەی قاچێك بخەنە پێش ئەوی تر. لەسەر گردەکەوە خانووەکەی لێوە دیاربوو و دەستی بۆ ڕاکێشا.

-کەسی لێیە؟

سامویێل پرسی.

ئێمیلیە سەری ڕاوەشاندو وتی کە خاوەنەکەی ڕۆشتووە. بەڵام دەیتوانی تەواو دڵنیابێت؟ ئەی مریشکەکان چی کە لەحەوشەکە بینیبووی؟ چی گەر ماسیگرەکە بەهەرجۆرێك بێت گەڕابێتەوە، ئەوکات چیان بکردایە؟

ئێمیلیە دەروازەکەی کردەوە. ماڵەکە ئارام بوو. دیواری بۆیە نەکراوی، بلۆکی ڕەساسی پڕ لەچیمەنتۆ لەنێوانەکانیاندا. جەمەلۆنی کانزا. ئێمێلیە لەدەرگایدا، بەڵام کەس وەڵامی نەدایەوە. جارێکیتریش بۆ دڵنیایی لەدەرگای دایەوە. کوڕە بچووکەکە، کە لەهەڵبەزو دابەزی ڕۆشتنەکەیاندا خەوی لێکەوتبوو، دەستیکرد بەقیژاندن. دایکی ڕایوەشاند بۆ ئارامکردنەوەی. یەکێك لەپیاوەکان تەماشای مریشکەکەی کرد کە ڕایدەکرد لەحەوشەکەدا. ئێمیلیە دەسکی دەرگاکەی بادا بەرەوخوارەوە. بەکلیل دانەخرابوو.

بەوریاییەوە کردیەوەو ڕۆشتە ژوورەوە.

- هەلاو؟

بەئینگلیزی هاواریکرد. کەس وەڵامی نەبوو. بەئیسپانی هەوڵیدا.

– ئۆلا؟

بەهۆی وەڵام نەبوونەوە، بەئاگاییەوە ڕۆشتە ژورەوە بۆ مەدخەلەکە. زەوییەکی روتی چیمەنتۆ دەچووەوە سەر چێشتخانەیەكو ژوورێکی وەك دانیشتن. ڕۆژنامەی قەدکراو، لقەدارو عەلاگەی نایلۆن بەپەرژو بڵاوی لەوناوە کەوتبوون. چێشتخانەکە کەوانتەرێکی هەبوو کە چەند دەبە ئاوێکی پڕی لەسەربوو، لەگەڵ مێزێکی بچووكو کورسیەك کە دارەکەی لەشێوەی پرچدا هۆنرابۆوە، تەباخێکی غاز بەغازهەڵگرێکی روونو پرتەقاڵی لەژێریدا. بەتەمەنترینیان، پیاوێك بەفانیلەیەکی ڕەشو ریشێکی لولی کورتەوە، ڕێك بۆلای دەبە ئاوەکان چوو و دوانیانی هەڵگرتو بۆلای ژنو مناڵەکە چوو. هەریەکەیان دانەیەکیان گرتو خواردیانەوە. ئێمیلیە بێدەنگ لەسەر ئەرزەکە وەستابوو لەنێوانیاندا. نەیدەزانی بڵێ چی یان چی بکات. پیاوەکەی کە بەفانیلەکەوە بوو، ئاوەکەی دایە ئەوانیترو ڕۆشت بەرەو تاکەکانی کەوانتەرەکە.

پیاوەکە وتی.

- سامویێل.

– یارمەتیم دەدەی بەدوای شتێکی خواردندا بگەڕێین؟

ئێمیلیە یارمەتی دان. سەلاجەکە تارادەیەك بەتاڵ بوو. تەنها دوو پرتەقاڵو سینیەك پیاز. ئێمیلیە پرتەقاڵەکانی دەرهێناو دای بەژنەکە، کە یەکسەر دەستیکرد بەپاککردنیان. هەندێك لەوانی دیکە بێ پشوودرێژی وەستابوون لەدەوری‌و چاوەڕێیان دەکرد. قاژە پرتەقاڵی خۆیان برد، چاوەکانیان نوقاند کاتێك دانیان پێستەکەی دەبڕی. یەکەم تامی خواردن دوای چەند رۆژێك. هەندێکیان تەنها لەپەنا دیوارەکەدا دانیشتبوون بەسەری داخراوەوە.... شەکەت.

زیاتر گەڕان. لەسوچی تاکەکەدا قووتویان دۆزیەوە. تەماتە، هەرمێ‌و گۆشتی بەرازی لەقووتوکراو. دەستپێکێکی چاك بوو. ئێمیلە چەکمەجەکان گەڕا بەدوای قووتوکەرەوەیەکداو چاوی بەدانەیەك کەوت بە دیوارەکەوە. سامویڵ دەستیکرد بەکردنەوە قووتویەك لەهەرمێی لەقووتونراو. دەستەکانی دەلەرزین، ئێمێلیە لەدەستی وەرگرت. دوان لەپەنابەرەکان لەدەوری کۆبونەوەو بەچاوی پەرۆشەوە چاوەڕێی یەکەم قووتوی کراوەیان دەکرد. هەرئەوەندەی لەکردنەوەی تەواو بوو یەکێکیان قووتوەکەی لەدەستی فڕاند، بەڵام لەلایەن ئەو پیاوەیەی کە فانیلەکەی لەبەردابوو وەستێنرا کاتێك کە داوای لێکردن دابنیشن. وتی دەبێت دابەشی بکەن. ئێمیلیە تێڕوانینی کورە گەنجەکەی بینی، کە ئاوڕی دایەوەو رۆیشت بۆلای ئەوانی تر. تێڕوانینێکی رقاوی بوو. ئەمە چی بوو خۆی تێوە گلاندبوو؟ ئایا دەیزانی کە بەهیچ جۆرێك پارێزراوە؟ ئاگاداری ئەوەبوو کە پشتی لەوان نەبێت کاتێك باقی قووتوەکانی دەکردەوە. سامویڵو پیاوەکەی بەفانیلەکەوە بوو قووتوەکانیان هەڵگرت بۆلای ئەوانی ترو لەناو خۆیاندا گێڕایان. زۆربەیان بەدەست دەیانخوارد لەجیاتی بەکارهێنانی چەتاڵ.

یەکێکیان نیوە هەرمێیەکی بەدەست هەڵکۆڵی و هەموو پارچەکەی دەخستە دەمیەوە بەیەکجار. بەتەرکیزەوە دەیانجویی، لەهەمانکاتدا ئاوەکەی لەنێوانی پەنجەکانیانەوە دەهاتە خوارەوە. ئەوانیتر وریاتر پارچەیان دەبرد. یەکێکیان بەبۆنەکەی تێکچوو. وتی کە لەتوانایدا نەبوو شت بخوات. پیاوەکەی بەفانیلەکەوە بوو، کەوچکێکی هێناو چەند کەوچکێك لەشەربەتەکەی کرد بەدەمیەوە، بەڵام بەوەش تێکچوو و دەبوو چاوەڕێ بکات. ئەوانەی موسوڵمان بوون گۆشتە بەرازەکەیان تەنها دەگەیاند بەوانی دیکە بێ خواردنی. ژنەکەی منداڵەکەی پێبوو، بەکەوچکەچا کورەکەی تێر دەکرد. ئێمیلە وەستابوو و بەردەوام بوو لەتەماشاکردن. تەماشای شێوازی خواردنەکەیان، ئەو پێویستییە گەورەیەیان. هەر نەشیدەزانی کە ئاوها وەستاوەو چاوی لێ بڕیوون تاوەکو سامویل قۆڵی گرت و داینیشاند. شوێنێکی بەتاڵ هەبوو لەنێوانی ئەو و کابرای فانیلە لەبەردا. بەشی سەرەوەی جلی مەلەکەی هێشتا تەڕبوو، دوو بازنەی تەڕی لە تیشێرتەکەدا دروست کردبوو لەدەوری سنگی. تۆزێك تیشێرتەکەی لەجەستەی دوورخستەوە، قووتوە هەرمێکەی گرت و بەردەوامبوو لەناردنی بۆ سامویل.

سامویل جارێکیتر وتی.

- سوپاست دەکەم.

کێشای بەئەژنۆی ئێمیلیەدا. پیاوە فانیلە ڕەشەکە سەری لەقاندو بەگەرمی زەردەخەنەی بۆ کردو پرسی.

- خەڵکی کوێیت؟

- من؟

ئێمیلیە وەڵامی دایەوە.

– خەڵکی نەرویجم.

سامویێل پارچەیەك هەرمێی قووت داو قووتوە گۆشتە بەرازەکەی وەرگرت. لەبەردەم ئێمیلیەدا رایگرتبوو بۆئەوەی ئەویش خۆی تێربکات گەر بیویستایە. ئێمیلیە سەری راوەشاند.

سامویێل بەردەوام بوو.

- نەرویج؟ لەسویدە؟

ئێمیلە زەردەخەنەیەکی کرد.

- نەخێر. نەرویج وڵاتێکی سەربەخۆیە. لەتەنیشت سویدەوەیە. تۆ خەڵکی کوێیت؟

لەکابرای فانیلە لەبەری پرسیو ئاوڕی دایەوە، بەڵام هەرچۆنێك بێت توانی تێڕوانینی سامویێل ببینێت لەسەر پشتەملی.

ناوم سولەیمانە، لەساحل عاجەوە هاتووم، وەڵامی دایەوە، پارچەیەکی لەقووتویەك تەماتە هەڵگرت.

- ئەوانیتر لەسێنەگال، بێنین، تۆگۆ و مالییەوە هاتوون.

ئێمیلیە سەری بۆ لەقاند، هەرچەندە هەرگیز بێنینو تۆگۆی نەبیستبوو.

ساموێل ئاماژەی بۆ پەناهەندەکانی دیکە کرد، بەڕێز ناوەکانیانی وت. تراورێ، ئەمادۆو، ئۆوسەینۆو. هەندێکیان سەریان لەسەر خواردنەکە بەرز دەکردەوەو بزەیەکیان دەکرد کاتێك ناویان دەهێنرا. ئەوانیتر کاردانەوەیان نەبوو. تەنها بەردەوامبوون لەخواردن، یاخود دەستیان بەسکیانەوە گرتبوو. وا دەردەکەوت خەریك بوو دەرشانەوە. ئێمێلیە بەتایبەت تێبینی ناوی ئەو دوانەی دەکرد کە هەوڵی بردنی قووتوەکانیاندا لەدەستی. ئێسۆوا و دەیڤد.

ئوسمانە، کوڕە بچووکەکە، پاڵکەوتبوو و خەوتبوو لەسەر سنگی دایکی. گفتوگۆکان بەچەند زمانێکی جیاواز بەڕێوەچوو. فەرەنسی، ئینگلیزیو چەند زمانێك کە ئێمیلیە تێی نەدەگەیشت. سەیریکردنو نەیدەتوانی تێبگات کە بەڕاستی بەناو دەریادا کۆچیان کردووە لەو بەلەمە بچووکەدا. ئەبێت زۆر بەپەرۆش بوبێتن. رووی وەرگێڕایەوە بۆلای ساموێل.

- ساموێل؟

- بەڵێ؟

- وتت کە زیاد لەبیست ڕۆژ لەبەلەمەکەدا بوون...؟ نەدەترسان گەشت بکەن لەبەلەمێکی ئاوها بچووکدا؟

- با.

- بەهەرحاڵ هەر گەشتتان کرد؟

- هەڵبژاردەیەکی ترمان نەبوو.

- بارەکە ئەوەندە خراپە لەو شوێنەوەی لێوەی هاتوویت؟

- ئەوەندە خراپ نییە. تەنها ئەوەیە کە ئیش دەست ناکەوێت. هیچ داهاتوویەك نییە. بەهەمانشێوەی هەموو ئەمانی تر کە لێرە دانیشتوون. بەهەمانشێوەی هەموو رۆژئاوای ئەفەریقا.

- چۆن؟

- خەڵکەکە هەژارن. ئیشەکان موچەیەکی خراپیان هەیە، یان مەترسیدارن. بەڵام لێرە...

دەستی راوەشاند تا نیشانی بدات مەبەستی چیە. « لێرە لەئەوروپا».

عەبوو، پیاوێکی درێـژو سیس لـەدەوری بیست ساڵدا، دانیشت لەلای ساموێلەوەو قووتوە هەرمێکەی دایـە. ساموێل بـەرەو ئێمیلیە گرتی. پارچەیەکی زۆر بچووکی تیامابوو لەبنەوە.

، ئێمیلیە وەڵامی دایەوە.

- نا سوپاس، تۆ زیاتر پێویستت پێیەتی وەك لەمن.

بەهێواشی ساموێل سەری لەقاند. وادیاربوو ئێمیلیە تێبینی کردبێت، کە ساموێل چاوێکی گرتە قوڵە باریکەکانی پێش ئەوەی پارچە هەرمێکە بخوات.

ساموێل پرسی.

- ئەزانی کێ لێرە دەژی؟

زۆرێك لەوانیتر لەقسەکردن وەستان تا گوێیان لەوەڵامەکەی بێت.

ئێمیلیە وەڵامی دایەوە.

- ئەوەندەی ئەزانم ماسیگرێکە، پێموابێت بۆ چەند رۆژێك ناگەڕێتەوە.

- چۆن ئەزانیت؟

- چاوم بەپیاوێك کەوت کە بەلای ئێرەدا رامدەکرد. ئەوبوو پێی راگەیاندم.

سولەیمان وەڵامی دایەوە.

- زۆر چاکە، ئەوە کەمێك کاتمان پێدەبەخشێت.

ئێمیلیە پرسیاری کرد.

- بەنیازن چی بکەن؟

سامویێل تەماشای کرد، ئەمجارە بەتێڕوانینێکی وردەوە. ئێمیلیە کەمێك پێی شپرزەبوو. چی دەبینی؟

- نا، یەکەمجار دەبێت هێز بە بەرخۆماندا بهێنینەوە.

بەسوکی سامویێل وەڵامی دایەوە.

- پاشان...

لەوكاتەدا مۆبایلەکەی زەنگی لێدا. زەنگی Old Phone. ئێمیلیە سەیری ناوەکەی کرد. باوکی بوو. کاتژمێر پێنج بوو. چەند کاتژمێریك دەبوو هاتبووە دەرەوە.

وەڵامی دایەوە بەنەرویجی.

- سڵاو؟

ئەوانی دیکە بەتەواوی بێدەنگ بوون. وەستابوون لەجویینو قووتوەکانیان بێجووڵە گرتبوو. باوکی پرسی چی لێهاتووە.

وەڵامی دایەوە.

- باشم.

هەرچەندە ئەوە ئەوە نەبوو باوکی دەربارەی پرسی.

– کەناردەریایەکم دۆزیەوەو تیایدا مەلەم کرد.

تارادەیەك راستی دەکرد. ئەوە شتێك بوو لەم ساڵانەی کۆتاییدا فێری بووبوو. گەر بتەوێت درۆبکەیت، ئەوا دەبێت شتێك بڵێی کە بەپێی توانا لەڕاستیەوە نزیك بێت. گەرنا، ئەوا پێت دەزانن.

باوکی پرسی.

- زۆر دووریت لێرەوە؟ هیوادارم زۆر دوور مەلەت نەکردبێت، دەکرێت مەترسیدار بێت کاتێك...

ئێمیلیە پێی بڕی.

– نا باوکە. ئێستا لەڕێگەم. خوات لەگەڵ.

تەلەفۆنەکەی داخستەوە. ئەوانیتر سەیری ئێمیلیەیان کردو دووبارە دەستیان بەخواردن کردەوە.

سامویڵ پرسی.

- باوکت بوو؟

ئێمیلیە سەری لەقاند.

- دەبێت ئێستا بڕۆم.

سامویڵ دەستی کردە دەستیەوە بۆ تەوقە.

- ئەگەڕێیتەوە؟

پرسیو پەنجە گەورەی بەدەستیدا دەهێنا. دەموچاوی ئەوەندە نزیك بوو کە ئێمیلیە دەیتوانی بۆنی هەرمێ بکات لەدەمیەوە. تەماشاکردنەکەی جدیی بوو، تارادەیەك بەشێوەی پارانەوە دەچوو.

وەڵامی دایەوە و هەوڵی دا زەردەخەنە بکات.

- بەڵێ، خواردنی زیاتر دەکرمو ئەوکات دەگەڕێمەوە. بەڵێن دەدەم.

# ١٣

## خواردن، شەو

ئێمیلیە ئەوەندە خێرا رایکرد کە تامی خوێنی دەکرد لەدەمی دا. بەلای سوپەرمارکێتێکی بچووکدا تێپەڕی لەنزیکی هوتێلەکە. دوکانی خواردنێك کە بەردەمەکەی پڕی بوو لەهەڵگری پڕ لەیاری کەنار دەریا. سەتڵو خاکەنازی بچووکی ڕەنگاوڕەنگ، دۆشەکی هەوایی گەورە لەشێوەی تیمساحو دۆلفین. خواردنەکان لەژوورەوە بوون. سەمون، بەرچاییو مریشك، بەڵام هیچ پارەیەکی لەگەڵ خۆی هەڵنەگرتبوو. لەژووری هوتێلەکەی ٥٠ یۆرۆی لێبوو کە دەیتوانی چی بویستایە پێی بکڕیایە لەماوەی گەشتەکەیدا، بەڵام چۆن پارەکە بهێنێتو بڕواتەوە دەرەوە دیسان بێئەوەی دایكو باوکی گومانی لێبکەن کە چی دەکات؟ نەدەبوو ئاوا، بەڵام نەشیدەتوانی چاوەڕێ بکات تاوەکو نیوەشەو بەدزیەوە بچێتە دەرەوە. زۆر درەنگ دەبێت. لەبەرئەوەی دەیزانی کە یەکێك لەپەنابەرەکان لەوانەبوو بمرێت لەکاتێکدا ئەمی لێنەبوو. وەك بۆ نموونە پیاوەکەی کە نەیدەتوانی

خواردن بخوات. دەبوو ئێمێلیە چی بکات؟ ئەوکات بیری لەهوتێلەکەی تەنیشت کردەوە. خواردنە کراوەکەی سەر مێزەکە. کە وەکو تر قێزی دەکردەوە تەنها بەبیرکردنەوە لێی. بەبیرکردنەوە لەو هەموو چەوریە، توشی دڵ تێکهەڵاتن دەهات. ئێستا جیاواز بوو. ئێستا خواردنی کراوە هەلێك بوو. گەر خۆی وانیشان بدایە کە یەکێکە لەمیوانەکان، ئەوا دەیتوانی خواردن لەوێوە بەرێت. بەڵام بەشی پێویستی پانزە کەس نا. هێنایە بەرچاوی خۆی کە چۆن بەپیاسە دەچووە هوتێلەکەوەو دوو عەلاگەی پڕ خواردن کۆبکاتەوە. لەبرنج و مریشکی سورەوەکراو، سەوزەی برژاو، تۆپەڵە گۆشت لەساسی بیبەری توون و قاژە میوەی تازە. ئەم پلانەش بەهیچ شێوەیەك نەدەبوو. هەناسەی هەڵکێشاو بەرەو هوتێلەکەی خۆیان رایکرد.

دایك و باوکی خۆیان گۆڕیبوو کە هاتە ژورەوە. سبەستیان لەسەر قەنەفەکە دانیشتبوو، لەقوڵایی یاری تەلەفزیۆنی خۆیدا بوو. باوکی زەردەخەنەیەکی کردو بەرەورووی هات.

- بەدەوری هەموو دورگەکەیا راتکرد، یان چی؟ لێی پرسی و دەستی کێشا بەشانیدا.

ئێمیلیە سەری لەقاند. هێشتا هەناسەی توند بوو.

ئێمیلیە وەڵامی دایەوە.

- دوو جار.

باوکی بەکورتی پێکەنی، لەکاتێکدا دایکی هاتو دەستی ئێمیلیەی گرت، شتێك بوو کە هەرگیز نەیدەکرد. دەبوو لەسەر ئەوە ڕازی بوبێتن کە لێی تورە نەبن.

زۆرت پێچوو! خەریك بوو بەتەواوی دوودڵ ببین.

ئێمیلیە وەڵامی دایەوە.

- ببوورە.

پاشان دەستی بۆلای خۆی هێنایەوە. ترپەی دڵیو هەناسەی خەریکبوو دەهاتنەوە سەرخۆی.

- بەنیازین بچینە دەرەوەو نان بخۆین ئێستا.

باوکی بەردەوام بوو. کەشەکەی ئارام کردەوە تاوەکو شتەکە ئاسانتر ببێت بۆ ئێمیلیە. بەمشێوەیە باوکی باش بوو.

- باشە.

- ناتوانیت خێرا ئاوێك بکەی بەخۆتدا، بەشێوەیەکی هاوڕێیانە باوکی بەردەوام بوو.

- ئێمەش لێرە چاوەڕێ دەکەین؟

- ئەتوانم واز لەخۆشۆردنەکە بهێنم. وەڵامی دایەوەو زەردەخەنەیەکی سوپاسگوزاری گرتە باوکی.

— ئێستا مەلەم کردووە.

پاشان چووە ژووری نوستنەکە. پێویست بوو بڕواتەوە بۆ ماڵەکە بەخێراترین کات کە لەتوانایدا بێت. بڕواتەوە بۆلای سامۆیلو ئەوانی تر. جلی ڕاکردنەکەی داکەند لەگەڵ جلە تەڕەکەی ژێرەوەی پێش ئەوەی ئەو جلانە لەبەر بکات، کە یەکەمجار هاتن بەدەستیدا، پارەکەی هەڵگرتو ڕۆیشتە دەرەوە، بەبێئەوەی تەماشەیەکی کورتی ئاوێنەکەش بکات.

وتی ئامادەمو چەپڵەیەکی بەدەستی لێدا.

بەسەرسوڕمانەوە سەیریان دەکرد. دایکی دانیشتبوو بۆ نووسینی نامەیەك. باوکی ڕۆژنامەی داگبلادی ڕۆژی پێشتری کردبووەوە، سبەستیانیش دووبارە دەستی بەیاری پلەیستەیشنەکەی کردبووەوە.

- زۆر خێرا بوویت! دایکی وتیو مۆبایلەکەی لەسەر کۆشی دانا.

ئێمیلیە شانی هەڵتەکانو چاوەڕێی دەکرد ئەوان هەستنو بڕۆن.

*

نانی ئێوارە ئەشکەنجەیەك بوو بۆ خۆی. بەشێوە ئاساییەکە نا، بەقێزلێبونەوە ئاساییەکەی بۆ خواردن، یان بەیاریەکەی لەگەڵ باوکیدا نا. داوای زەڵاتەیەکی مریشکی کردو هەوڵیدا بیخوات، بەڵام

تەنها شت کە دەیتوانی بیری لێبکاتەوە سامویێلو ئەوانی تر بوو. چۆن لەو خانووە چۆڵەدا دانیشتبوون، ڕێك لەئێستادا، بێ پایان برسی بوون دوای ئەو گەشتە درێژە، هەموویان لابەلا بەدرێژایی دیوارەکە. بیری کردەوە کە کەمتر لەکیلۆمەترێك لەمانەوە دووربوون. کەمتر لەکیلۆمەترێك لەم مێزە پڕ لەخواردنەوە. گاڵتەجاڕانە بوو. بەتەواوی جیهانێکی دیکە، زۆر نزیك لەهی خۆیەوە، بیری دەکردەوە لەکاتێکدا ئەملاو لای بەخواردنەکە دەکرد. چی ئەگەر یەکێکیان مرد؟ سامویێل باش دیاربوو، سولەیمانیش، بەڵام ئەی زۆربەی ئەوانیتر چی؟ بێجووڵە دانەنیشتبوون؟ ئەی کوڕە بچکۆلەکە؟ ئوسمانە. نەدەبوو لای پزیشك بوایە؟

ئێمیلیە هێنایە بەرچاوی خۆی کە چۆن زۆربەیان خۆیان گرد کردووەتەوە لای ئەو دیوارە ساردەوە، تاوەکو ئەم بێتو ئەو لاشە بێجوڵانە بدۆزێتەوە کە لەسەر زەوییەکەنو مێش تێیداون. چاوی کراوەی سپی وەك دەباشیر لەو پێستە ڕەشەدا. دەبوو یەکسەر رابکات بۆئەوێ. چەتاڵەکەی داناو تەماشای ئەوانی دیکەی کرد. سبەستیان وێنەی دەکێشا بەساوسی سەر قاپەکە بەپەتاتەیەکی سورەوەکراوی نیوە خوراو. دایکی دانیشتبوو و بەپەرۆشەوە باسی هاوڕێیەکی کاری دەکرد، لەکاتێکدا باوکی سەری دەلەقاندو ناوبەناو چاوێکی دەخستە سەر ئێمیلیە. پێی زانیبوو کە شتێك هەیە؟ بۆ دڵنیایی پارچەیەك لەخواردنەکەی کردە دەمیەوە.

لەسەری پێویست بوو لەوێ بڕوات. پێویست بوو بیانوویەك

بدۆزێتەوە کە بتوانێت لەسەر مێزەکە هەستێتو بڕوات. پاشان ئەوە ڕوویدا. سبەستیان گفتوگۆکەی بەپرسیارێك پچڕاند.

- دەتوانین دواتر بڕۆین بۆ ئەوێ؟ پرسیاری کردو دەستی ڕاکێشا بۆ شاری یاریە بچووکەکەی کەنار ئاوەکە. کورسی کورسیەکی بچووك، چەند شوێنێك کە دەتتوانی تۆپ بگریتە قووتو، گرنگترینیان: مەیدانێکی بچووك بە ئۆتۆمبیلی کارەباییەوە.

ئەمە هەلێکی باش بوو بۆ ئێمیلیە. هیچکامێکیان کاردانەوەیەکی ئەوتۆیان نەدەبوو گەر نەیویستایە لەگەڵیان بڕوات.

- بەدڵنیایەوە سبەستیان، باوکی وەڵامی دایەوە.

– سەرەتا قاوەیەك دەخۆینەوە. حەزت لەئایسکریمێکە؟

سبەستیان بزەیەکی کردو بەزیادەڕەویەوە سەری لەقاند.

- ئەی تۆ ئێمیلیە؟ ئارەزووت لەشتێك هەیە؟

- نەخێر سوپاس. پێموایە ئەڕۆمەوەماڵەوەو ئەخوێنمەوە لەجیاتی هاتنم بۆ شاری یاری، گەر ئاسایی بێت بۆ ئێوە؟

باوکی سەری لەقاند.

– بەدڵنیاییەوە ئاساییە بەلای ئێمەوە.

- سوپاس بۆ خوانەکە.

ئیمیلیه وتیو پاڵی بەکورسیەکەوە نایە دەرەوەی مێزەکە. بەخێرایی تەماشای قاپی ئەوانی تری کرد. باوكو دایکی تەواو نەبووبوون هێشتا. گەر قاوەو ئایسکریمیش داوا بکەن، دواتریش بچن بۆ شاری یاری، ئەوا چاند کات بەدەست ئێمیلیەوە بوو؟ بەلایەنی کەمەوە کاتژمێر و نیوێك، حەتمەن زیاتریش.

هەوڵیدا لەسەرخۆ بڕوات بەهەنگاوی ئاسایی، بەرەو قەراغی کەنار دەریاکە، هەرچەندە لەڕاستیدا ئارەزووی دەکرد رابکات. خوێن بەلەشیدا شەپۆلی دەدا. ئاوڕیدایەوە، خۆی دڵنیا کردەوە کە کەسیان نەیاندەبینی، وردە وردە دەستیکرد بەڕاکرد بەرەو سۆپەرمارکێتەکە. بەپەلە تێپەڕبوو بەلای پۆستکارت بەخۆرئاوابوونی بەفۆتۆشۆپکراوەوە، هەڵگری رۆژنامە بەرۆژنامەی دەرەوەی وڵاتەوە، بۆ ناو دوکانەکە. لەوێ عەرەبانەیەکی شینی دۆزیەوەو چوو بۆلای رەفەی خواردنەکان. پاشان عەرەبانەکەی پڕکرد لەسەمون، پەنیر، گۆشتی بەراز، باسرمە، مریشك، میوە، برنجو ماست. تێڕوانینی رەفەی خواردنەکان سەرتاپا جیاوازبوو لەپێشتر. بەدوای خۆراکی دەوڵەمەنددا دەگەڕا، بەدوای خواردندا کە دەیتوانی مرۆڤ تێربکات، بەبێ بیرکردنەوە لەچەوری، هەژماری نرخی هەریەکە لەخواردنەکانی دەکرد دوای ئەوەی دەیکردنە ناو عەرەبانەکەوە. دەبوو پارەی زیاتری پێبوایە. بەهەرحاڵ. ٥٠ یۆرۆ بەس بوو بۆ کایەی یەکەم. هەندێك پارچە شوکلاتەی هێنا کاتێك لەسەرەدا چاوەڕێی دەکرد. چەندێك بوو شوکلاتەی نەخواردبوو؟ ساڵێك؟ پێکهاتەکانی بەخێرایی بەمێشکیدا تێپەڕی. ٢٢ گرام چەوری

لەهەر ١٠٠ گرامێکدا.١٨ گرام شەکر. شوکلاتەی ستراتوس، لایۆن و سنیکەرس.

هاتە نۆبەی ئێمیلیە، پارەکەی دا، خواردنەکانی کردە عەلاگەوەو بەپەلە هاتە دەرەوە. بەخێرایی بەناو شەقامەکاندا رۆیشت، هەموو گەشتیارەکانی تێپەڕاند. لەقەراغی دەرەوەی شارەکە، لەکۆتاییدا دەیتوانی رابکات. عەلاگەکان دەیدان لەئەژنۆکانی. پەنیرو گۆشتی بەراز دەیکێشا بەقاچیدا. بەهەرحاڵ رایدەکرد. عەلاگەکانی دووردەخستەوە لەجەستەی و بەوپەڕی توانایەوە رایدەکرد.

# ١٤

## گەڕانەوە بۆ ماڵەکە

ئێمیلیە کۆتا هەنگاوەکانی بەڕۆشتنی ئاسایی بڕی، تاوەکو هەناسەی بێتەوە بەرخۆی. لەپەنجەرەکانەوە ڕووناکی دیاربوو. دوو چوارگۆشەی زەرد لەناو هەموو ئەو تاریکیەدا. هەناسەدانی خەریك بوو ئارام دەبووەوە. لەکۆتاییدا گەیشت. دەسکی عەلاگەکان پەنجەکانی بریبۆوە لەکاتێکدا رایکردبوو، وا هەستیان پێدەکرا کە هەرگیز نەتوانن ڕێك ببنەوە. بەرەو خانووەکە رایکردو ئەوەندە سەرقاڵی ئەوەبوو خێرا بگاتە خانووەکە، بەباشی تێبینی پەڕەکانی نەکرد کە پرژوبڵاو لای بەردێکەوە کەوتبوون. دەسبەجێ بەئانیشکی دەرگای چونەژورەوەکەی کردەوە، عەلاگەکانی بردە ڕاڕەوەکەوە.

بۆنی خواردن هات بەسەریدا. مریشکی سورەوەکراو. رۆیشتە ژورەوە بۆ چێشتخانەکەو دەرگاکە بەر ساموێل کەوت، کە دەستی بەپانتۆڵەکەی

وشك دەكردەوە. ئەوانی دیکە لەسەر زەویەکە لەتەنیشت دیوارەکەوە دانیشتبوون‌و نانیان دەخوارد. وادیار بوو ئێستا کەمترین. نۆ یا دە کەس. هەموویان بەپارچەیەك گۆشتی ئاژەڵەوە. ران، پێست، گۆشتی سپی. مریشكێك. بەعەلاگەکانەوە بەوەستاوی مایەوە.

- لەکوێ...؟ دەمی تەتەڵەی کردو پەڕەکانی دەرەوەی بەبیر خۆی هێنایەوە.

– ئێوە...؟

دەستی بۆ رانەکە راکێشا کە یەکێك لەپیاوەکان گرتبووی‌و ئەیلێسایەوە.

- ببورە.

سامۆیل وەڵامی دایەوە.

– نەمان دەتوانی زیاتر چاوەڕێ بین... خۆی چەماندەوەو هەوڵیدا عەلاگەیەك لەدەستی وەرگرێت، بەڵام ئێمیلیە توند گرتبوونی.

- ئەی پیاوی خاوەنی خانووەکە چی؟ چی گەر بێتەوە ماڵەوەو بۆی دەربکەوێت کە...

سامۆیل دەستی خستە سەرشانی، بەڵام ئێمیلیە خۆی دوورخستەوە. مەزاجی ئەوەی نەبوو دەستی بۆ ببردرێت. لەجێی ئەوە عەلاگەکانی بەرز کردەوە بۆ سەر کەوانتەرەکەو دەستی بە بەتاڵکردنیان کرد. مۆز، سێو، سەمون و پەنیر. ژنەکەی مناڵەکەی پێبوو هات بۆ لای

ئێمیلیە. پێش ئەوەی مۆزێك بباتو بیدات بەکورەکەی، دەستی کێشا بەشانیداو سوپاسی ئێمیلیەی کرد. ئەوانیتریش بەدەوری عەلاگەکاندا گۆببونەوەو خواردنیان بۆ خۆیان دەبرد. هەندێکیان وتیان سوپاس، زۆر سوپاسگوزار دیاربوون. ئەوانیتریش تەنها ئـەوەی دەیانویست رایاندەکێشا بۆ خۆیان، بەبێئەوەی تەنانەت سەیری ئێمیلیەش بکەن. ئێسۆوا بەتەواوی لێی چووە پێشەوە.

- پارە؟

پرسیو پەنجەکانی بەیەکەوە نوقاند، وەك ئەوەی سەفتەیەك پارەی هەلگرتبێت لەنێوانیاندا. چاوەکانی زەق کردبۆوە. سنگی دەرپەڕاندبوو.

– پارەت پێیە؟

سامویل قۆلی راکێشاو دوری خستەوە.

- ئەوەچی دەکەی، ئێسۆوا؟

ئێسۆوا دەستی بەڕەلاکرد.

- دووربکەوەرەوە!

فسە فسی دەکرد لەتوڕەییدا.

– نازانیت هی وەك ئەمە چەند پارەیان هەیە؟

راستەوخۆ دەستی بۆ ئێمیلیە راکێشا. گرنگی بەوەنەدەدا کە راست لەتەنیشتیدا وەستابوو. ئێمیلیە چەند هەنگاوێك چووە دواوە. بارەکە

دوودڵی کرد، هەستی بەو تووڕەییەکە دەکرد کە ژوورەکەی تەنیبووەوە. سولەیمان چووە نێوان دوو کوڕەکەوەو داوای لەئێسۆوا کرد دابنیشێت. سولەیمان بەرزتر و بەهێزتر بوو.

ئێسۆوا سەری لەقاند، بەڵام تەواو دەستبەردار نەبوو.

— کاتێك خواردنەکەی ئێرەتان خوارد.

بەدەنگی بەرز وتی.

— بیرتانکردۆتەوە ئەوکات چی بکەن؟ ها؟ پێتانوایە ئەم کچە دەتوانێت بۆ هەتا هەتایە یارمەتیتان دەدات؟

هێشتا وا دەستی ڕادەکێشا وەك ئەوەی ئێمیلیە لەوێ نەوەستابێت، یان وەك ئەوەی ئێمیلیە تێنەگات ئەم دەڵێت چی. هەموو بێدەنگ بوون. پەنابەرەکانی دیکە لەسەر زەویەکە دانیشتبوون و دەیانخوارد. سولەیمانیش وادیاربوو نەزانێت چی وەڵام بداتەوە.

- ئێوە هیچ دەربارەی ئەم شتانە نازانن.

ئێسۆوا بەردەوام بوو.

—ئەوەی ئەبێت چی بکەن تا بەردەوام بن لەژیان لێرە. کە پۆلیس چیتان لێدەکات. ئێوەی نەفرەتی هیچ نازانن.

هیچ کەس وەڵامی نەدایەوە. ئێسۆوا بەرەو عەلاگەکان ڕۆیشت و گۆشتی سەر سەمون، هەندێك میوەو دەبەیەك ئاوی برد. بەشی خۆی بردو

عەلاگەکەی دانایەوە. ئەوانیتر بێدەنگ دانیشتبوون و تەماشایان دەکرد.

- بەختێکی باش.

ئێسۆوا وتی و وادیار بوو کە بەڕاستی مەبەستی بێت، پاشان ئاوڕی دایەوەو ڕۆیشتە دەرەوە. گوێیان لەهەنگاوەکانی بوو بەدەوری ماڵەکەداو سەریان بینی کە خێرا لەدەرەوەی پەنجەرەکەوە دەڕۆیشت. پاشان دیارنەما. سولەیمان شانی هەڵتەکاند وتی باشتر کە ڕۆشت، ئیتر دەربازیان بوو لەدەمەبۆڵەکردن لەگەڵی. ئەوانەی دیکە خواردنی زیاتریان دەرهێنا. ئاویان خواردەوە. کە کەشەکە دووبارە ئارام بووەوە. ئێستا ئێمیلیە تێبینی کرد کە ئیتر ئەوەندە بۆنیان لێنەدەهات، چاوی بەدەرگایەك کەوت لەسەر حەمامێکی بچووك. ساموێل دەستی ئێمیلیەی گرت و چەند هەنگاوێك لەوانی تری دوورخستەوە، بۆلای دەرگای ژووری دانیشتنەکە. زۆر نزیك لەیەکەوە وەستابوون. دەیتوانی هەست بەگەرمی دەستەکانی و هەناسەی ساموێل بکات بەرەو دەموچاوی.

- داوای لێبوردن دەکەم دەربارەی مریشکەکە، ئێمیلیە. مەبەستمان ئەوە نەبوو کە...

ئیمیلیە قسەکانی پێبڕی بەسەر ڕاوەشاندن.

- بە دڵنیاییەوە تێدەگەم کە ئێوە ئەوەتان کرد... تەنها تۆزێ توشی سەرسوڕمان بووم.

ساموێل بزەیەکی کرد.

- سوپاس.

بەهێواشی وتیو باوەشێکی پیاکرد.

تەزوویەك بەهەموو لەشیدا تێپەڕی. دەستی ساموێلی بەرداو ڕۆیشتەوە بۆ لای کەوانتەرەکە. دیەنبا لەوێ وەستابوو و خواردنی قاژ دەکردو دەیکردنە سەر قاپ. ئێمیلیەو ساموێل چونوە لایەوەو یارمەتیاندا. ئێمیلیە پێیوابوو کە کۆچکردووەکان کەمتر بوونەتەوە.

- هەندێکی تریش ڕۆیشتوون، وانیە؟

پرسیاری کرد لە کاتێکدا کە سەمونەکەی دەبڕی. سامۆێل خواردنەکەی کردە سەر قاپێکی گرنجاو کە لەیەکێك لەتاکی کەوانتەرەکەوە هێنابووی، سەری لەقاند.

- هەر کە تاریك بوو مالیك و دەیڤد ڕۆشتن.

- بۆ کوێ؟

سامۆێل تەواو ببوو لەئامادەکردنی قاپەکە، شانی هەڵتەکاند.

- هەمان شوێنی ئێسۆوا بۆی چوو. بۆ دۆزینەوەی ئیشێك، نازانم لەکوێ. ئێسۆوا ڕێگەی پێشاندان، ڕێك پێش تۆ گەڕایەوە ئێرە. حەتمەن بۆئەوەی داوای پارە بکاتو تۆزێك خواردنی دەست بکەوێت. من خەجاڵەتی تۆم.

ئێمیلیە سەری ڕاوەشاند.

– ئاساییه.

بەڵام لەڕاستیدا پێی خۆشبوو کە ئێسۆوا ڕۆیشتبوو، هیوای دەخواست جارێکیتر نەیبینێتەوە. ئێسۆوا ئەوجۆرە کەسانەی بەبیردەهێنایەوە کە لەفیلمەکاندا بینیبووی. مرۆڤگەلێك کە ئامادەییان تیادابوو هەموو شتێك بکەن. ئەوانەی دەیانتوانی بکوژن تەنها بۆ چەند دۆلارێك و زنجیرێکی مل.

خواردنەکەیان لەسەر زەوی ژووری دانیشتنەکە دانا. هەموویان بەبازنەیی کۆبوونەوەو بەردەوام بوون لەخواردن. ئێمیلیە دەربارەی سەفەرەکەی پرسیاری لەساموێل کرد، ئەویش باسی ئۆتۆمبیلە گەورە نەفەرهەلگرەکەی بۆکرد کە لەگاناوە لێیان خوڕی بوو. باسی گاوۆ و قاچاخچیەکانی بۆکرد. دەربارەی سەحرا و دەربارەی شاری کەنار دەریاکە لەسێنەگال. لەکۆتاییدا باسی دەریاکەی بۆ گێڕایەوە، باسی بەنزینەکەی لێیان بڕابوو. ئێمیلیە بێدەنگ دانیشتبوو و گوێی شلکردبوو. بەسەرهاتەکە لەو شێوانەبوو کە پێشتر تەنها لەڕۆژنامەکاندا یان وەك کورتە هەواڵ لەهەواڵەکاندا بینیبووی. ئێستا ڕاستەقینە بوون. تەماشای کۆچکردووەکانی تری کرد. دانیشتبوون و بەزمانی جیاوازی ئەفەریقی، ئینگلیزیو فەرەنسی قسەیان دەکرد، بەشێکی بچووکی گفتوگۆکە تێدەگەی. بیریکردەوە لەوانەی کە هێشتا لەنیشتیمان بوون. چۆن بیانزانیبایە کە ئەمان هێشتا زیندوون؟ کوڕە بچووکەکە لەباوەشی دایکیدا دانیشتبوو، دەستی بۆ چاو و گوێو لوتی دایکی ڕادەکێشاو وشەیەکی بۆ هەر لەیەکێکیان دەوت.

- ئەی بەنیازی چی بکەیت؟ لەساموێلی پرسی. ساموێل شانەکانی هەڵتەکاند، بۆی باسکرد کە لەوە گەورەتر بووە مۆڵەتی مانەوەی ئۆتۆماتیکی وەربگرێت لەئیسپانیا، دەترسا لـەوەی بیگێڕنەوە بۆ نیشتیمان. کەسیان ئەوەیان نەدەویست. لەهەمانکاتدا لێرە دانیشتبوون، بەشاردراوەیی، تاوەکو هاورادەبوون لەوەی چی بکەن. ساموێل قاپە گۆشتەکەی دایە. ئێمیلیە بزەیەکی کردو سەری راوەشاند.

ساموێل تەماشای کرد. چاوەکانی تەواو رەش بوون، بەڵام دەدرەوشانەوە. چۆن بیری لەم دەکردەوە؟ پێیوابوو کە جوانە؟ کچی سپی پێستی بەدڵ بوو، یان بەوشێوەیە بیری نەدەکردەوە؟ لەوانەیە پێی وابووبێت ئەم زۆر منالترە؟

بۆچی ناخۆیت، ئێمیلیە؟ ساموێل پرسی. ئێمیلیە لای کـردەوە بۆ چرکەیەك. هەستی بەبێسەیەك کرد کە بەرەو ملی سەردەکەوێت.

- بەدڵنیاییەوە دەخۆم.

- بەڵام خۆ زۆر لاوازی؟

بەردەوام بوو لەقسەکردنو ئاماژەی بۆ مەچەکی ئێمیلیە کرد. ئەو مەچەکە گرێیاویە، ئەو ژێ ماسولکە ئاشکرایانەی ژێر باڵە باریکەکانی.

– ئەوە نەخۆشییەکە؟

زۆرێك لەوانیتریش دانیشتبوون‌و گوێیان لەگفتوگۆکە دەگرت. ئیمیلیە سەری راوەشاند.

- حەزدەکەم ئاوا بم. تەنها لەبەرئەوەیە.

ئوسمانە هەستابووە سەرپێ بەپێخاوسی، خۆیدابوو بەشانی دایکیدا لەکاتێکدا، کە بەدەستێکی دەیکێشا بەقۆڵی دایکیدا. دیەنبا ئەوەی دووبـارە کـردەوە کە ئێمیلیە وتـبووی، ئاشکرابوو کە کـورەکـەی بەسەرشانو باڵیەوە سەرقاڵی نەدەکرد هەرچەندە بەهێواشی وەك بێشکە دەهاتە پێشەوەو دواوە.

- حەزدەکەی ئاوا بیت؟

ئێمیلیە سەری لەقاند، خۆی کێشایەوە بۆ راکێشانی مۆزێك، دەستی بەپاك کردنی کرد. کەسیان هیچ پێشینەیەکیان نەبوو بۆ تێگەیشتنی شتێکی ئاوها. کولتوورێکی دیکەیان هەبوو، وێنەیەکی دیکەیان هەبوو بۆ جوانی. ئیدیاڵی جیاوازیان هەبوو، حەتمەن بەمەمکی گەورەو قوونی گەورەوە. ئێمیلیە گرنگیەکی بەبۆچوونی ئەوان نەدەدا. بەڵام بەهەرحاڵ رستەکەی ساموێل سەدای دەدایەوە لەمێشکیدا.

بۆچی ناخۆیت؟

مـۆزەکـەی تـەواوکـرد، پاشان سەیری کاتژمێری مۆبایلەکەی کرد. کاتژمێرێك تێپەری بوو. دەبوو بەپەلە بگەرێتەوە ماڵەوە، پێش ئەوەی ئەوان لەشاری یاریەکە بگەرێنەوەو بۆیان دەربکەوێت کە ئەم لەسەر تەختەخەوەکە نییەو هاری پۆتەر ناخوێنێتەوە.

ئیمیلیە هەستایە سەرپێ. لەپڕدا زۆر هەستی بەلاشەی خۆی کرد

کاتێك دەیجوڵاند. هەستی بەقۆڵە باریکەکانی کرد. قاچە سیسەکانی. ساموێل خواردنەکەی کردە لاوە.

- دەبێت جارێکیتر بڕۆیت؟

ئێمیلیە سەری لەقاند.

- دەبێت بگەڕێمەوە ئوتێلەکە پێش ئەوەی بۆیان دەربکەوێت کە لەوێ نەبووم... بەڵام دەگەڕێمەوە.

ساموێل جوڵەیەکی بەدەستیکرد بەناو ژورەکەدا.

- دەتوانین لێرە بمێنینەوە، پێتوایە؟

- بەڵی، پێموایە.

ساموێل زەردەخەنەیەکی کرد، وەك ماڵئاواییەك ماچی رومەتی کرد. ئێمیلیە دەستی بۆ ئەوانیتر بەرز کردەوە، پاشان رۆشتە دەرەوەو بەرەو ماڵەوە رایکرد. رێگەکەی پێشی تاریك بوو، دەریا تەواو رەش بوو، تەنها هەندێك روناکی بڵاوی بەلەمی چارۆکەدارو بەلەمی ماسیگرتن نەبێت لەدوورەوە. پێڵاوەکان بەرِیتمێکی یەکسان بەر شەقامەکە دەکەوتن.

ئەوە نەخۆشییەکە؟

# ١٥

## پەنجەرەیەک لەسەر بیرەوەرییەکان

ساموێل لەلای پەنجەرەکەوە وەستابوو و تەماشای ئێمیلیەی دەکرد، کە بەرەو جادەکە دەڕۆیشت، بەقاچی درێژو سوکەوە، بەتەنها تیشێرتێکەوە بەسەر ئەو لاشە لاوازەدا. شتێکی بوو. برێك لەپێویست لاوازتر بوو. کەمێك منالتر بوو. بەهەرشێوەیەك بێت شتێك لەم کچەدا هەبوو کە وایدەکرد لەئێستاوە بیری ئەوە بکات لەتەنیشتیەوە بێت. بیری بۆنەکەی دەکرد. قژە کاڵەکەی لەچاڵی پشتەملیدا. شێوازی زەردەخەنەکردنی. ئێمیلیە دەرگای دەروازەکەی کردەوەو ئاوڕیدایەوەو بینی کە ئەم وەستاوەو سەیری دەکات. ساموێل تەریق بووەوە کە لەقافدا گیرا، بەڵام دەستی بەرز کردەوەو رایوەشاند. ئێمیلیە زەردەخەنەی کردو دەستی بۆ راوەشاندەوە، پاشان ئاوڕیدایەوەو رایکرد بەشێوەیەك کە قۆڵەکانی بەگۆشەی تیژ نوشتاندبۆوە.

قۆڵە باریکەکانی وای لەساموێل کرد بیر لەئالی ماکبیلۆ ئەو درامایانە

بکاتەوە کە لەنیشتیمان لەقاوەخانەکە دەیبینی. راهاتبوو لەگەڵ خوشك و براکانی یان هاوڕێکانیدا بچێت بۆئەوێ. پاڵ بەگەنجەکانی دیکەوە بنێ بۆلای ئەو شوێنە تەسکەی پاڵ دیوارەکە لەدواوە، تاوەکو هیچ نەکرێت. تارادەیەك وەك سینەمایەکی لێدەهات. کاتێك کە دراماکان تەواو دەبوون یان کە لێی بێزار دەبوون، دەرۆشتنەوە بۆ ماڵەوە. بۆ ماڵی خۆیان، یان ماڵی نزیکترین هاوڕێی. بیری رادیۆکەی کەوتەوە کە زۆرجار بەیەکەوە گوێیان لێدەگرت. گۆرانی نوێی لێدەدا. هیپۆپ. راپ بەزمانی گانی. گۆرانی رۆژئاوایی. بیری هەموو ئەو جارانەی کەوتەوە کە لەلای یەکەوە دەوەستان لەو ژوورە بچووکە رووتەداو راپیان بەدەستیان دەکرد لەباتی مایکرۆفۆن. بیری خوشکە بچووکەکەی کەوتەوە کە هەمیشە دەیویست چیرۆکی ترسناکی بۆ بگێڕێتەوە. وەحشی زەبەلاح دروست بکات بەقەدەر خانووەکە، کە دەسورایەوە بەشەوان بەدوای گۆشتی مرۆڤدا. لەپڕ زۆر بەروونی روخساری هاتە پێشچاو. ئەو ترسە بەچێژەی ناوچاوانی کاتێك ساموێل دەیپرسی گەر بەراستی ئەیەوێت زیاتری گوێ لێبێت. لەپڕ بیری خواردنەکەی کەوتەوە کە دایکی زۆرجار لێیدەنا. کۆبونەوەکانی دەوری مێزەکە. شێوازی گۆرانی وتنی بەسەر شۆرباکەوە. بیری باوکی کەوتەوە. ئەو چاوە تێرە، هیلاکانە. ئەو پەنجە پڕ بەهرانە کە هەرگیز نەیتوانی بۆ شتێکی پڕاوپڕ بەکاریان بهێنێت دوای ئەوەی کە لەبنباڵیەوە بەداس قرتا.

ئەوکاتەی ئێمیلیە لەسەر سوچەکەوە دیارنەما ساموێل چاوەکانی نوقاند، هەمووی بەیەکجار بەروونی بەبیرهاتەوە. شارەکە، خێزانەکەی و هاوڕێکانی. لەهەمان ساتدا بیری دەکردەوە کە هەرگیز نەدەبوو سەفەری بکردایە.

# ١٦

## گەڕانەوە بۆ ئوتێلەکە

ئێمیلیە هەتاوەکو قەراخی شارەکە رایکرد، لەکاتێکدا کوللەکان گۆرانیان دەوت لەتەنیشت جادەکەوە. بێوەژنی رەشپۆش و دەستە بەساڵاچووەکان کە بێدەنگ لەبەردەم دەرگاکاندا دانیشتبوون و تەماشای ژیانیان دەکرد، کە بە بەردەمیاندا تێدەپەڕی. گەشتیارەکان تێپەڕدەبوون، دەست لەناو دەست، بەکامێراوە، بەکراسی قۆڵکورت و عەزی هاوینەوە.

خێراییەکەی کەم کردەوەو بەشی کۆتا بەپێ رۆشت. ئەشێ لەئێستاوە لەشاری یاریەکە هاتبێتنەوە؟ کۆتا پێچ پێچی کردەوە بۆلای شوقەکە. خۆشبەختانە گلۆپەکان کوژابوونەوە. دەرگاکەی داخست و چوو بۆ تەوالێت و تیشێرتەکەی گۆری، پاشان چووەوە دەرەوە بۆ ناو تاریکی شەو. دەرەوە بۆ لای گەشتیارەکان، بەتیلەچاوێك سەیری ئەو دەریا رەشەی کردو بیری کردەوە. چەند بەلەم لەوێ بێت رێك لەئێستادا؟ چەند کەس لەتاریکیدا

دانیشتبن، هەرئێستا، بەیەکەوە قەدکرابن، برسیو ماندوو دوای ئەو هەموو ڕۆژە لەدەریادا؟ چەندێك هەبێت لەدیوی ئەودیو، کە خەون بەهەمان شتەوە دەبینن؟ خەونی ژیان لەئەوروپا. ژیانێك هاوشێوەی ژیانی ئەم.

ئێمیلیە سبەستیانو دایكو باوکی دۆزیەوە لای مەخزەنێك لەڕێڕەوی قەراخ ئاوەکە. پەنجەرەکەی بەردەمیان پڕبوو لەوێنەی کەشتی گەشتیاری، بەنرخی جیاوازەوە کە بەزمانە باوە گەشتیاریەکان نوسرابوون. یەکەمجار باوکی بوو کە چاوی بەئێمیلیە کەوت.

- نا، خۆ ئەوەتای!

باوکی ئەمەی وتو بەدڵخۆشیەوە باوەشی پیاکرد، نزیکیەك کە هەم پێیخۆش بوو پێشی ناخۆشبوو لەهەمانکاتدا.

– لەم هاری پۆتەرە تێناگەم. بەڕاستی ئەوەندە خۆشە؟

باوکی بەردەوامبوو.

ئێمیلیە سەری لەقاند. باوکی چوار بلیتی شینی بەدەستەوە پێشاندا، کە وێنەی بەلەمێکی لەسەربوو.

- تەماشاکە! هەر ئێستا گەشتێکمان کڕیوە بۆ تێنەریف،

بەتەماسەوە وتی.

- چی؟

ئێمیلیە بەدەنگی بەرز وتی، کە دەنگی خۆی گوێ لێبوو یەکسەر بیری کردەوە کە نەدەبوو ئەوەندە سەرسام دەربکەوتایە.

بەئارامترین شێوە کە دەیتوانی پرسی.

– ئەی کەی؟

- دووسبەی.

دایکی وەڵامی دایەوە.

– خۆش نابێت توخوا؟ بنی شوشەییان هەیە لەکەشتیەکەداو ئەتوانین تۆزێ بازاڕبکەین‌و بڕۆین بۆ مۆزەخانەو...

ئێمیلیە ئیتر وەستا لەگوێگرتن. خەیاڵی جیاواز دەسوڕایەوە لەمێشکیدا. بەهەرحاڵ توانی لێوەکانی بەرزبکاتەوە بۆ زەردەخەنەیەك‌و بڵێت کە تامەزرۆیەتی.

ڕۆیشتنەوەماڵەوە.

باوکی پرسی گەر بیەوێت شتێك بخوات.

ئەویش دانیشت بەکتێبی هاری پۆتەرەکەوە لەباوەشیدا، لەلای پارچە تۆستێکەوە کە دەستی بۆ نەبردبوو.

سبەستیان یاری بەنیتەندۆ دەکرد.

دایکی‌و باوکی بوتڵێك شەرابیان دەرهێنا، لەسەر قەنەفەکە دانیشتن‌و

سەیری ریکلامەکەی تێنەریفیان دەکرد.

ئێمیلیە چاوی بڕیبووە هەمان لاپەرە. وشەکان تێکەڵ دەبوون، ئەویش ئەبوو لەبیری بێت کە جارجار پەرەکان هەڵباتەوە، تەنها لەبەرئەوەی وادەربکەوێت کە بەڕاستی ئەخوێنێتەوە. کتێبی هاری پۆتەرو موقەدیسەکانی مردن.

گەشتی کەشتی! ماسی گوێچکەماسی ڕاستی ببینە لەشوشەی بنی کەشتیەکەوە!

چی بەسەر کۆچبەرەکاندا دێت، لەکاتێکدا ئێمە...

«بۆچی ناخۆیت؟»

دەستەکانی سامویێل.

چی گەر ماسیگرەکە بێتەوەو بزانێت کە...؟

«ئەوە نەخۆشیەکە؟»

ئەکرێت بینێرنەوە نیشتیمان!

ئەکرێت بینێرنەوە نیشتیمان!

## بەشی دووەم

من کەڵەشێرەکەم کە لەدەرەوەی ئەو خانووە چۆڵکراوەدا دەڕۆم، بەدوای داندا دەگەڕێم لەنێوان پاشماوەی قووتوی پلاستیك، گوریسی پێچراوەو تەپەتۆردا. جارجار دەگەمە شوێنێك لەحەوشەکەدا کە تەنها پەڕەکان لەدوای جێماوە. پەڕو خوێن، لەچرکەیەکدا هەست بەتۆقینەکە دەکەم کە لەناومدا هەڵدەکاتەوە، بیری پیاوەکەم دەکەوێتەوە بەتەورەکەوە. هاوارەکە، خوێنەکە بەپەڕە سپیەکانەوە.

★

من پۆلیسەکەم کە لەقاوەخانەیەك دانیشتووم لەخوارەوەی ئاوەکە لەگەڵ هاوکارەکانم، شەکری ناو کۆرتادۆ کە تێکهەڵدەدەمو موناقەشەی دۆزینەوە ئەو بەلەمە بەتاڵە، سێنەگالیە دەکەم.

★

من ماسیگرەکەم کە تۆڕەکەم هەڵدەکەمەوە لەدەریادا. ماسیەکان دەدرەوشێنەوە لەبەر ڕۆشنایی چراکە. دەریا ڕەش دەچێتەوە لەدوورەوە،

شار تەنها ریزێك خاڵی زەردن لەتەیشت یەکترەوە. لەکۆتاییدا راوێکی باشم دەستکەوت. ئێستا هەرئەوەیە ماسیەکە بەخواردنگەکان بفرۆشم‌و بگەڕێمەوە ماڵەوە.

★

من ئیبراهیمم، کورەکەی خەڵکی بێنین کە لەگەشتەکەی گران کەناریادا دەربازی نەبوو، کە فڕێدرایە دەرەوەی بەلەمەکە. نوقم بوومەتە خوارەوە بۆ ناو تاریکی‌و بێدەنگیی بنی دەریا. لەسەر پشت پاڵکەوتووم. لەنێوەندا ماسیەکی زانخواز دێت‌و دەمێك لەقوڵی تیشێرتەکەم دەدات. تۆڕێك شەپۆل دەدات کەمێك لەسەرووموەوە، شەپۆلێك ماسی راودەکرێت.

★

من ئەو مارمێلکە بچووکەم کە لەسوچی چێشخانەی ماسیگرەکەدا دەژیم. کۆمەڵێکی زۆر بێگانە هاتونەتە ئێرە. خواردنەکەی دروستی دەکەن مێش‌و مەگەز رادەکێشێت کە دەتوانم راوی بکەم، گەر تەنها کاتی پێویست چاوەڕێ بکەم. گەر تەنها پشوودرێژانە چاوەڕێ بکەم، بەبێ جوڵاندنی تاکە ماسولکەیەك، لەسەری سەرەوە لای سەقفەکەوە.

★

من دیەنبام، دایکی ئوسمانە. ئوسمانە کەم جوڵەتر بووە بەم دواییانە. تای لێهاتووە. ناتوانین زیاتر لێرە بژین. باشتربوو خۆمان بدایە بەدەستی پۆلیسەوە. بەهەرجۆرێك بێت هەرلێرە دەماندۆزنەوە.

★

من سامویێلم. نازانم دەبێت چی بکەین.

★

من ئێمیلیەم. لەسەر تەختەخەوی ئوتێلەکە پاڵکەوتوم. شەوە. بیرکردنەوەکان لەدانەیەکەوە بۆ دانەیەکی دیکە دەفڕن، وەك تەلەفیزۆنێکی کۆن، کە لەنێوانی دوو کەناڵدا دانرابێت.

# بەشی سێیەم

## ١٧

### ون

ئێمیلیە بۆ چەند کاتژمێرێك بەئاگایی پاڵکەوتبوو. سبەستیان یەکسانو ئارام هەناسەی دەدا لەتەختەخەوەکەی تەنیشتیەوە. باشە ئاخر دەبێت چی بکات؟ ئەی سامویل؟ چی بەسەر ئەودا دێت؟ هێنایە بەرچاوی خۆی لەسەر جێگەکە هەستێت، پانتۆڵو تیشێرتەکەی لەبەرکات کاتێك کە سبەستیان نوستووە، بەپێی پەتی بەدزیەوە ژووری دانیشتنەکە بەجێبهێڵێت بۆ لای دەرگای مەدخەلەکە، بەهێواشی بیکاتەوە، هێواش، هێواش لەتاریکیدا ون ببێت. هێنایە بەرچاوی بەناو شەقامەکاندا رابکات تا لای خانووەکە، سامویلیش بەخەبەرەو

لای دەرگای دەرەوە دانیشتووەو چاوەڕێی دەکات. باوەشی پیابکات.

بەڵام نەدەبوو. نەیدەتوانی خۆی بخاتە ئەو مەترسیەوە کە دایكو باوکی خەبەریان ببێتەوە. ئەوکات ئەستەم دەبوو روونی بکاتەوە، پاشان باوکی چاودێری دەکرد وەك سزایەك بەدرێژایی گەشتەکە. چاوەکانی داخستو هەر بەپاڵکەوتوویی مایەوە، گوێی بۆ دەنگەکانی دەرەوەی پەنجەرەکە دەگرت. کوڵڵەکان کە گۆرانییان دەوت. پیاوێك کە پێدەکەنی. ئۆتۆمبیلێك بەگۆرانیەوە.

هەرشێوەیەك بێت، لەکۆتاییدا خەوی لێکەوت. کەوتە خەونێکەوە کە بەوپەڕی خێرایی رایدەکرد لەسەر جادەیەك، بەبێئەوەی بەپێشەوەی بگات. خانووە ئیسپانیەکان هەر لەجێی خۆیاندا بوون لەکاتێکدا ئەم رایدەکردو رایدەکرد، وەك ئەوەی لەسەر پاسکیلێکی وەرزش بێت. کوڕەکەی قوتابخانە- ئەوەی کە ئێمیلیەی بینیبوو بەپارچە شیرینیەکەوە- لەپڕدا لەبەردەم یەکێك لەپەنجەرەکانەوە وەستابوو و پرسی کە بۆچی بەخلبوونەوە ناڕوات. پاشان ئێمیلیە کەوت، خلیسکا بەرەو لێژاییەكو کەوتە حەوزێکی ئاوەوە. لەحەوزەکەدا سامولێی لێبوو، وادیاربوو بێبەرگ بێت کاتێك کە بەرەو ئەم مەلەی دەکرد. باوکی بەجلوبەرگی تەواوەتیەوە لەقەراخی حەوزەکە دانیشتبوو، بەدەرقاچەی پانتۆڵو پێڵاوە هاوینەییەکەیەوە لەئاوەکەدا، لەکاتێکدا رۆژنامەی دەخوێندەوە. لەپەڕەی یەکەمدا وێنەیەکی گەورەی ئێمیلیەی تیادابوو لەبەندینخانەدا.

★

ئەوانیتر بەخەبەرهاتبوون‌و نانی بەیانیان خواردبوو. جانتای سەرکەناردەریاکان بەپێچراوەیی دانرابوون. ئێمیلیە پارچە نانێکی ڕەق‌و سێوێکی خوارد، هەروەك جاران، هەستی بەو برسێتیە باوەی کرد کە لەکەناردەریاکە پاڵکەوت. بەشێوەیەکی ئاسایی شانازی بەو برسێتیەوە دەکرد. شانازی بەوەی کە ئەوە ئەمبوو کۆنترۆڵی هەبوو. کە هێزی ویستی ئەوەندە بەهێزە، دەتوانێت لەشی ماڵی بکات. ئێستا شانازیەکە نەمابوو. زیاتر خوویەك بوو، بۆ یەکەمجار هەستی کرد بێزارە لەهەموو ئەو شتانە.

یەکەم خێزانەکان بەو زووە لەوێبوون، بەسەتڵ، خاکەناز، قەڵای بچووك‌و مناڵ بەداییبیەوە کە گاڵکۆکێیان دەکرد بەناو دۆشەکی بەر هەتاوەکاندا، بەچاوی گەورەو پەڵەی سپی دژەخۆرەوە بەڕومەتیانەوە. دایکی ئێمیلیە جێیەکی دۆزیەوە لەتەنیشت دوو خانەنشینی هۆڵەندییەوە، جلەکانیان لەبەر داکەندو لەبەردەم خۆرەکەدا پاڵکەوتن. دەبوو کەمێك لەوێ پاڵبکەوێت، گەر نا دایك‌و باوکی تێدەگەشتن کە شتێك هەیە. بەتایبەت باوکی وادیاربوو گومانی هەیە کە شتێك ڕوویداوە.

سبەستیان‌و دایکی دوای کەمێك هەستان‌و دەستیانکرد بەیاری ریشە لەخوارەوە لەقەراخی ئاوەکە. ئێمیلیە دانیشتبوو و سەیری کتێبەکەی دەکرد لەکاتێکدا بیریدەکردەوە کە چی ڕوودەدات لەخانووەکە. هێشتا خواردنیان پێماوە؟ خۆ ئەم هیچی نەوتبوو دەربارەی ئەوەی کەی دەگەڕێتەوە. لەوانەیە دانیشتبن‌و چاوەڕێ

بکەن؟ باش بوو کە تۆزێکیتر دەیتوانی رابکاتەوە ئەوێ. خێزانەکەی بەوە راهاتبوون ئێستا. هیچ کامیان کاردانەوەیەکیان نەدەبوو لەسەر چوون بۆ نەرمە راکردن. سەری لەسەر کتێبەکە هەڵبری تا بزانێت ئەوانیتر خەریکی چین. لەپڕ چاوی کەوتە سەر چاوی باوکی. دەبوو بۆ ماوەیەك دانیشتبێتو تەماشای ئەمی کردبێت!

- ناوی کورەکە چییە؟ باوکی بەهێواشی پرسی، سەری بەرەو ئێمیلیە لارکردەوە بەمتمانەوە. چاویلکە خۆرینەکەی بەرز کردبووەوە سەر ناوچەوانی. ئێمیلیە هەستی بەخوێنی کرد کە بەرەو سەروو قورگی قوڵپی دەدا. باوکی پێی زانیوە!

- مەبەستت چییە؟

ئێمیلیە پرسی.

باوکی ئاماژەی بۆ کتێبەکە کردو بزەیەکی کرد.

- ئەوە پێنج خولەکە دانیشتویتو تەماشای هەمان لاپەڕە ئەکەیت...

ئێمیلیە وەڵامی نەدایەوە.

- یەکێکە لەکورەکانی پۆلەکەت؟

باوکی بەردەوام بوو لەپرسین.

هاتەوە سەرخۆیو تۆقینەکەی نەما. پڕ نهێنیترینو لەدڵەوەترین دەربڕینی دەموچاوی کردە سەر رووخساری کە تەماشای باوکی

کردو وەڵامی دایەوە:

- نهێنییە. شتێك نییە بۆ باوکانی زانخواز.

باوکی پێکەنی لەو دەستەواژە داهێنراوەی‌و سەری لەقاند. ئێمیلیە سەری کردەوە سەر کتێبەکەی‌و هەڵیدایەوە. ئێمیلیە دەیزانی بەچ شێوەیەك دەتوانێ بەرامبەر قایل بکات. دەیزانی چۆن کۆنترۆڵی رووخساری بکات‌و وای لێبکات تەواو سروشتی دیاربێت.

تێبینی کرد باوکی ئارام بۆتەوە، بینی کە لای کردەوە تا رۆژنامەکە لەلمەکەوە هەڵگرێتەوە. شتێکی حەتمی بوو، ئێمیلیە بیری کردەوە، کە باوکی رۆژنـامـەی ناوخۆیی بکرێت. «لـەرۆمـا، هاوشێوەی رۆمانییەکان هەڵسوکەوت بکە»، هەمیشە باوکی وای دەوت، داوای بیرە ناوخۆییەکەی دەکرد، شیرینیە ناوخۆییەکەی دەخوارد یان رۆژنامە ناوخۆییەکەی دەکری.

شتێك لەلاپەرەی یەکەمی رۆژنامەکە چاوی ئێمیلیەی لەسەر کتێبەکەی رفاند. وێنەی بەلەمێك بوو. بەلەمەکەی سامویل پێی هاتبوو. وێنەی گیرابوو لەناو ئاوەکەدا. رەنگەکان‌و شێوەی چەمانەوەکەی پێشەوەی بەلەمەکەی یەکسەر ناسیەوە. ناوی بەلەمەکەشی لەسەربوو. وشەیەك کە ئێمیلیە خەملاندبووی سێنەگالییە. بەخێرایی چاوی خشاند بەپێشەکییەکەیدا.

پۆلیس ئێستا بەدوای ژمارەیەکی نەزانراو پەنابەری نایاساییدا دەگەرێت، دوای دۆزینەوەی بەلەمێکی بەتاڵی سێنەگالی لەدەریادا

لەباشوری رۆژئاوای گران کەناریا.

ئەی خودایە. بەلەمەکەی ئەوانیان دۆزیوەتەوە، ریك لەدەرەوەی پویرتۆ مۆگان. ساموێل‌و سولەیمان پاڵیان پێوەنابووە ناو ئاوەکەوە بۆئەوەی پۆلیس نەزانێت لەکوێدا گەیشتبوونە سەر وشکانی. ئاشکرابوو کە ئەوە کاتێکی زیاتری پێبەخشین، بەلام چەندێك؟ چەندێکی مابوو تاوەکو پۆلیس ئەو خانووە بگەرێت کە خۆیان تیاشاردبۆتەوە؟ دەبوو هەستێت‌و هەواڵەکە بگەیەنێت. دەبوو رابکات‌و هەواڵەکە رابگەیەنێت بەخێراترین شێوە کە لەتوانایدابوو. کتێبەکەی داخست، بۆ چرکەیەك بەدانیشتنەوە مایەوە. گوێی لەدایکی بوو ئافەرینی سبەستیانی دەکرد.

زۆری لەدڵی دەکرد هێواشتر لێبدات. دژی ئەو ویستەی بووەوە کە داوای رۆژنامەکە بکات، پاشان هەستایە سەرپێ. باوکی سەیری کرد.

- بەنیازی چیت؟

- ئەچم بۆ نەرمە راکردنێك.

- دیسان؟ دڵنیایت ناتەوێت لێرە پاڵبکەویت‌و بحەوێیتەوە لەبری ئەوە؟ هم؟ تۆزێ چێژ لەپشووەکە وەربگریت؟

ئێمیلیە سەری راوەشاند.

- ئەسمەر ببیت؟

باوكی بەردەوام بوو.

- نەخێر.

دوبارە وەڵامی دایەوە.

- باشە. بۆ ماوەیەكی زۆر دوورمەكەوەرەوە.

- نا نا.

- بەدەوری هەموو دورگەكەدا نا ئەمڕۆ، وانییە؟

- نەبابە.

باوكی كاتژمێرەكەی دەرهێنا كە لەنێوان تیشێرتو نەعلەكانیدا شاردرابووەوە لەتەنیشت دۆشەكی خۆرەوەكە.

- دوای نزیكەی دوو كاتژمێریتر بەنیازین نانی چێشتەنگاو بخۆین، لەقاوەخانەكەی سەرەوە.

دەستی بۆ قاوەخانەیەكی نزیك ڕاكێشا، كە خزمەتكارێكی كچ بەدەوری ئەو مێزە بەتاڵانەدا دەگەڕاو لیستی خواردنو خواردنەوەی دادەنا.

ئێمیلیە بەپەلە چووەوەماڵەوە بۆ خۆگۆڕین. تەماشای خۆیكرد لەئاوێنەكەدا. ددانی شۆرد، ماسكاراو سوراوی كرد، عەتری لەخۆیدا پێش ئەوەی بچێت بۆ سوپەرماركێتەكە. لەوێ بەپەلە بەناو

ڕەفەکاندا تێپەڕی، بەو پارەیەی پێی مابووەوە خواردنو ئاوی کڕی، پاشان بەنەرمە ڕاکردن چووەوە سەرەوە بەدوو عەلاگەوە لەهەردوو دەستیدا. دوای کەمێك دەبوو خێراییەکەی کەم بکاتەوە. ئاوەکە زۆر قورس بوو و نێو پەنجەکانی دەبڕیەوە. لەهەنگاوەکانی کۆتاییدا هەستی بەهاتنەوەی برسێتی کرد. دەرگاکەی دەرەوەی کردەوە. بەدوای سەری ساموێلدا دەگەڕا لەپەنجەرەکانەوە، تێبینی کرد کە لەئێستاوە خۆشحاڵ بوو دووبارە بیبینێتەوە. یەکێك لەعەلاگەکانی دانا، بەوریاییەوە لەدەرگایدا پێش کردنەوەی. ژوورەوە بێدەنگ بوو. تەواو خامۆش. خۆیان شاردبۆوە؟ لەوانەیە پێیانوابوبێت ماسیگرەکە هاتۆتەوە؟ ڕۆیشتە ژوورەوە بۆ چێشتخانەکە.

- سلاو؟

کەس وەڵامی نەدایەوە. چووە ژوورەوە بۆ ژووری دانیشتنەکە. کەس لەوێش نەبوو. هێنایە بەرچاوی چۆن پۆلیس تەوژمیان هێناوەتە ژوورەوە، بەجلی تەواوی پۆلیسییەوە، بەداری دەستیو دەمانچەوە. هێنایە بەرچاوی چۆن هاواریان بەسەر سامویلدا کردووە کە پاڵکەوێت لەسەر ئەرزەکە، پاشان دەستیان لەسەر پشتی بەستووەتەوە بەکەلەپچەو دڕندانە پاڵیان پێوەناوەتە دەرەوە بۆ بەر ڕووناکی خۆر.

عەلاگەکانی فڕێدایە خوارەوە بۆ سەر ئەرزەکەو بەچاوی داخراوەوەو بەوەستاوی مایەوە. هەموو ئەوەی ئەیویست، گریان بوو. بەڵام تەنها وەستابوو.

شەپۆلەکان دەیدان لەکەنارەکە.

مارمێلکەیەك تەماشای دەکرد لەسەقفەکەوە.

کەمێك دوور لەوێوە پیاوێك بەشەپۆلەکان دەشۆردرایەوە لەسەر وشکانی کەنار دەریایەك، بەمردوویی.

# ١٨

## شاری مرۆڤگەلێک کە بونیان نییە

ساموێل لەلێژاییەکە دانیشت، پاڵی بەدارێکەوە نا لەلاتەنیشتی شاخەکەوە. لەهەموو شوێنێکی ناوچەکە کۆچبەر دانیشتبوو: لەسەر فەرشەکان، حەسیرەکانو عەلاگەکان. مرۆڤگەلێك کە نەیدەناسین، بەڵام کە هەموویان هەمان گەشتیان کردبوو. مرۆڤگەلێك بەهەمان خەونی ژیانێکی دیکە وەك لەوەی خۆیان هەیانبووە. ئێستا لێرە لەنگەریان گرتبوو، چەند سەد مەترێك لەجادەی سەرەکی شارەکەوە، شاردراوە لەپشت لاشاخێکی تۆزاویەوە. لێرە دەخەوتن لەشەواندا، لەژێر خێمەی نایلۆنیی سادەوە، یا جەمەلۆن کە درابوو بەسەر پایەی تەختەدا. بۆریەکی کراوەی ئاودانیش لەخوارەوەیاندا هەبوو کە وەك دەستشۆر بەکاردەهات. تێڕوانینەکانیان قورس بوو، تاریك بوو.

ئەوە سولەیمان بوو، پیاوەکەی لەساحل عاجەوە هاتبوو، کە ساموێلو

ئەوانیتری قایل کردبوو بێن. بێ هیچ وشەیەك دانیشتبوون لەسەر زەوی خانووەی بەرزاییەکە، چەند کاتژمێرێك لەوەوبەر، هەر دوای ئەوەی ئێمیلیە رۆشتبوو. تیشکی خۆر تیژ بەناو پەنجەرەکاندا دەرەوشابووەوە، کورە بچووکەکە بەسەر شانی دایکیەوە نوستبوو بەدەمی کراوەوە. ئەوە ئەوکات بوو سولەیمان هەستابوو و وتبووی ئەیەوێت بەردەوام بێت، وەك ئەوانیتر کە ماڵەکەیان جێهێشتبوو. وتبوی کە ڕێگای ژیانێکی تر هەیە لەرۆژئاوا وەك لەرێگای رۆیشتنە لای پۆلیسو مۆڵەت وەرگرتن. هەموویان ئەوەیان دەزانی. گوێیان لێی بووبوو، گەنجی ئەفەریقای-رۆژئاوا کە لەنادیاردا دەژیان، بەبێ ناسنامە، کە بژێویان بەفرۆشتنی چاویلکەو کەرەسەی جوانکاری و سی دی-وە دەست دەکەوت، لەکەنار دەریاکە. دوای گفتوگۆیەکی بچووك هەموویان هاورابوون.

- ئێسۆوا راستی دەکرد. ناتوانین بۆ هەتاهەتایە لێرە بژین.

سولەیمان ئەمەی وتبوو و دەستی بۆ ژووری دانیشتنی خانوی ماسیگرەکە راکێشابوو.

– تائێستا پارێزراو بووین لێرە، یارمەتیمان لەو کچە گەنجەوە وەرگرتووە، بەڵام ئەمە بەردەوام نابێت.

راستی لای ئەوبوو. بەدڵنیاییەوە راستی دەوت. یەك دوای یەك لەسەر زەویەکە هەڵسابوونو چوبونە پاڵی. ساموێلیش بەهەمانشێوە. هەموویان جلەکانیان کۆکردبۆوە، بەوریاییەوە لەپەنجەرەکەوە

تەماشایان کردبوو، بەدەوری خانووەکەدا ڕۆیشتبوون و بەرەو لێژاییەکە بەڕێکەوتبوون. ساموێل بیری کردبۆوە کە شتێك بۆ ئێمیلیە بەجێبهێڵێت، بەڵام دەبوو ئەو شتە چی بێت؟ هیچ شتێکی پێ نەبوو. هیچ شتێك کە ئێمیلیە بتوانێت ئەمی بەبیر بهێنێتەوە، تەنها جلەکانی بەری هەبوو کە پێوەی دەهات و دەچوو. بۆیە ئەویش چوەدەرەوە بۆ بەر ڕووناکی خۆر، بۆ دەرەوە بۆ پشتی خانووەکە. بۆ خوارەوەی گردەکە. ئێسۆوا دەستی بۆ نەخشەیەك ڕاکێشابوو و پێشانی دابوون لەچی ئاراستەیەکەوە برۆن گەر پەشیمان بوونەوە. زۆرجار هەندێکیان لەسەر قەراخ و شێی خۆڵەکە دەخلیسکان و دەکەوتن. درك و داڵ جەستەی ساموێلیان ڕوشاند، دەبوو زۆر چاوەڕێ بکەن تا بپەڕنەوە لەجادەیەکی قەرەباڵغ. پاشان گەشتنەجێ. گەیشتنە شاری پەناهەندە نایاساییەکان. «نا-کۆمەڵگەیەك» پڕ لە «نا- مرۆڤ». مرۆڤگەلێکی بێ پاسپۆرت، بێ ناو، یان ژمارەی کەسایەتی. تەنها کۆمەڵێك لاشە، دەموچاو و پەلەکان. تەنها کۆمەڵێك چیرۆکی نهێنی، خەونی نهێنی، کۆمەڵێك خێزان کە هەموویان بەجێیان هێشتبوون. ئەمە شوێنەکە بوو. ئێرە ژیانی دیوەکەی تر بوو، ساموێل بیری دەکردەوە. ئەو مەیدانی نێوەندەی مرۆڤ چاوەڕێی بڕیارە کۆتاییەکەی لێدەکرد. لەکاتێکدا چاوەڕێی کردنە ژوورەوەی بەهەشتان دەکرد، یان گەڕانەوە بۆ دۆزەخ. لەکاتێکدا مرۆڤ چاوەڕێی مۆڵەتێکی یاسایی ڕۆژئاوای دەکرد، یاخود گەڕانەوە بۆ ئەو شوێنەی لێوەی هاتبوون. ئێرە بوو. ئێرە بەرزەخ بوو.

★

چاویان بەپیاوێکی تر کەوت لەساحل عاجەوە، بەپانتۆڵی جینزی فش، چاویلکەی هەتاویی‌و بلوزی قۆڵدرێژی لۆکەوە. بەخێرهاتنی کردن‌و شوێنێکی نیشاندان کە دەیانتوانی لێی دانیشن. پیاوەکە دوکانێکی بەڕێوەدەبرد، بەشانازیەوە باسی کرد، بازرگانیەك کە لەفرۆشتنی چاویلکەی هەتاویی، کەرەستەر جوانکاری خانمان، کاتژمێر و جانتای دەستی پێکهاتبوو بۆ گەشتیارەکان لەسەر کەنار دەریاکە. دەستی بۆ تەختەیەك لەچاویلکەی هەتاویی درێـژ کرد کە لەپشتیەوە بوو، لەتەنیشت هەڵگرێك لە جانتایدەستیی هەرزان. دەیتوانی کەلوپەلەکان دابین بکات، گەر یەکێکیان ئارەزوویان لێی هەبوایە. ساموێل سەری لەقاندو پرسی کە پیاوەکە چیدەوێت لەبەرامبەردا.

- نیوەی.

پیاوەکە وەڵامی دایەوەو بزەیەکی بۆ کرد. نیوەی بەشەکەی دەویست.

لـێرە گرووپەکە دووبـارە دابـەش بـوونـەوە. هەندێکیان یەکسەر پەسەندیان کـرد. ئەوانی دیکە خەڵکیان لەشارەکەی خۆیانەوە بینی، یان بەلایەنی کەمەوە چەند کەسێك کە لەهەمان وڵاتەوە هاتبوون، زۆرێکیان پلانیان دانا کە بۆ هەمیشە لـەوێ بمێننەوە، لەشاری مرۆڤگەلێك کە بوونیان نەبوو. بەناو خێمەی نایلۆنی‌و عەلاگەدا دەڕۆشتن. بەنێوان جلی هەڵخراو و تەباخی غازی بچووك، ئەو شوێنەی خواردنی تیا لێدەنرا لەقاپی قوڵی کانزاییدا. ساموێل ئەوانی دیکەی بەلەمەکەشی بینیەوە. ئێسۆوا، دەیڤد و مالیك. ئێسۆوا گۆڕابوو ئێستا. هاوڕێیانەتر بوو. پرسیاری لەساموێل کرد کە چۆنە،

وتی دەتوانێ یارمەتی بدات لەدۆزینەوەی باشترین کەسەکان کە شتیان بۆ بفرۆشێت، گەر ویستی لەسەربێت. وادیارنەبوو کە شتێکی نادیار لەپشتەوەی هەبێت، یان وەك ئەوەی بیەوێت هەڵیبخەڵەتێنێت. ئەو تۆنە بەحیرسیەی نەمابوو. دیاربوو کە بەوشوێنە گەیشتبوو کە دەیویست. ساموێل بەوردی تەماشای کرد. ئێسۆوا زۆرتری دەزانی وەك لەوانی دیکە. ئاشکرابوو کە راستی وت لەوەی زۆربەیان پێشبینییەکی زۆر بەرزیان هەبوو، لەبەرئەوەی ئەمە ئەو ژیانە بوو کە چاوەڕێی دەکردن. ساموێل وتی کە بیری لێدەکاتەوە، پاشان بەردەوامبوو لەپیاسەکردن.

زۆرێك لەپەنابەرەکانی کە بەلایدا تێدەپەڕی برینی ئاشکرایان هەبوو لەسەر قاچەکانیان یان رووخساریان. کۆمەڵە برینێك کە تەشەنەیان کردبوو، بەڵام کە نەدەتوانرا بچن بۆ لای پزیشك بۆیو چارەسەری بۆ وەربگرن، چونکە ئەوان لەڕاستیدا هیچ بوونێکیان نەبوو. ساموێل پاڵی بەدارێکەوە نا و دانیشت لەسەرپەڕی ئەو شارە بچووکەو چاوەکانی نوقاند. ئەمە ئەوە نەبوو پێشبینی کردبوو. گەر ئەمە ژیانی ئەودیوو بێت، باشتربوو لەماڵەوە بمایەتەوە، بیریدەکردەوە، شەقامەکانی هێنایە بەرچاوی کە لێی گەورە بووبوو. دراوسێکانی کە سەوزەواتی رەگداریان لەدەستکەوانێکدا بەکۆڵەکەیەکی رەش پاندەکردەوە. ئەو پیاکێشانە یەکسانو بەڕیتمە. ژنێك کە گۆرانی دەوت. بیری رووناکی سەر خانووەکانی کەوتەوە لەبەیانیاندا. مۆسیقای رادیۆکان. کەڵەشێرەکەی دەیقوقاند.

- جگەرەیەکت پێیە؟

سامویێل چاوەکانی کردەوەو ڕاستەوخۆ تەماشای ڕوخساری پیاوێکی لاوازی چڵکنی کرد، کە خۆی لێ چەماندبووەوە. لەکۆتایی ڕستەکەدا پیاوەکە کۆکیو دەستی بردە بەردەمی.

سامویێل سەری ڕاوەشاند.

- بەداخەوە.

وەڵامی دایەوە.

- هیچ شتێکم نییە.

# ١٩

## کۆتا ئێوارەخوان

ئێوارە بوو. ئێمیلیە لەکەنار دەریاکە بوو. مەلەی کردبوو، هەروەها خۆشی دابووە بەر خۆر. ئێستا لەڕێستۆرانتێك لەنزیك بەندەرەکەوە دانیشتبوون، هەر ئێستا خواردنیان داوا کردبوو. ئێمیلیە پیتزایەکی بچووکی داواکردبوو بەپەنیر و گۆشتی بەرازەوە، لەگەڵ ئاو بەبڵقی غازییەوە. هەوڵی دەدا بیر لەحاڵی ئێستای ساموێل نەکاتەوە، بەڵام بەتەواوی مەحاڵ بوو. لەکوێیە؟ بەندینخانە؟ لەفڕۆکەیەکدا لەڕێدا بۆ گانا؟ شتێکی زۆر نایەکسانیانە بوو، بیری دەکردەوە. چۆن جیهان دەیتوانی بەوشێوەیە بێت کە مرۆڤ بگەڕێننەوە بۆ ژیانێك بەبێ هیچ داهاتوویەك، کاتێك هەموو شتێکیان کردبووە قوربانی بۆ گەشتن بەئێرە؟

خواردنەکە دانرا لەسەر مێزەکە. پیتزا بچووکەکەی بەهەرحاڵ ئەوەندە بچووك نەبوو. باوکم باقیەکەی دەخوات، بیریکردەوەو پارچەیەکی لێکردەوە. دایکی یارمەتی بڕینی سپایگێتیەکەی سبەستیانی دا کە هەرچەنە لەڕاستیدا خۆی دەیتوانی، دەستیانکرد بەباسکردنی سیستمێکی مۆسیقای وایەرلێس کە باوکی ئارەزووی لێی هەبوو. ئێمیلیە لەناو خەیاڵاتی خۆیدا بوو. نانی دەخوارد. تەنها چەند ڕۆژێکی مابوو بگەڕێنەوەماڵەوە، سبەینێ بەنیازی گەشتی ئاویی بوون بەو کەشتییە گەمژانەیە. دەبوو تەماشای هەواڵەکان بکاتەوە لەمۆبایلەکەیەوە، بیریکردەوە. دووجار تەماشای کردبوو پێشتر، بەدڵنیاییەوە بەم زوانە بالانسی پێ نەدەما، بەڵام هیچ نەنوسرابوو دەربارەی ئەوەی کۆچکەرەکان دۆزرابێتنەوە. لەوانەیە هێشتا راپۆرتێك نەنێردرابێت؟ پێویست بوو دووبارە بچێتەوە خانووەکەو بزانێت ئەگەر بۆ ئەوێ گەڕاونەتەوە. دەبوو بڕوات، هەرئێستا، بەڵام چۆن دەیتوانی فێڵ لەدایكو باوکی بکات ئەمجارە؟ دەبوو چیان پێ بڵێت؟

تێبینی کرد کە لەپڕدا سەر مێزەکە بێدەنگ بوو، تەماشای ئەوانی تری کرد. باوکی دانیشتبوو و بەتێڕوانینەکەی لێی دەکۆڵیەوە. ئێمیلیە سەیری قاپەکەی کرد. بەتاڵ بووبوو. پیتزایەکی تەواوی خواردبوو. ڕێی تێدەچوو؟ تارادەیەك هەموو ڕۆژەکە هیچی نەخواردبوو، بەڵام هەرچۆنێك بێت؟!

- چی ڕوودەدات، ئێمیلیە؟

باوکی پرسیو پەرداخە شەرابەکەی کردە لاوە. دایکی سەری لەقاندو پرسیارەکەی دووبارە کردەوە. لەڕاستیدا چی ڕوویدەدا؟ دەبوو چی وەڵام بداتەوە؟

- ناتوانم بیڵێم.

وەڵامی دایەوەو هەستیکرد وا دڵی پڕ دەبێت. لەسەر کورسیەکەی هەستا. هێزی لەفرمێسکەکان دەکرد بچنەوە ناوەوە.

- بەمزووانە دەگەڕێمەوە، تەنها شتێك هەیە دەبێت سەرەتا چارەی بکەم.

- ئێمیلیە؟ کەمێك چاوەڕێ بکە، ئێمیلیە!

بەناو مێزەکاندا تێپەڕیو ڕایکردە سەر شۆستەکان. دایكو باوکی چەند جارێك بانگیان کرد لەکاتێکداکە بەرەو جادەکە ڕایدەکردو لەسوچەکە پێچی کردەوە، پاشان لەناو تاریکی بەینی خانووەکاندا ون بوو. ڕایکردو ڕایکرد. بەلای دەرگا کراوەکاندا. بەلای هەموو ئەو گەشتیارە دەم بەزەردەخەنانەوە. هەموو ئەو لاشە تازە شۆراوانە بەعەترەوە، کە لەو دوکانانەدا کڕدرابوون کە باج نادەن. بەگراسو عەزی گرانبەهاوە. لەکۆبنهاگنەوە. لەنیویۆرکەوە. لەپاریسەوە.

هیچ کەس بەدوایەوە نەبوو. سکی ئێشی دەهات بەهۆی ئەو هەموو خواردنەی خواردبووی، بەڵام بەهەرحاڵ بەردەوام بوو لەڕاکردن. بۆ دەرەوەی شارەکەو بەرەو سەرەوە بۆ خانووەکە. تەواو خامۆش دیاربوو. تەواو تاریك. دیاربوو بەردەوام بوون لەگەشتەکەیان. ئەوکات کە هاتە نزیکتر، هێڵێکی باریکی، لاوازی ڕووناکی بەرچاوکەوت کە لەپەنجەرەیەکیانەوە دەهاتە دەرەوە. کەسێك لەوێ بوو، یان بیریانچووە یەکێك لەگڵۆپەکان بکوژێننەوە؟ ئەگرا ماسیگرەکە بێت گەڕابێتەوە؟ چووە بەردەم دەرگای ژوورەوەو سێ جار بەکورتی لەدەرگایدا. چەند چرکەیەك تێپەڕی، دواتر دەرگاکە کرایەوە.

ئەو بوو. ساموێل بوو. ساموێل پڕ بەدڵی زەردەخەنەیەکی کردو دەستی گرتو دەرگاکەی لەدواوە داخست.

- ئێمیلیە.

بە هێواشی وتی.

ئێمیلیە بیریکردەوە کە کەس بەوشێوازە ناوی نەهێناوە.

- لەکوێ بوویت؟

ئێمیلیە پرسی. ساموێل زۆر نزیك لێوەی وەستابوو لەو ڕاڕەوە تەسکەدا. چەند هەنگاوێك چووە دواوە بەرەو دەرگای چێشتخانەکە.

- لێرە بوویتو بەدواماندا گەڕاویت؟

- بەدڵنیاییەوە.

ئێمیلیە وەڵامی دایەوەو زەردەخەنەیەکی کرد. ساموێل دەستی خستە سەرشانی، بەڵام وادیاربوو نادڵنیا بێتو لایبردەوە یەکسەر.

- سوپاس بۆ گرنگی پێدانەکەت. لەشوێنێك بووینو بەدوای ئیشدا گەڕاین، بەڵام ئەوە شتێك نەبوو بۆ من... وەرە!

دەستی درێژکرد بۆ پیشاندای ڕێی ناو چێشتخانەکەو پاشان ژووری دانیشتنەکە. ئێستا تەنها پێنجان مابوونەوە لەپانزەکەی یەکەمجار. ساموێل، عەبوو، تراورێ، دیەنباو ئوسمانەی کوڕی. دیەنبا لەلای دیوارەکەوە دانیشتبوو. ئوسمانە لەباوەشیدا پاڵکەوتبوو و نوستبوو. پێستی شێدار بوبوو لەئارەقدا. دەمی کراوە بوو. هەناسەی خێرا. دیەنبا دەستێکی بەرز کردەوەو سڵاوی پێکرد. ئێمیلیە زەردەخەنەیەکی کردو چوو بۆلای.

- نەخۆشکەوتووە؟

ئێمیلیە پرسی.

دیەنبا بەجدیەکەوە سەری ئەرێی لەقاند. باسی بۆ کرد کە هەموو خواردنەکەی داناوە بەسکچوون، کە تای هەبووە. نەیزانیوە چی بکات، پاشان کۆتایی بەقسەکانی هێنا. کۆتا وشەکانی، ئێمیلیەی

بەبیرهێنایەوە کە لەڕاستیدا بۆچی رایکردووە بۆلایان و بانیازبووە باسی چی بکات.

- ئەی خوایە.

ئەمەی وت و ئاوڕیدایەوە بۆ سامۆیل.

– خەریك بوو هەمووشتێکم بیربچێتەوە ئێستا.

- چی بووە؟

- بەلەمەکە. خاوەن دەسەڵاتەکان بەلەمەکەیان دۆزیوەتەوە! وێنەیەکی لەڕۆژنامەدا دەرچووە. پۆلیسەکان فەرمانیان پێکراوە بەدوای ئێوەدا بگەڕێن. پێموابوو بۆیە ئێوە لێرەنەبوون ئەمڕۆ.

سامۆیل هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا، وتی کە هەر دەبوو رووبدات. ئێستا یا دواتر هەر دەبوو بیدۆزنەوە.

- بەنیازن چی بکەن ئێستا؟

ئێمیلیە پرسی. سامۆیل وتی کە دەبێت لەخانووەکە دەرچن. دەستیکرد بەکۆکردنەوەی خواردنەکان لەعەلاگەیەکدا. ئێمیلیە تەنها بەوەستاوی مابووەوە و دەستەکانی بۆ خوارەوە لەلاتەنیشتەکانیدا شۆڕکردبووەوە.

- بەڵام بەنیازن بۆکوێ بڕۆن؟

بەسەرلێ شێواویەکەوە پرسی.

کەس وەڵامی نەدایەوە. عەبوو و تراورێ بەتانیە بچووکو فەرشەکانیان لوول کرد. ئێمیلیە چوو بۆلای سامویێلو قۆڵی گرت.

- ئەتانەوێت چڕۆن بۆ کوێ، سامویێل؟

بەرەو رووی ئاووریدایەوەو هەوڵیدا زەردەخەنەیەك دروست بکات، بەڵام چاوەکانی بەدرۆی دەخستنەوە.

- خۆمان دەگوزەرێنین.

بەکورتی وەڵامی دایەوە.

- بێ جێو رێیەك؟ بێ هیچ پارەیەك؟

ئێمیلیە بەردەوام بوو، بیریدەکردەوە تەنها گەر بەنیازی ئەو گەشتە گەمژانەیەی رۆژی دواتر نەبوونایە. تەنها گەر پشووەکەیان بەم زوانە کۆتایی نەهاتباو نەگەڕانایەتەوە بۆ نەرویج. پاشان چی؟ بەردەوام بوو لەبیرکردنەوە. ئەوکات چی دەکرد؟ لەڕاستیدا دەیتوانی چی بکات؟

هیچ شتێك.

بەتەواوی هیچ شتێکی لەدەستدا نەبوو بیکات.

سەری دانەواند. پاشان گوێی لەهەنگاونان بوو لەپشتەوەی. دیەنبا بوو. دیەنبا شانی گرت، وای لەئێمیلیە کرد ئاوڕ بداتەوە. ئوسامە سەری بەملیەوە نوساندبوو، سنگی بەخێرایی بەرز و نزم دەبۆوە. دیەنبا دەستێکی ئێمیلیەی کردە ناوی دەستی خۆیەوە، تەواو چووە پێشەوە لێی. چاوەکانی دەدرەوشانەوە.

- ئازیزەکەم.

بەهێواشی وتی.

- بەڵێ؟

ئێمیلیە بەنادڵنیاییەکەوە وەڵامی دایەوە.

- هەزار سوپاس بۆ هەموو ئەوەی بۆ ئێمەت کرد. زۆر سوپاس کە یارمەتیت داین دابەزینە وشکانی، کە شوێنێکت بۆ پەیداکردین لێی بمێنینەوە. سوپاس بۆ هەموو خواردنەکەی بۆت پەیداکردین. نەماندەتوانی بگوزەرێنین گەر تۆ نەبویتایە، دەزانی؟

دیەنبا بەسۆزەوە دەستیهێنا بەڕومەتیدا. ئێمیلیە هەستیکرد چەند نائاسایی بوو بەلایەوە کە بەوشێوەیە دەستی بۆ ببرێت. بەو هەموو سۆزو خۆشەویستییەوە. «شایەنی نییە»، هەوڵی وتنیدا، بەڵام لەهەمانکاتدا هەستی بەفرمێسکەکان کرد چۆن بەخوڕ بەڕومەتەکەنیدا دەباری. ئازارێکی لەپڕ و ناچاوەڕوانکراو

بوو هەمووی بەیەکەوە. ئەگریا بۆ سامویل، کە هەرگیز جاریکیتر یەکتری نابیننەوە. ئەگریا بۆ هەموو ئەو شتانەی لەناو خۆیدا هەلیگرتبوو، هەموو ئەو شتانەی هەمیشە کۆنترۆلی کردبوو. ئەگریا لەبەرئەوەی نەیدەتوانی ئەو هەموو خۆشەویستیو گەرمییە بەشێوازیکی تر پەسەند بکات. سامویل خۆی تۆزێ لەدواوە گرتبوو. نەیدەزانی دەبێت چی بکات. دیەنبا باوەشی بەئێمیلیەدا کرد، بە دەستە بەتالەکەی دەستی هێنا بەپشتیدا. ئوسمانە لەنێوانیاندا بوو و نوستبوو. ئێمیلیە خۆی دوورخستەوەو بە قوڵی فرمێسکەکانی سڕی.

- ئەوە من نیم کە لێرەدا دەبێت دڵنەوایی بکرێتەوە.

ئێمیلیە وتیو بەکورتی پێکەنی.

— ئەبێت خێرابکەین پێش ئەوەی بتاندۆزنەوە.

دیەنبا سەری لەقاند و سەیری ئوسمانەی کردەوە.

لەسەرخۆ وتی.

- من لەگەڵتان نایەم.

سامویل ئاوڕیدایەوە بۆی.

- نایەیت؟

- نەخێر. ئەبێت پزیشکێك ئوسمانە ببینێت.

کەس وەڵامی نەدایەوە. دیەنبا راستی دەکرد. ئەگەرێکی زۆر هەبوو بنێردرێتەوە بۆ مالی گەر برۆشتایەتە لای پزیشك. بەهەرحاڵ. ئەوە باشتربوو وەك لەوەی ژیانی ئوسمانە بخاتە مەترسییەوە.

- دوور نییە بەپێ تا ناوشار برۆیت؟

سامویل پرسیو بەوریاییەوە دەستیهێنا بەو سەری بچووکی ئوسمانەدا. دیەنبا سەری راوەشاند.

وەڵامی دایەوە.

- هەستێکم هەیە کە ئەمدۆزنەوە پێش ئەوەی ئەوەندە دوور برۆم.

پاشان بۆ کۆتا جار باوەشی پیاکردنو بەرەو دەرگای دەرەوە رۆیشت، بەئوسمانەوە شلو لاواز بەدەوری ملییەوە.

سامویل گەرا گەر شتێکیان بەجێهێشتبێت، پاشان گلۆپە بچووکەکەی کوژاندەوە. ئەوکات ئامادەبوون. رۆیشتنە دەرەوە بۆ مەدخەلەکە. ئەوکاتەی دەستیدایە دەسکی دەرگاکە، گوێیان لەئۆتۆمبیلێك بوو.

سامویل بەخێرایی سەیرێکی پەنجەرەی ژووری دانیشتنەکەی کردو چاوی بەمینی پاسێك کەوت کە پێچی دەکردەوە بۆ ناو رێگە چەورێژەکەی سەر خانووەکە. ماسیگرەکە. بەپەلە خۆیان

لوول کرد لەتەنیشت یەکەوە بەدرێژایی دیوارەکە. پاشان ماتۆڕەکە کوژێنرایەوەو دیسان تاریك بـووەوە. گوێیان لەدەنگی دەرگای ئۆتۆمبیلەکە بوو کە کرایەوە، پیاوێك کە فیکەی لێدەدا. لەڕێگەدا بوو ڕێك بۆ لای ئەوان، دە هەنگاو لەدەرگاکەوە دوور. پێڵاوەکانی کە چەوەکانی لەدواوە هەڵدەدا. بەناو چێشتخانەکەدا دەڕۆشتن بەلاشەی چەماوەوە. عەلاگەکانیان جێهێشت تا دەنگیان نەیەت، گەیشتن بەدەرگای دواوە. ساموێل دەستی برد بۆ دەستکەکەی. بەکلیل داخرابوو. بۆچی ئەم دەرگایە داخرابوو، بەڵام دەرگای هاتنەژورەوەکە نا؟ ساموێل کلیلەکەی بادا بەبێدەنگی، بەوریاییەوە دەسکەکەی هێنایە خوارەوە. لەهەمان چرکەدا گوێیان لەدەرگاکە بوو دەکرایەوە لەلاکەی تری خانووەکەوە. عەبوو و تراورێ لەژێر دارەکاندا دیارنەمان لەتاریکیدا. ئێمیلیە ڕۆشتە دەرەوەو چاوەڕێی ساموێلی کرد بێتە دەرەوە. ساموێل دەرگاکەی بەوریاییەوە ڕاکێشاو دەستی ئێمیلیەی گرت. پاشان بەچەماوەیی ڕایان کرد. بەلای هەموو ئەو خاشاكو وێرانەی پشتەوەی خانووەکەو بۆ سەرەوەی گردەکە. هەوڵیاندەدا بەبێدەنگترین شێوە رابکەن کە لەتوانادا بوو، بێئەوە هیچ کام لەو بەردە گەورانە بترازێن. لەسەر خاکە نەرمەکە قاچان خزا. لەوانەیە ماسیگرەکە لەئێستاوە پێی زانیبێت کە چەند کەسێك لەماڵەکەیدا بوون لەکاتێکدا ئەم لەوی نەبووە؟ لەوانەیە ڕۆشتبێتو دەرگای دواوەی پشکنیبێت ڕێك ئێستاو چاوی بەمان کەوتبێت؟ ئێمیلیە ئـاوڕی دایـەوەو ڕوناکیە زەردەکـەی

بینی کە لەپەنجەرەکانەوە دەهـات. بەهەرحاڵ خاوەنماڵەکە لەبەردەم دەرگاکەدا نەوەستابوو لەدواوەیان. لەوکاتەدا هاوسەنگی لەدەستداو کەوت. بەدەستێکی خۆی گرتەوەو بەو بەردە تیژانە دەستی بڕا. ساموێل یارمەتیدا هەستێتەوە. پاشان بەردەوامبوون بەسەر لوتکەکەدا، بەناو کۆمەڵێك دار سنەوبەری دەرزی نەرمدا، بۆ ژێر سێبەری لقەکانیان. لەکۆتاییدا پارێزراو بوون، ئێمیلیە بیری کردەوە. لەکۆتاییدا نەدەتوانرا ببینرێن.

# ٢٠

## چاوەڕێکردنەکە

بۆ چەند چرکەیەك وەستان تا بزانن کەسێك دوایان نەکەوتووە، بەڵام تەنها دەنگ کە گوێبیستی بوون، دەنگی دەریا بوو کە شەپۆلی دەدا بەوشکانیدا، باڵندەیەك کە هاواری دەکرد لەدوورەوە. ساموێل پرسی کە دەستی باشە. ئێمیلیە سەری لەقاند.

- باشە. پێویستە زیاتر لەخانووەکە دووربکەوینەوە، ساموێل ئەوەی وتو دەستی راوەشاند بۆ ئەوانیتر کە بەردەوام بن. زیاتر چوونە قوڵایی تاریکییەکەوە لەنێوان دارەکاندا. دوای چەند خولەکێك گەیشتنە شوێنێکی گونجاو بۆ خۆشاردنەوە. لێژاییەك کە باران خۆڵی سەر رەگی هەندێك لەدارەکانی شۆردبۆوە، چاڵاییەك حەشارگەیەکی دروست کردبوو. دانیشتنو هەناسەیان بەبەردا هاتەوە. ساموێل تەماشایەکی قەراخەکەی کرد.

- کەسێك دەبینی؟

ئێمیلیە چرپاندی.

سامۆێل سەری ڕاوەشاند. تراوری‌و عەبوو چەند مەترێك لەولاتر دانیشتبوون‌و سەریان خستبووە نێوان ئەژنۆکانیان. بێدەنگ‌و بێجووڵە. بیریان لەچی دەکردەوە؟ خێزانەکانیان لەنیشتیمان؟ خۆشەویستەکانیان کە جێیان هێشتبوون؟ یان تەنها ئیفلیج دانیشتبوون، بەبێئەوەی بتوانن بیر لەهیچ بکەنەوە جگە لەتۆقینی ئەوەی بدۆزرێنەوە؟

سامۆێل داوای لەئێمیلیە کرد بهێڵێت برینەکەی ببینێت. ئێمیلیە دەستی بۆ درێژ کرد. برینێکی پاك بوو، لەلای ئەو ماسولکەیەوە بوو کە پەنجە گەورەی لێوە دەست پێدەکات. ئێمیلیە هەستی بە لم و زیخەکان دەکرد، کە چووبوونە ژێر پێستەکەیەوە. دەستی ئازاری دەهات‌و ترپەی لێدەدا.

سامۆێل وتی.

- ئەبوو ئاومان پێبوایە.

پاشان سەیری چواردەوری خۆی کرد، تەنها بۆئەوەی دڵنیابێت کەسی تر ئاوی لەگەڵ خۆیان نەهێناوە، پاشان دەستی ئێمیلیەی بەرز کردەوە بۆ لای ڕووخساری.

سامۆێل وتی.

- باش، کەواتە ئەبێت بەمجۆرە بیکەین.

پێش ئەوەی ئێمیلیە فریای کاردانەوەیەك بکەوێت ساموێل لێوەکانی کردە سەر برینەکە. ئێمیلیە یەکەمجار هەڵبەزیەوە، ئەیویست دەستی بۆلای خۆی راکێشێتەوە، بەڵام ساموێل سەری راوەشاندو وایلێکرد بوەستێت. بەلێوەکانی زیخەکانی هەڵمژیو دواتر پارچەکانی تری بەدەست لەسەر دەمی برینەکە لابرد.

ساموێل وتی.

- ئاوا.

پاشان زەردەخەنەیەکی کرد. ئێمیلیە تەماشای دەستی کرد. هەوڵیدەدا تەریقبوونەوەکەی بشارێتەوە. هەوڵیدا شتێك بدۆزێتەوەو بیڵێ تا بیشارێتەوە.

- ئەمە رێك بەهەمانشێوەی پزیشکەکان نەبوو لەماڵەوە لەنەرویج.

لەسەرخۆ ئەمەی وتو هێزی زەردەخەنەیەکی کرد.

- لای ئێمەش وانییە.

ساموێل چرپاندیو پێکەنی. عەبوو «وششی» لێکردن،و ساموێل دەستی خستە سەردەمی. با بەسەر لقی دارەکاندا دەڕۆیشت لەسەرروویانەوە، گەڵاکانی دەلەراندەوە. ئێمیلیە تەماشای ئەوانیتری کردو دووبارە چاوی کەوتە سەر چاوی تراوری. تێڕوانینێکی تاریك‌و

نائامادەبوو، بەتێکەڵەیەك لەترس و کەمتەرخەمییەوە. تێڕوانینی یەکێك کە دەستبەرداری هەموو شتێك بووبوو. تراوریٚ بەخێرایی ئاوڕیدایەوە، سەری دانەواندە عەرزەکە.

تاریك بووبوو. ڕۆشنایی مانگ نێوانی لقە دارەکانی روناك دەکردەوە، سێبەری بۆ چاڵاییەکە دروست دەکرد کە خۆیان تێداشاردبۆوە. ساموێل داوای لێکرد دەستە بریندارەکەی بنوقێنێت.

- ئێمیلیە؟

- بەڵێ؟

- گەر دەستگیرم بکەن، بڵێ ناوم کوفی-ە. باش؟

- کوفی؟ وەك کوفی عەنان؟

- بەڵێ.

ساموێل وەڵامی دایەوەو زەردەخەنەیەکی کرد.

— کەواتە دەربارەیت بیستووە؟

ئێمیلیە سەری لەقاند.

— بەدڵنیاییەوە. لەبەرئەوەی کە نەتنێرنەوە؟

- ئەم. ناتوانن کەسانێك بنێرنەوە کە نەزانن لەکوێوە هاتووە، مەگەر دەتوانن؟

ئێمیلیە دەبوو سەیری خوارەوە بکات. لەتوانای ئەو بیرکردنەوەیەدا نەبوو کە ئەو بگەڕێندرێتەوە. لەتوانای وێناکردنی سامۆیلی نەبوو لەکەمپێکدا، یا وێنەی ئەو لەفرۆکەیەکدا بەرەو گانا. وێنەکان دەهاتن و دەچوون لەمێشکیدا. بەزۆر دووری خستنەوە.

- خۆزگە دەمتوانی بتپێچمەوە ناو جانتاکەم بتبەمەوە ماڵەوە، ئێمیلیەئەوەی وت و بزەیەکی کرد. هەوڵیدەدا لەسەر هەمان تۆنی دەنگی بمێنێتەوە. وەك ئەوەی نەزانێت کە ئەمە لەوانەیە کۆتا جار بێت یەکتری ببینن. وەك ئەوەی هەموو ئەوەی کە لەڕاستیدا دەیویست، خۆچەماندنەوەو ماچکردنی ئەو و لەباوەشکردنی نەبێت.

- جا دەتتوانی هەڵبگری؟

سامۆیل پرسی و ماسولکەکانی قۆڵی ئێمیلیەی گرت.

- بەهەرحاڵ توانیم بەمەلە بتگەیەنمە وشکانی.

سامۆیل دەبوو دەمی بگرێت تا بەدەنگی بەرز پێنەکەنێت. تراوری بەتوڕەییەوە تەماشای کردن، پەنجەی کردە سەر دەمی. سامۆیل دەنگی نزم کردەوە.

- ئەی خوایە.

چرپاندی.

— خۆ بەتەواوی نوقووم بووم. بیرتە؟

ئێمیلیە بەجۆرێك خۆی نیشاندا کە ئەبوو بەوردی بەبیر خۆی بهێنێتەوە.

- بەڵێ، کە وا دەڵێیت پێموایە شتێکم بیریەت کە لەبەلەمەکە کەوتبێتیتە خوارەوە؟ کە بەجۆرێك نەت...؟

ساموێل خەریك بوو دیسان پێبکەنێتەوە، دەستی خستە سەر شانی ئێمیلیە. ئێمیلیە هەستی بەکێشی قۆڵی ساموێل دەکرد. بەپەنجەکانی لەسەر دەفەی شانی.

- سوپاس.

ئێمیلیە، چرپاندی.

مانگ بەسەریانەوە ئەدرەوشایەوە. دەنگی ئۆتۆمبیلێك لەکەمێك دوورترەوە هات. ئێمیلیە باوەشی کرد بەکەمەری ساموێلدا. پاشان لەوێ دانیشتن، بێدەنگ، لەترسی ئەوەی ئاشکرا ببن.

- ساموێل؟

دوای کەمێك چرپاندی.

- هممم؟

- بۆم بگێڕەوە ئەو شوێنەی لێوەی هاتووی چۆنە.

- گانا؟

ئێمیلیە وەڵامی ئەریی دایەوە، سامویل دەستی بەگێڕانەوە کرد. بەچرپە بەپەنا رووومەتیدا چیرۆکی گەورەبونی بۆ گێرایەوە. باسی هاورێیەکی بۆ کرد کە لەگەڵیا گەورە بووە، خوشکە تاقانە بچووکەکەی، کە فێری قسەکردن بوو بوو پێش ئەوەی فێری رۆیشتن ببێت. باسی گاکانی کێڵگەکەی دەرەوە، و ئۆتۆمبیلە ستەیشنە تێکشکاوەکەی بۆ کرد کە منالان یاریان تێدا دەکرد. باسی کۆڵانو کوچەی نێوان خانووەکانی بۆ کرد. قاوەخانەکەی کە تەماشای درامای رۆژئاواییان لێدەکرد. ئەو گێڕانەوانە یارمەتیدەربوون. وایاندەکرد ئەوانەی بیربچێتەوە کە لەو نێوەندەدا مردن، بیر لەشتی تر بکاتەوە وەك لەوەی دایکی دەکرێ پێی بلێ کاتێك ئەم دووبارە لەبەردەم دەرگای ماڵەوە وەستاوەو هەموو پارەی ماڵەوەی بێهودە خەرج کردووە.

لەکۆتاییدا ئاوڕیدایەوە بۆ روخساری ئێمیلیەو هەمان پرسیاری لێکرد. کە چۆن بوو ئەو شوێنەی لێوەی هاتبوو. ئێمیلیە تەماشای کرد، پاشان باسی وەرزشکردنەکەی بۆ کرد، باسی تەختە سەربەفرەکەی (سنۆوبۆرد) کە بۆ جەژنی لەدایك بوونی عیسا وەریگرتبوو، باسی بەفرەکەی بۆ کرد کە چەند مەترێك کەڵەکە دەبوو بەدرێژایی شەقامەکان دوای ئەوەی ئۆتۆمبیلی بەفرماڵەکە جادەکەی پاك دەکردەوە. باسی خوێندنگەی بۆ کرد. کام وانەیەی پێخۆشبوو و کامەی بەلاوە ناخۆش بوو. ناوی خۆشەویسترین هاورێکانی. هەروەها، بۆ یەکەمجار، باسی کورەکەو پارچە شیرینیەکەی بۆ یەکێکیتر گێڕایەوە. بۆی گێڕایەوە کە چۆن خەریکبووە بەتەواوی

خواردن لەخۆی بکات. سامویێل بەسەرنجەوە دانیشتبوو و گوێی بۆ گرتبوو، بەرەو ڕووی چەمایەوە کە لەقسەکانی تەواو بوو.

- ئەی، بەهۆیەوە خۆشحاڵتر بوویت؟

سامویێل چرپاندی.

- بەهۆی چییەوە؟

- وازهێنان لەخواردن؟

ئەوە چ جۆرە پرسیارێك بوو، لەڕاستیدا؟ ئێمیلیە بیری کردەوەو شانی بردەوە دواوە. ڕازیتر بووە لەخودی خۆی، کۆنترۆڵی زیاتری پەیدا کردووە. بەڵام دڵخۆش؟

- جا، کێ دڵخۆشە لەڕاستیدا؟ ئەتوانی پێم بڵێیت؟

وەڵامەکە سەری لەسامویێل شێواند. دەمی کردەوەو خەریك بوو بپرسێت مەبەستی چیبوو، کە خەڵك ڕازی نەبوو لەو شوێنەی لێوەی هاتبوو، بەڵام پێی بڕدرا لەلایەن ئۆتۆمبیلێکەوە. ئۆتۆمبیلێك کە بەرەو خانووەکە دەڕۆشت وەستا. گوێیان لەداخستنی دەرگاکانی بوو. دەنگی مرۆڤ. سەگ کە دەوەڕینو لەدیوەکەی تری گردەکەوە، کۆچکردووەکانی تر سەریان هەڵبڕی. تێڕوانینەکانیان بەسەرنجەوە بوو، تیژ بوو. بۆ چەند چرکەیەك دونیا تەواو بێدەنگ بوو. پاشان گوێیان لەیەکێك بوو هاواری کرد. چەند وشەیەکی کورت بەئیسپانی، وەك فەرمان کردنێك. دەبوو پۆلیس بن. وەڕینەکە نزیك

بۆوە. دەبوو سەگەکان بۆنیانی هەڵگرتبێتن. ئێمیلیە توند باوەشی بەقۆڵی ساموێلدا کردبوو. ساموێل بێجووڵە بوو، بەتێڕوانینێکی تیژ لەسەر تاریکیەکە. پاشان وا دەهاتە بەرگوێ کە ڕێگەیەکی هەڵەیان هەڵبژاردبێت، بەئاراستەیەکی دیکەدا دەڕۆشتن. چەند چرکەیەك تێپەربوو. لەوانەیە بەهەرحاڵ نەدۆزرێنەوە؟ عەبوو و تراوری بەهەڵتروشکاوی دانیشتبوون، ئامادەی راکردن بوون. ئێمیلیەو ساموێل هێشتا لەسەر سك پاڵکەوتبوون، چاویان تا سەرووی قەراخەکە بەرز کردبووەوە. بۆنی خاكو دەرزی دار سنەوبەرەکان دەهات. دەنگی وەڕەینی سەگەکان ناوچەکەی تەنیبووەوە، دەیانتوانی رووناکی لایتە دەستییەکان ببینن کە ناو دارەکانی رۆشن دەکردەوە. هێڵی سپی لەو فراوانییەدا. لەپڕدا رووناکییەکان ئاراستەی ئەمان کران، بەرووناکییەکی سپی کوێرکەرەوە. ئێمیلیەو ساموێل بەخێراترین شێوە سەریان دانەواند، بەڵام درەنگ بوو. ئاشکرابووبوون. ساموێل دەستی ئێمیلیەی گرتو دەستیکرد بەراکردن. تیشکەکان بەدەوریاندا ئاراستە دەکران. یەکێك لەپۆلیسەکان بەئینگلیزی هاواری کرد کە بوەستن، فیشەکێکی ئاگادارکردنەوەی تەقاند لەهەوادا. گرمەکەی لەناو دارەکاندا دەنگی ئەدایەوە.

ئەگرا تەقەیان لێبکرێت؟ ئێمیلیە بیری کردەوە لەوکاتەدا کە بۆ جارێکی تریش رووناکی لایتەکان کەوتەوە سەریان. ئەگرا ژیانی لێرەدا بوەستێت، ئێستا، لەراکردن لەدەستی پۆلیس لەگران کەناریا؟ ئەو کە تەنها بۆ چەند رۆژێك لەمەوبەر لەکەنار رووبارەکەدا پاڵکەوتبوو. گوێی لەئایپۆد-ەکەی گرتبوو. بیری لەهاورێکانی

نیشتیمانی کردبووەوە. ئێستا لەدەستی پۆلیس رایدەکردو فیشەك لەدوایەوە دەتەقێنرا.

ئاوڕیدایەوەو تـراوریو ئەوانی تری بینی بەرێگەیەکی دیکەدا رایاندەکرد، پۆلیس بـەدوای ئەوانیشەوە بوو. ساموێلو ئێمیلیە خشانە خـوارەوەی لێژاییەکی لمین، هەستانەوەو بـەردەوام بوون لەخۆقوتارکردن. بـەلای چیمەنێکدا تێپەڕین، گەیشتنە لای بەربەستێك بەدرێژایی جادەیەکی سەرەکی. گەڵابەیەك گیڤەی کرد بەلایاندا، دەشتو دەرەگەی رووناك کردەوە لەکاتی تێپەڕبوونیدا. دووبـارە تاریك بـووەوە. ئێمیلیە خـێرا ئاوڕێکی دایـەوە. دەبوو پۆلیسەکان دابەش بووبێتن، لەبەرئەوەی ئێستا تەنها یەکێکیان دوای ئەمو ساموێل کەوتبوو. بەجادەکەدا پەڕینەوەو بەگژووگیایەکدا رایانـکرد. بەسەر بەرژینێکدا بازیانـدا، بەشوێنی پارککردنی ئۆتۆمبیلدا بەردەوام بوون. پۆلیسەکە خەریك بوو پیان دەگەیشتەوە. ساموێل هەناسەی توند بووبوو، ئێمیلیە دەبوو رایبکێشێت.

- خێرا!

ئێمیلیە هاواری کرد.

– خێراکە!

گەیشتن بـەیـەکـەم خـانـووەکـانـی شـارەکـە. بـەلای قـاوەخـانـەو چێشتخانەکاندا تێپەڕین.

بەلای دوکانە کراوەکانی شەوانەدا رایانکرد.

بەلای ژنو مێردددا رایاندەکرد بەمناڵی نوستووی ناو عەرەبانەوە، بەلای خانەنشین کراو و گەنجی جوانو رازاوەدا. ئێمیلیە ئاوڕیدایەوە تا بزانێت پۆلیسەکە چەندێك لێیانەوە نزیك بوو، بەڵام لەبری ئەوە لەپڕ چاوی کەوتە سەر خێزانەکەی، کە بەشەقامەکەدا پیاسەیان دەکرد.

- ئێمیلیە؟

دایکی بەدوایدا هاواری کرد، لەکاتێکدا بەدوایدا دەهات.

– ئێمیلیە؟!!

بەڵام ئێمیلیە نەوەستا. بەردەوام بوو لەڕاکردن. رێی خۆی دەکردەوە بەناو خەڵکەکەدا. لەپڕ دوو پۆلیس وەستانو ڕێگەکەیان لێگرتن. ئێمیلیە ساموێلی راکێشایە لاوە لەسەرشەقامەکەو گوژمیداو خۆی هەڵدا. لەهەوادا دەستی یەکتریان بەردا، بەقورسی کەوتنەوە سەر لمەکەو هەستانەوە تا بەردەوامبن لەڕاکردن، هەریەکەیان بەڕێگەیەکدا.

لێرەدا چیرۆکەکە گەڕایەوە ئەو شوێنەی دەستی پێکرد. گەڕایەوە بۆ ئەوشوێنەی کە دەکرا دەستپێكو کۆتایی بێت. ئێمیلیە کە بەکەنار ئاوەکەدا رادەکات. شەپۆلە گەورەکان، کە شەپۆلیان دەدا لەقولەپێی،

پۆلیسەکە کە نزیکترو نزیکتر دەبێتەوەو دەستی، کە بەرەو رووی ئێمیلیە رایکێشاوە.

بەڵام ئەمە نە دەستپێکە، نە کۆتایی. ئەمە ئەو چرکەساتەیە پێش ئەوەی بەئێمیلیە بگەنەوە. چرکەساتێك پێش ئەوەی پۆلیسەکە بگاتە فانیلەکەی‌و بەقورسی بیدات بەزەویدا. چرکەساتێك پێش ئەوەی بەهۆی زەبرەوە هەناسەی لەسیەکانیەوە بێتە دەرەوەو ئەژنۆیەك بخرێتە سەر پشتی‌و لم بچێتە دەمییەوە.

کەلەپچە ئاسنینەکان دەکرێنە دەوری مەچەکەکانی، بەرێکی لەپشتییەوە. سەری بەرز دەکاتەوە چاوی بەساموێل دەکەوێت کە بەدوو پۆلیس دەیدەن بەزەویدا، چەند هەنگاوێك لەپێشییەوە. دەبینێت کە ساموێل هیچ دژایەتیەك ناکات. وەك ئەوەی بهێڵێت بیدەن بەزەویداو قۆڵبەستی بکەن. دایکی جارێکی تریش هاواری ناوی دەکات. شەپۆلەکان دەیدات لەقاچەکانی.

ئێمیلیە چاوی دادەخات، پشوو بەسەری دەدات لەسەر ئەو لمە فێنکەو هەست بەو چێژە دەکات کە چەند خۆشە بتوانیت تەنها پاڵبکەوێت. خۆت بدەیت بەدەستەوە. پێش ئەوەی بەقۆڵ بەرزی بکەنەوە، هەستێکی ناچاوەڕوانکراو بەلەشیدا دەتەنێتەوە. هەستی بارئاسانی.

# ٢١

بەندکراو

بەیانی داهاتوو. ئێمیلیە لەسەر تەختەخەوێکی باریك خەبەری بۆوە لەبەندینخانە. ئەرزەکە لەچیمەنتۆ بوو، تەوالێتەکە تەنها کونێکی سەر ئەرزەکە بوو. دەرگایەکی کانزایی، بۆیەکراوی سوور بەبەندکراوی هێشتبوویەوە. خۆری بەیانی بریقەدار دەدرەوشایەوە لەپەنجەرەیەکی بەرزەوە لەدیوارەکەدا. ئەوکاتەی لەسەر تەختە خەوەکە هەستا، دەرگایەکی بچووك لەدەرگا کانزاییەکەدا پاڵنرایە لاوە. پۆلیسێك بەچاوی قاوەییو ئینگلیزییەکی خراپەوە پرسی کە باشە. ئێمیلیە سەری لەقاند.

- چاکە.

بەهاوڕێیانەوە وەڵامی دایەوە.

- دەبێت بەم زوانە گوێمان لەهەندێك وەڵامت بێت، بەڵام سەرەتا دەتوانی کەمێك بخۆیت.

دیسان سەری لەقاندەوە. پۆلیسەکە دەرگایەکی بچووکی لەخواری خوارەوە لای زەویەکە کردەوە، پاڵی بەسینیەکەوە نا لەخواردن و خواردنەوە. خواردنی دامەزراوەیەك. زۆری لەخۆی کرد تۆزێك بخوات، ئاوەکەی خواردەوە. دواتر پیاوەکە گەڕایەوە، دەرگاکەی کردەوەو دوای کەوت بۆ ژورێکی رووت، بەتەنها مێزێك و دوو کورسی و پەنجەرەی بۆیەکراوەوە بەیەکێك لەدیوارەکانەوە. داوای لێکرد بۆی بگێڕێتەوە چی روویداوە، لەسەرەتاوە تاکۆتایی. بەشێوەیەکی رەق و ناشرین نا، بەڵکو زیاتر هاوڕێیانە. ئێمیلیە هەناسەیەکی قوڵی هەڵمژی، پاشان هەموشتێکی گێڕایەوە. دەربارەی نەرمە راگردنەکە. بەلەمەکە. ساموێل و خانووە بەجێهێڵراوەکە. قورساییەکانی خۆدزینەوە لەخێزانەکەی. کێشەکانی دەستکەوتنی خواردن. ترسی ئەوەی پەنابەرەکان بنێردرێنەوە نیشتیمان.

پۆلیسەکە هەمووی تێبینی کرد لەسەر دەفتەرێك. لەو نێوەندا ئێمیلیەی دەوەستاندو پرسیاری لێدەکرد. داوای لێدەکرد وردتر روونکردنەوە بدات. لێی پرسی گەر ناو و وڵاتی راستەقینەی هیچ کام لەپەنابەرەکان دەزانێت. ئێمیلیە بیری ئەوەی کەوتەوە کە ساموێل وتبووی کاتێك لەسەر گردەکە خۆیان شاردبۆوە، سەری راوەشاند.

- تەنها ناوی یەکێکیان دەزانم. کۆفی.

پۆلیسەکە سەری لەقاندو قەڵەمەکەی خستە لاوەو بەزەردەخەنەیەکەوە وتی.

- کۆفی، ها؟ کتومت. کچێکی بەهێززیت ئێمیلیە. ئێستا بەدڵنیاییەوە دەپرسی کە چیت بەسەردێت؟

- بەڵێ.

- دایكو باوکت لەدەرەوە دانیشتوون. براکەشت... ناوی چی بوو؟

ئێمیلیە وەڵامی دایەوە.

- سبەستیان.

ناوی براکەی خەریك بوو دەیخستە پێکەنین. سبەستیان. وەك ئەوە بوو ئەو ناوە هی ژیانێکی دیکە بێت، بیریکردەوە. دونیایەکی دیکە.

- سبەستیان دانیشتووەو یاری بەنیتەندۆ دەکات، یان هەرچییەکی ناوە. پێموایە ئەبێت بڕۆی بۆ لایان.

- مەبەستت ئەوەیە کە ئەتوانم ڕاستەوخۆ بڕۆم؟

- بەڵێ. تۆ زۆر لەوە گەنجتری لێرە دابنیشی. سەرەڕای ئەوەش، بەنیازێکی باشەوە هەڵسەکەوتت کردووە.

- بەڵام ئەی ئەوچی کە لەگەڵیدا دەستگیر کرام؟

ئێمیلیە پرسی. هەرئەوەبوو ناوەکەیی نەوت، ساموێل.

– لەکوێیە؟ ئەی ئەوانی تر؟

پۆلیسەکە بۆی باس کرد کە کۆچکەرە بەلەمیەکان لەلایەن دەسەڵاتەوە دەستگیر کراونو گراونەتە دەستگایەکەوە بۆ پەنابەرانی نایاسایی. لەوێ ئیش لەسەر کێشەکەیان دەکرێت. بەهەمانشێوەی ئەو کوڕە گەنجەش کە ئێمیلیە لەگەڵیدا دەستگیر بووبوو.

- پێتوایە مافی مانەوەی پێدەدرێت؟

پۆلیسەکە هەستایە سەرپێ. کورسییەکە لەدوایەوە خشا بەزەویەکەدا.

- نازانم.

وەڵامی دایەوەو بەرەوە دەرگاکە رۆیشت.

– نازانم. ئامادەیت؟

ئێمیلیە سەری لەقاندو لەسەر کورسیەکە هەستا. ئامادەبوو.

# ٢٢

## ئێمیلیە، ساموێل و گران کەناریا

ساموێل درابوو بەزەویدا لەسەر کەنار دەریاکە. کەلەپچەی کرابووە دەست و گواسترابۆوە بۆ بنکەی پۆلیس. دوای شەوێک لەکونجی بەندینخانە، گوێبیستی دەبن. ئەمیش ناوی ساختە دەداتە دەسەڵاتداران، بەهیوای ئەوەی نەتوانن بیدۆزنەوە کە ئەم کێیە، تاوەکو چل ڕۆژ تێدەپەڕێت. چل ڕۆژ هەموو ئەوە بوو کە پێویستی بوو. ناوی تۆمارکرا، پەنجەمۆری پشکنرا لەتۆڕی نێونەتەوەییدا، بەبێئەوەی هیچ لێکچوویەکی دیکەی هەبێت. ساموێل تەنها پەنابەرێکی بێناوی دیکە بوو. تەنها ژمارەیەکی تر لەناو ئاماری دەسەڵاتداراندا. دواتر گوێزرایەوە بۆ کەمپی پەنابەران لەگران کەناریا. بینایەکی گەورەی خشت کە بەتەلی دڕکاوی بەرز دەورەدرابوو، دوور لەشەڕەئاوەکان و هوتێلەکان. کۆمەڵێک خێمە هەڵدرابوو لەحەوشەکەدا. لێرە ساموێل لەلایەن پزیشکەوە

پشکنرا، ڤاکسینی وەرگرت، دواتریش خواردن و خواردنەوەی پێدرا لەهۆڵێکی گەورەی خواردنداو کەوتە قسەکردن لەگەڵ هەندێك لەپەنابەرەکانی دیکەدا. هەموویان هاوبەشی هەمان چارەنووسیان دەکرد، زۆرێك لەهەمان شتەکانیان ئەزموون کردبوو، چەند هەزار دۆلاریکیان دابووە قاچاخچییەکان تا بگەنە ئێرە. زەریایان بڕی بوو بە بەلەمی تەسك. ترسابوون لەوەی هەرگیز نەگەنەجێ، یاخود بەلەمەکە نوقم ببێت. تارادەیەك هەموویان کەسێکیان بینیبوو لەڕێگە گیان لەدەستبدات. ئێستا لەوێ بوون. تەنها هەندێك مۆڕو پەرژینی ئەلیکترۆنی دوور لەو ژیانەی کە هەموویان هەموو شتێکیان لەپێناو خستبووە مەترسییەوە کە هەیانبوو. ژیانێك لەڕۆژئاوا.

پیاوانی گەنج دانیشتبوون لەتەنیشت یەکترییەوە لەسەر کورسییەکان و ناو خێمەکان و لەسەر ئەرزەکە لەدەرەوە، چاوەڕێیان دەکرد. چیرۆکیان بۆ یەکتر دەگێڕایەوە، یان بێدەنگ دادەنیشتن و تەماشای ئاسمانیان دەکرد. بەلای شوێنی یاریەکان، جۆلانەکان و پەرژینەکەدا دەیانڕوانی. چەند لاوێك یاری تۆپی پێیان دەکرد. دیەنباو ئوسمانەش لەوێ بوون. پێش ئەوەی سامویێل شەوی پێشتر بگات، ئەمان لەوێ بوون. سکی ئوسمانە باشتر بووبوو دوای ئەوەی چارەسەری پزیشکی وەرگرتبوو. هێزی بەبەردا هاتبۆوە. حەزی یاریکردنی بۆ گەڕابۆوە. سامویێل یارمەتی دەدا لەسەرکەوتن و هاتنەخوارەوەی خلیسکێنەو جۆلانەکاندا. هەوڵیدەدا کات بەڕێ بکات.

لەناکاودا ئەوی بینی. کچێکی سپی پێست لەنێو هەموو ئەو لاشە ڕەشانەدا، ئێمیلیە. قژی بەرز کردبووەوە، ماکیاجی کردبوو و عەزییەکی ڕەنگ کاڵی هاوینەی لەبەردا بوو کە دەگەیشتە کەمێك سەروو ئەژنۆکانی. شەحاتەیەکی نوێی پاژنەبەرزی لەپێ کردبوو کە قەیتانەکانی تا قولەپێی هاتبوو. بۆ یەکەمجار ئێمیلیەی بینی بەماکیاجی تەواوەتییەوە، بەجلی ترەوە جگە لەستریێجی ڕاکردن‌و تیشێرت. بەوەستاوی مابووەوە، بەبێئەوەی بتوانێت شتێك بڵێت یان دەست بەرزبکاتەوە کاتێك ئێمیلیە دەهات بەرەوڕووی‌و هەردوو دەستی ئاوەڵا کردو باوەشی پیاکرد.

- ئێمیلیە.

ئێمیلیە نەیدەزانی چی وەڵام بداتەوە. نەیدەوێرا ناوی بڵێ، لەترسی ئەوەی یەکێك لەپاسەوانەکان گوێیان لەناوە ڕاستییەکەی بێت، دەربکەوێت کە لەڕاستیدا کێیەو بینێرنەوە. خەڵك دەورەی دابوون‌و چاویان تێبڕیبوون، بۆیە سامویێل دەستی گرت‌و وتی ئەتوانن بچنە شوێنێك کە خەڵکی کەمتری لێیە. ڕۆیشتنە لای تاشە بەردێکی گەورە لەپشتەوەی کەمپەکە. پەرژینێکی چوارمەتریی تەلی دڕکاوی، کە گەیشتبووە ئاسمان لەشێوەی چوارگۆشەی بچووك. گەر تەماشای چواردەوریان بکردایە، دەریایان دەبینی لەهەموو لایەکەوە. ڕووبەڕووی یەکتر وەستابوون. پاسەوانەکە وتی کە پێنج خولەکیتر دەگەڕێتەوە، پاشان لای کردەوەو لەسەر سوچەکەدا دیارنەما. ئینجا لەکۆتاییدا بەتەنها بوون. سامویێل دەستی گرت‌و بەنەرمی پەنجەی

هێنا بەقەراخی برینەکەدا.

- بەرەو چاکبوون دەڕوات؟

ئەمەی پرسیو زەردەخەنەیەکی کرد. ئێمیلیە سەری لەقاند. زۆر دڵخۆشکەربوو بۆ جارێکی تر لەگەڵ ئێمیلیە بێت. دەستی بگرێتەوە. لەناکاو ئەو بیرکردنەوەیە لێیدا کە لەڕاستیدا چەندێك لەیەك دووربوون. ئەم چرکەساتە چەند کورت دەبێت.

- خۆزگە دەخوازم هەموو شتێك جیاواز بوایە.

سامویێل بەردەوام بوو و ئاماژەی بۆ پەرژینە دڕکاوییەکەو کەمپە پەناهەندەییەکەی دەوریان کرد.

– خۆزگە پێویست نەبوایە لەسەرم... کە ئێمە...

- ئەزانم.

ئێمیلیە وەڵامی دایەوەو سەری بردە پێشەوە لێی. سامویێل باوەشی بۆ کردەوە. لەکۆتاییدا لەئامێزی گرت.

- چیت بەسەردێت ئێستا؟

ئێمیلیە پرسی، روومەتی بە پەناگوێیەوە بوو.

سەری دوورخستەوە تا بەباشی ئێمیلیە ببینێت، بەڵام هێشتا لەئامێزی گرتبوو.

- نازانم. یان مافی مانەوە وەرئەگرم، یان دەمگەڕێننەوە. بەوشێوەیە دەبێت کەدەبێت ڕوودات.

ئێمیلیە تەماشای ئەرزەکەی کرد بۆ چرکەیەك پێش ئەوەی دووبارە چاوی بچێتەوە سەر چاوی.

- ئەمە نایەکسانییە.

- نازانم. پێشتر بوایە یان دواتر هەر دەگیرام. ژیان بەنایاسایی لێرە... بەهیچ جۆرێك ژیانێکی پڕاوپڕ نییە.

ئێمیلیە سەری بۆ لەقاند، هێشتا دەستی لەدەوری کەمەری ساموێلدا بوو. وەك ئـەوەی خۆشەویستی یەکتربن. کەمێك لەپەرچەمە زەردەکـەی کەوتە خوارەوە بەدەموچاویدا. سامۆێل بەوریاییەوە کردنیە پشت گوێیەوە. تاڵەقژی تەنكونەرم. جیاواز لەهەموو قژێك پێشتر دەستی بەرکەوتبێت. لێوەکانی دەدرەوشایـەوە، ئـارەزووی هەبوو بچەمێتەوەو ماچیان بکات.

- ئەی تۆ، ئێمیلیە؟

لەبری ئەوە سامۆێل پرسی.

- سبەینێ گەشت دەکەین.

بەدەنگێکی نزم وەڵامی دایەوە.

— سبەینێ زوو.

سامویل دووبارە لەئامێزی کردەوە. هەستی بەهەناسەی دەکرد لەلای ملیدا، گوێی لەنەرمە شەپۆلەکانی دەرەوە بوو. لەچەند چرکەیەکدا هیچ شتێکی دیکە نەبوو. تەنها ئەو دووانەو دەشتودەری دەورووبەر. ئێمیلیە، سامویلو گران کەناریا. سەری دوورخستەوەو تەماشای ئێمیلیەی کرد. نەیدەتوانی زەردەخەنە نەکات. ئێمیلیە وا دیاربوو کە بەتەمابێت بپرسێت بۆچی، بەڵام لەلایەن پاسەوانەکەوە پێی بڕدرا کە دیسان گەڕایەوە.

- سەردانەکە کۆتایی پێهات!

بەڕەقی هاواریکرد.

ئێمیلیە ئاوڕی بۆ سامویل دایەوە. پاشان ماچی لێوەکانی کرد. ماچێکی کورتو تەڕ. سامویل هەستی بەتەزوویەك کرد بەلەشیدا، حەزی کرد ماچی بکاتەوە، بەڵام ئەو سەری دانەواندو کاغەزێکی لەجانتاکەیدا دەرهێنا. نامەیەکی نوشتاوە.

- نامەم بۆ بنوسە.

ئێمیلیە چرپاندی. سامویل تەماشای کاغەزەکەی کردو سەری لەقاند.

لەهەمان ساتدا پاسەوانەکە هاتبووە لایانو بەدڵنیاییەکەوە قۆڵی ئێمیلیەی گرت.

- وەرە!


پاسەوانەکە فەرمانی پێکرد.

پاشان ئێمیلیە بەرەو دەرگای دەرەوە رۆیشت لەکاتێکدا پاسەوانەکە بەدوایەوە بوو. ساموێل لەدوایانەوە دەرۆشت، لەلای دەروازەکەوە وەستاو دەستی راوەشاند. بەدرێژایی رێگەکە دەستی راوەشاند، لەکاتێکدا ئێمیلیە لەناو ئۆتۆمبیلی پۆلیسەکەدا دانیشت، کە بەرەو خوارەوە لێیانخوڕیو لەسەر سوچەکە دیارنەما. پاشان هەناسەیەکی هەڵژیو ئاوڕیدایەوە. ئوسمانە بەپێ هات بۆ لای، لەدایبیو شەحاتەدا. ساموێل جارێکیتر تەماشای کاغەزی ناونیشانەکەی کردەوە، پاشان لەگیرفانیدا شاردیەوەو کوڕە بچووکەکەی هەڵگرت. ئوسمانە دەستی بۆ پۆلێك باڵندە راکێشا کە بەسەر بیناکەوە نیشتبوونەوە. ئالاّ ئیسپانیەکە دەشەکایەوە لەهەوادا، سور و زەرد، وایلێکرد بیری دیوارە رەنگکراوەکەی سێنەگالی بکەوێتەوە. بەلەمەکەی خەڵکەکانی لەناودا بوو. وشە بەسوور بۆیەکراوەکان.


بەرزەخ.

ئێستا لێرە بوو.

ئێستا تەنها ئەوە بوو چاوەڕێ بکات.




هەتا لەژیاندابم، بەردەوام هەوڵدەدەمەوە




لەبەر خاتری خێزانەکەم، نەك خۆم. من گرنگ نیم

## سەرژمێری

بەپێی ئامارە نەتەوەیی‌و نێونەتەوەییەکان، نزیکە ٠٠٠ ٥٠ نەرویجی لەنێوان ١٥-٤٥ ساڵدا کێشەی نارێکی خۆراکیان هەیە.

نزیکەی ٧٠٠ ٢ ئەنۆرێکسیا (نەبوونی ئارەزوی خواردن) ، ٠٠٠ ١٨ بولیمیا (زۆر زۆر خواردن لەماوەیەکی کورتداو پاشان هەوڵدان بۆ هێنانەوەی خواردنەوە، بەشێوەیەکی باو بەرشانەوە)،و ٠٠٠ ٢٨ کێشەی زۆر خواردنانی هەیە. ڕێژەکە بەشێوەیەکی جێگیرە لەم ٢٥ ساڵەی کۆتادا.

سەرچاوە: Rosenvinge, J.H., Götestam K. 2002

★

لەمانگی یەکەوە تامانگی یانزەی ٢٠٠٦، ٢٨١٦٧ کۆچکەر بەبەلەم گەیشتونەتە گران کەناریا. مانگی هەشت‌و نۆی ٢٠٠٦ ڕێژەکە لەلوتکەدا بووە، سەرانسەر ٢٣٧ ٢١ کەس کۆچی کردووە تەنها لەو دوو مانگەدا. بەپێی خاچی سوور، ساڵانە بەلایەنی کەمەوە ٣٠٠٠ کۆچکەری بەلەمیی گیانیان لەدەست دەدەن، کە بەرەو ئەوروپا گەشت دەکەن. زۆربەیان هەرگیز نادۆزرێنەوە.

# لەزنجیرە بڵاوکراوەکانی

# یەکێتی ژنانی کوردستان

| | |
|---|---|
| -خەرمانی یەکەمین فیستیڤاڵ | |
| ٢-ژن لەدنیای کاریکاتێردا | |
| ٣-ئەنفالی سێ‌و کاریگەرییە.... | ن/ هێمن باقر — بەرهەم عومەر |
| ٤-روخساری ژن لەجیهاندا — ئوستورالیا | و/ شەیدا سەلاح |
| ٥-ژن لەسەردەمی دیموکراسیدا | و/ سۆزان جەمال |
| ٦- روخساری ژن لەجیهاندا — تایلەند | و/ شەیدا سەلاح |
| ٧-حەرەم سەرا | و/ لەیلا عەلی |
| ٨- عەشق‌و خۆشەویستی لەنێوان وەهم‌و خەیاڵدا | ن/ سەروەر کەریم |
| ٩- جەلاد ستەم دەکات قوربانی لۆمەدەکرێت | و/ شۆرش محەمەد حسێن |
| ١٠- پێگەی ژن لەکۆمەڵگەی کوردیدا | ئا/ کنێر عەبدوڵلا |
| ١١- گوناهەکانی ژن بوون‌و ستەمەکانی جەستە | ئا/ لەیلا عەلی |
| ١٢- ژن لەبازنەیەکی داخراودا | ن/ کنێر عەبدوڵلا |
| ١٣- روخساری ژن لەجیهاندا — ژاپۆن | و/ شەیدا سەلاح |
| ١٤- بێ یاری هیچ گەشەکردنێک نابێت | و/ سەمەد مەلا ئەحمەد |
| ١٥- فەرهەنگی ژن لەنێوان کۆیلەبوون‌و شیعردا | ن/ شیرین تاهیر |
| ١٦- تابەیانی | ن/ لەیلا سیمایی |
| ١٧- ژنانی شاخ | ئا/ روخۆش عەلی |
| ١٨- کارابوونی ژنان لەبواری کاری بەرهەمهێنەردا | و/ کامیل محەمەد قەرەداغی |
| ١٩- ئازارەکانی من | ئا/ ئاواز عەبدوڵلا- سۆران مەهاباد حەمەڕەزا |
| ٢٠- کاریگەریی ژینگەکانی کارکردن | ئا/ کاروان نورەیی — باخچە جەبار |
| ٢١- گوناهە سپییەکانی باران | ن/ ئاورین فەرەیدون |
| ٢٢- ژن‌و سۆسیالیزم | و/ ماردین جەلال |
| ٢٣- قاقڕ | و/ عەلی بیروەندی |
| ٢٤- سوعاد | و/ نوری کەریم |
| ٢٥- گوڵێک لەبیابانی ئەفریقا | و/ نوری کەریم |
| ٢٦- بەبێ کچەکەم هەرگیزنا | و/ نوری کەریم |
| ٢٧- ئایدز | ئا/ د. عەبدولفەتاح حەمەڕەحیم |
| ٢٨- کوشتنی ژنان لەئاماری میدیاکانەوە | ن/ کنێر عەبدوڵلا |
| ٢٩- پاڵنەرەکانی خۆسووتاندنی ژنان | ئا/ ئاواز عەبدوڵلا |
| ٣٠- شیرپێدانی سروشتی | ئا/ د. عەبدولفەتاح حەمەڕەحیم |
| ٣١- رەوتەکانی فیمینیزم | و/ کارزان محەمەد |
| ٣٢- توندوتیژیی دژی ژنان لەیۆنانی کۆنەوە | سەروەر کەریم — شادیە حەسەن |
| ٣٣- بەشداریکردنی سیاسی ژنان | و/ کنێر عەبدوڵلا |

| | |
|---|---|
| ٣٤- پایزێک بەپاڵتۆی کانوونێکەوە | ن/ رۆژ هەڵەبجەیی |
| ٣٥- سنووردانان بۆ منداڵبوون | ئا/ د. عەبدولفەتاح حەمەڕەحیم |
| ٣٦- یەڵدا | و/ ئارام سۆفی |
| ٣٧- ژنو پیاوو ئاکاری سێکسی | و/ دڵشاد خۆشناو |
| ٣٨- بەخەونی گوڵێک ئەم هەورە ... | ن/ شیرین تاهیر |
| ٣٩-کاریگەریی توندوتیژیی ... | چۆمان ئەحمەد، بژار شەهابەدین، گوڵشەن ئیبراهیم |
| ٤٠- کەس نییە نامە بۆ کۆڵۆنێل بنێرێت | و/ کامیل محەمەد قەرەداغی |
| ٤١- پێمدەڵێن | ن/ کنێر عەبدوڵڵا |
| ٤٢- غروورەکانی کچێک | ن/ سەبا ئەحمەد |
| ٤٣- ژنو کێشەکانی | ن/ ئەکرەم قەرەداغی |
| ٤٤- توندوتیژیی بنەماڵەیی | ن/ چنوور فەتحی |
| ٤٥- ساقی | و/شەهلا حەمەڕەشید |
| ٤٦- فەرهەنگی زاراوە وەرزشییەکان | د. عاسی فاتح وەیس |
| ٤٧- بەردی سەبووری | و/ ئارام سۆفی |
| ٤٨- مامەڵەی خێزانو هەرزەکاری | ئا/لەیلا عەبدوڵڵا-چۆمان ئەحمەد |
| ٤٩-ژنان لەبزاوتندا | و/ یادگار حەمەغەریب |
| ٥٠- لەپەیوەندییەوە بۆ خۆشەویستی | رێبوار سیوەیلی |
| ٥١- کۆلارەباز | و/ ئارام سۆفی |
| ٥٢-هاوسەرایەتیو ئەخلاق | و/ دڵشاد خۆشناو —ئاسۆ ئیسلامپەنا |
| ٥٣-خۆشەویستی لەسەردەمی نەوتدا | و/ جیڤارا کەمال |
| ٥٤-ژنانی شێوەکار لەباشووری کوردستان | ئا/ بەختیار سەعید |
| ٥٥-توندویژی خێزانی | ئا/ حەسیبە عبدالله کریم- نوخشە فتاح نوری |
| ٥٦- سورمێ | مەدیحە سۆفی |
| ٥٧- ونبوون | عەبدولواحید ساڵح |
| ٥٨- ئازادی ژنان | و/ ناسر حەقپەرست |
| ٥٩- ئۆتیزم | و/ ئەحمەد عەلی- میدیا عومەر |
| ٦٠- کافکا لەکەنار دەریا | و/ ئارام رەشید |
| ٦١- داهێنان و یاخیبوون و ژن | و/ دڵنیا عەبدوڵڵا |
| ٦٢- هەڵوێست هەموو شتێکە | و/ دیار بەکر |
| ٦٣- بەرزەخ | و/ سروشت عەبدوڵڵا |